# نامەیەك

# بۆ باوكم

فرانتس كافكا

و. جەلیل عەباسی

چاپی یەكەم

سلێمانی

٢٠٠٥

## ناسنامەی کتێب:...

ناوی کتێب: نامەیەك بۆ باوکم

نووسەر: فرانتس کافکا

و.بۆ فارسی: مەنووچەری فکری ئێرشاد

و.بۆ کوردی: جەلیل عەباسی (ج.قەقنەس)

پیت چنین و کاری بەگ: ئەدهەم عەباسی

چاپخانە : چاپەمەنی چوارچرا

چاپی یەکەم:سلێمانی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن ( ٨٣٤ ) سالی (٢٠٠٤ ) وەزارەتی رۆشنبیر

پێدراوە



( مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ)

## ئەم بەرهەمەم پێشکەشە بە:

* ـ ئەدهەم ـ ی کوڕم

که ئازاری زۆری له دۆزەخی باوکێتیی مندا کێشاوه.

* ئەو باوکانەی کە دۆستی منداڵەکانیانن.

* ئەو منداڵانەی کە بێزارن لەیاسای دزێوی باوکسالاری.

( وەرگێڕ )

ـ١ـ

# لە جێی پێشەکی

## سکاڵایەك لەگەڵ ـ ئەدەم ـ دا:

* * *

جگەر گۆشەکەم، کوڕی شیرینم، بەنی دڵەکەم، هیوام، ئەدهەم گیان، شەوێکی نووتەك و ئەنگوستەچاوە، من، تەنیای تەنیا، لە گەڵ یادەوەریی تۆی ئازیز و ئێوەی خۆشەویستا،

(مەبەستم - کانی - و- بەفراو- ە هەرە خۆشەویستەکەمن) یادەوەرییەك کە هەر ئان و کزەیەك لە دڵی پڕ لە کوڵم هەڵدەستێنێ و موچڕکەیەك بە لەشی زار و نزاری گیان و هەست و بیر و هۆش و ویژدانی سڕ بوومدا دەهێنێ، لە - دونیا- یەکدا دەژیم کە ناوی ئۆتێلە!، لە وێرانەیەکی سارد و سڕ و سەهۆڵ بەستوودا کە پێی دەڵێن ژووری ژمارە ٣٠٨ی نهۆمی سێیەم و بە ٤٨ پلیکانەدا سەر دەکەوێ، بە دیار گڵۆپێکی یەك لە هەزار

-٣- ئامپێریی بە قەرز گیراو، لە شاری - دوو خوا - و - هووری - و - ئەسکەندەر - و - داریۆش - دانیشتووم و کات، حەوت و چل و پێنجی ئێوارەی لای خۆمانە و لە سەرما هەڵدەلەرزم و جگەرەیەکم بە دەستەوەیە هەر مژە و لێی دەدەم بۆ ناخی سییە سیس بووەکانم. مژی یەکەم لە جێی نانی نیوەڕۆ، هی دووەم لە جێی نانی ئێوارە و سێیەم لە جێی چایەکی داخی پاش نان خواردن و ئەوانی تریش توند توند لە داخداریی ئەم دوورییە دەسکردە و ئەم تەنیاییە هەرە ترسناکەدا. ئەوەندە نییە نالەی تاڵی قیڕ و هۆڕی بڵندگۆ هەزار بە هەزارەکانی هەر

چوار دەورم کۆتایی هاتووە و مێشکی ماندووم سەر سامییەکەی لێ نەماوە.( ئەو بلندگۆ هەزار بە هەزار و فرە ڕێسانەی کە شاریان خنکاندووە و سەردەمانێکە نیشتوونەتە جێ وێرانەی هەستی جوامێری و ئازادی و ویژدانی ون بوو، یاخود لێ سەنراوی دانیشتووەکانی ). ئەم لام ـ قەلا ـ یە کە هەر تەنیا بۆنی گەنیوی خوێنی مەییوی هێرش بەرە دڕندەکانی ئەسکەندەر و سەربازە جەنگاوەرەکانی داریۆشی لێ ماوە و دەماخی خەڵکی شاری کاس کردووە، ئەو لایشم، ئاخ... ئەولایشم ـ منارە ـ یە کە هەنووکەش سواقی مێشکی پڕاوی ئەو زەردەشتانەی پێوە دیارە کە بوونە خۆراکی ـ ماڵە ـ ی شمشێرە تیژ و دوو دەمەکانی سوپای بێ پێڵاو و کەللە بەتاڵی عەرەب بە فەرمانی یارانی محمد و سەرکردایەتیی (سەلاحەدین)ەکان!.

کوڕم، ئەم نامەیەت لە ئاوەها حاڵێکدا بۆ دەنووسم و ناشزانم کەی دەگاتە کۆتایی (هەر ئەوەندە دەزانم دەروونی ماندووم هەزاران گرێ و گۆڵی تێدا کەڵەکە بوون و هەوی زامەکەش ئێستا سەرەتای سەر کردنیەتی) و ناشزانم ئایا هەرگیز دەتگاتێ و دەیخوێنیتەوە یان وەکوو هەزاران ئاواتی خنکاوم، ئەمیش گوم و گۆڕ و تووناوتوون دەبێ!. کوڕی شیرینم ،ئەدهەم، چوار مانگی ڕەبەقی ڕەش و بێ کۆتاییە لێتان دوور خراومەتەوە و لێک بزر کراوین. با ١٣٧٨ هەزار

جار خەرمانانی خەرمان دزی وشکە سالی ١٣٧٨ خەجالەت بێت! ئەم دوورییە دەسکردە و ئەم کۆچە زۆرەملێیە بوو پیت و فەڕی خەرمانەکەی؟!.

چوار مانگە لێوی شەقار شەقاری حەز و تاسەم بە ماچێکی خودایی هیچکام لە ئێوە تەڕ نوبووە، چوار مانگە لانکەی دڵم هیچکام لە ئێوەی تێدا نین و هەر بە یادەوەریتانەوە دێت و دەچێ، چوار مانگە ئامێزم بۆتە دڕکستانێکی ژاراوی، لەوەتی تۆ و کانی و بەفراوی لێ بزر بوون، چوار مانگە بیر و هەستم خولیای لە ئامێز گرتن و گوشین و ماچێکی ژیان بەخشی ئێوە لە مێشکی داوە و شێت و هاری کرووە، چوار مانگە وەکوو بزرە شەپۆلێکی بێ سەر و شوێن لە دەریایەکی بەرینی مرۆڤەکانی دەور و بەرمدا ون و غەریبم و نە کەسم لاواندووە و نە کەسیش لاواندوومی، چوار مانگە لە ناو دەیان تازە دۆست و هاو نەوع و هاو زمان و هاو ڕەگەزما( نەك هاو بیر و هاو دڵ ) هەر تەنیام و هەر سیاچەمانەی تەنیایی دەچڕم و دوایین گەڵا زەردەکانی باخچەی سیس و ژاکاوی خەیاڵم لەم وەرزە خەزانەدا هەر بە یادی ئێوەوە لەرەیان دێت و بە شنەی ئەوینی لە بن نەهاتووی ئێوە هەر ئەشنێن: ئەوینی بەفراو بە درێژایی ٣٣ ساڵ و خۆشەویستیی تۆ پڕ بە ساتەکانی دە ساڵ و شەش مانگ و کانیش بە قەد چرکەکانی دوو ساڵ و پێنج مانگی تەواو.

من بیرم لە زۆر شت کردبۆوە و خۆم بۆ زۆر شت ئامادە و تەیار کردبوو لە ژیان لە پاڵی ئەو دێوەزمە ژیانەخرۆیەی لای خۆماندا کە ٢١ ساڵی ڕەبەقە بۆتە ئاڵی سەر دڵی ئەم وڵاتە زەیسانە!، لەوەتی داسەپیوە، من و هەزارانی وەك من ڕۆژی ڕووناکمان لێ بۆتە شەوی دەیجوور.

کوڕم، نەك هەر ئێستا و ئەم جارە، بەڵکوو ساڵیانێك بەر لەوەی ئێوەم هەبێت و بەر لەوەش هەر بووبێتمە دوو، باشترە بڵێم هێشتا حەوتووی زەیسانە دایك بە سەر نەچووبوو کە ئەم ئاڵە ڕەشە ٢١ شەوەی ئێستا بردمی و چاوی هەڵ گلۆفیم! هەر بۆیەش بە زۆر چەرمەسەری و ناتەبایی ڕاهاتبووم و بۆ زۆرتر لەوەش خۆم تەیار کردبوو، بەڵام قەد بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێکی وەکوو ڕۆژە ڕژدەکانی خەرمانانی بێ فەڕی وشکە ساڵی ١٣٧٨، ئەو ئاڵە شەو پەرستە دەیجوور نشینە کە ڕێبەندانی ١٣٥٧ی کردە ڕێگە بەندانی هەمیشەیی و لەو کاتەشەوە بە درێژایی ٢١ ساڵی شەوە زەنگ، هەر گلاندوومی و هەر نەگلام، هەر بەزاندوومی و هەر نەبەزیم، هەر شکاندوومی و هەر نەشکام و هەر لە خوێن گەوزاندوومی و هەر نەخنکام، هەر تاساندوومی و هەر نەتاسام و هەر پێشێلی کردووم و هەر نەپلیشامەوە،(هەموو ئەمانەش تەنیا بە بیانووی ڕەش ئەندێشانەی جیاوازیی بیر و هەست و زمان و ڕەگەز و ڕەنگ و جل و

ئاکار و هەناسە و خواستمان) ئاوا لە بنی داری بێ گەڵا بدات و لە سەر بڕواش، چاوچنۆکانە چاوی خێلیم لێ بۆق بکاتەوە و بمخاتە لاڕێی ئاوارەیی و ئێوە و هەموانیشم لێ بزر بکات، کەچی کردی و خۆ هەرچیشی نەکرد، ماڵی ئاوا! ئێستاش وا چوار مانگە بە لووتە شەقی جنانەی زۆرپییەتەکانی بوتی گەورە فڕێ دراومەتە کونجی تاریکی بەرزەخێك، نە ئاو نە ئاوەدانی، شەوەزەنگێکی نووتەکە بە بێ تروسکەیەك! هەرچەند بە سەر لێ شێواوی، بەڵام لەم ماوەی دوورییەدا زۆرم بیر کردۆتەوە، بە تایبەت لە ئێوە و بە تایبەتیش لە تۆ، تۆی بەنی جەرگ، تۆی گلێنەی چاو، تۆی هێزی دڵ و تینی گیان. لە ئامادەکاریی نەمامگەکەت، لە شەتڵ وەشاندن و سەوز کردنت، لە ئاودێری و پەرژین کردنت، لە نەزانیی منی باخەوان و...لە...لە...! و تێگەیشتم کە چەندە نابار و تاوانبارم! تاوانبار بەرانبەر بە تۆی خۆشەویستم، ئەمە، بە بێ ئەوەی بە خۆشم بزانم یان تاوانەکانم لە ڕووی مەیل و خواستمەوە بووبن... نا، بەڵکو تەنیا بە هۆی کەم ئەزموونی و نەزانیمەوە و با بڵێم لە ڕووی هەرزەییشمە وە! لێرەدا بە پێویستی دەزانم بڵێم، نامەوێ پاکانە بۆ خۆم وتاوانەکانم بکەم بەڵکوو تەنیا دەمەوێ دان بە هەڵە و خەتاکانما بنێم و خۆم سەرزەنشت بکەم. ناشمەوێ بە زیندوو کردنەوە و زەق کردنەوەیان ڕقی تۆ لە خۆم ڕەقتر بکەم و لە خۆمت بێزار بکەم

هەرچەند دڵنیام زۆر جار لێم بێزار و ماندوو بوویت و هەقیشت بووە. تەنانەت گەر ئێستاش و بۆ هەمیشەش لێم بێزار بی هەر هەقتە و ناشڵێم لێم مەگرە و بمبەخشە چوونکە خۆم بە شایانی ئەو بەخشینە مەزن و پاکەی تۆ نازانم بەڵام لە ناخی هەموو وجوودمدا خۆزگە دەخوازم کە لێم بێزار نەبی! ئێستاش کە لەم تەنیاییەدا و بەم کزی و لاوازییەوە ئەم سکاڵا نامەیە دەنووسم، دڵنیا بە هی ئەوە نییە کە ماوەیەکە لێت دوورم و لە لام خۆشەویستتر بوویت. سەیرێکی ناو دڵی پاك و بێ گەردی خۆشت بکە دەزانی و تێدەگەی کە هەر خۆشەویستم بوویت و دڵم هەر هەمیشە بۆ تۆ لێی داوە و دوایین ترپەیشی هەر بۆ تۆیە... وا نییە؟...

ئەم نووسینەم لە بەر ئەوەیە کە وەکوو باوکێکی شەرقی زۆرم بیر لە تاوانبارییەکانم بەرامبەر بە تۆ کردۆتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ لە دڵی خۆمدا زەقترم کردۆتەوە و لە سەر زەین و بیر و هەست و نەستم کەڵەکەی کردووە و دەمەوێت هەر تۆزقاڵێك باری گرانی سەر دڵی خۆمی پێ سووکتر بکەمەوە و خۆم و تۆیش و کانی و بەفراویش و دیکەی باوك و دایکەکانی لای خۆشمان تەجروبەی لێ وەر بگرین. ئای... بەفراو چ دایکێکی باش بوو بۆت و منیش چ باوکێکی خراپ! بڕوا بکە زۆر جار ئیرەییم پێ بردووە، بەو ڕۆح سووکی و فیدا کارییەی بەفراوی ئازیز، بەو میهرەبانییەی، بەو لە خۆبوردوویيەی، بەو...!. ئاخ... کە من

نەمتوانی یان نەمزانی ئاوەها بم! تۆ بڵێی هەر زاتێکی چەوت و چەتوونم بووبێت و شیاوی خاوەنداریێتیی ئەو هەموو تایبەتمەندییە مرۆڤانەیەی بەفراو نەبووبێتم؟!... چووزانم.

ئازیزەکەم، دەزانی بۆچی ( نامە بە باوك )ەکەی( فرانتس کافکا)م وەرگێڕا و بۆ پێکەشی تۆیشم کرد؟ چوونکە زۆر شتی فرانتس کافکا لە تۆ دەچوو و زۆر کردەوەی بێ نرخی - هیرمان کافکا - ی باوکیشی لە من، چوونکە دێڕ بە دێڕ لە خوێندنەوەیدا تۆم لە بەر چاو بوویت و ئەو لاوازی و بێ تاوانییە پەپوولە ئاسایەت و لە هەمان حاڵدا ئەو هەموو زەبر و زەنگە ناڕەسەنانەی خۆم لە سەر تۆی پەپوولەم دەهاتەوە بەر چاو! من هیچم نەدەزانی و نەزانی و بێ ئەزموونی کوێر و کەڕی کردبووم بەڵام ئەو کتێبە دای چڵەکاندم، ڕۆحی هەژاندم و هەست و ویژدانی ورووژاندم و تێگەیشتم چەندە دەر هەق بە تۆی جگەر گۆشەم نامەردیم کردووە! بۆیە هاتمە سەر ئەو ڕایەی کە وەری بگێڕم و پێشکەشی تۆیشی بکەم و دەستی خۆشم داخ کرد تا جارێکی دیکە بەرامبەر تۆ یان کانی و بەفراو تووشی هیچ تاوان و تەنانەت هەڵەیەکیش نەبم. بۆیەش لە پێشکەشییەکەیدا هەر تەنیا ئاماژەیەکم بە مەسەلەکە کردووە چوونکە دەمزانی جێی نابێتەوە و دەبێ هەرچیم لە دڵدایە بە جیا بۆتی بنووسمەوە، نەخوازەڵا لە بەر ئەوە نەبووە کە خۆم بە زل بزانم یان نەوێرم ڕاستییەکانی ژیانی

باوکێتیی خۆم دەربخەم و لە سەریان بدوێم، ئەم نووسینەش شایەدمە، چوونکە دەبینی ورد ورد لە سەریان دەڕۆم و بێ بەزەییانەش خۆم سەرکۆنە دەکەم و هەر ئەوەش بە شیاوی خۆم دەزانم. نازانم بۆ دەبێ لەم کۆمەڵگە ئینسانییەدا منداڵ لە باوك یان لە دایك بترسێت یان شەرمیان لێ بکات؟ بۆ چی و لە بەر چی و چ مانایەکی هەیە؟! ئەدهەم گیان، کەم باوك و دایکم دیتوون لە منداڵەکانیان تووڕە نەبن و بە سەریاندا نەگوڕێنن یان ناپیاوانە لێیان نەدەن و خۆیان واتەنی تەمێیان نەکەن!! کەم باوك و دایکیشم دیتوون دۆستی منداڵەکانیان بن و وەك هاوەڵ و هاوبیر و هاو دڵ لە گەڵیاندا بجووڵێنەوە و خۆشم لە هەر هەموویان خراپتر! ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند دیاردەیەك:... یەکەم، ئێمەی گەلانی خۆرەڵات بە گشتی و جیهانی سێیەم بە تایبەت، بگرە هەر لە سەرەتای بوونمانەوە ژێر چەپۆکە و ژێر دەست بووین، هەمیشە دەستێکی باڵاتر و بە هێزتر لە خۆمان بە سەرمانەوە بووە و هەردەم لێمان بەرز بۆتەوە و بە سەرماندا دراوە، هەموو شتێکمان لە ژێر دەسەڵات و بە پێی حەز و زەوقی ئەو دەستە باڵایە بووە و خۆمان هەر هیچ، هەر ئەمری پێکردووین و فەرمانی بە سەرا داوین و ئێمەش هەر ئەبێ سەرمان داخستبێت و فەرمانبەریمان کردبێت: (( بەڵێ گەورەم))، (( بە چاوان گەورەم))، ((ڕاست دەفەرموون گەورەم))، (( فەرمایشتی

خۆتانە گەورەم)) و...تاد! خۆ ئەگەر هاتبێت و بمان ویستبێ سەر کێشی بکەین، دژایەتییەك یان ناڕەزامەندییەك یان تەنانەت هەر پرسیارێکیش، ئەوە سەرکوت کراوین و خراوینەتە ژێر زەبر و زەنگ و پێلەقە و زنجیر کراوین و ئان و سات بیرۆکەکەمان هەر لە ناخدا خنکاوە و خراوینەتەوە پێستی خۆمان! دەسەلات ( ئەویش دەسەلاتێکی ناوازە و نامۆ و دژی خۆمان) هەمیشە بە سەرماندا زاڵ بووە و ناچاری کردووین گوێ قولاخ و گوێڕایەڵی ئەمرەکانی بین و چاو و گوێ بەستە ئەنجامیان بدەین و( سمعا وگاعتا)! چەشنێك لە سەدان نەوع کۆیلەتیی کوێر! هەر هەمان دەسەلاتی ناوازە ڕای هێناوین کە ئێمەی ژێر دەستە تاقمی زۆرین و یاساو ئاوەز و ئەو شتانە تێناگەین و دەبێ زۆر و هێز و دەسەلاتێکی ترسێنەر و داپلۆسێنەر بە سەرمانەوە بێت ( چوونکە، کوتەك لە بەهەشتەوە هاتووە)، دەنا هیچ کارێك ناکەین بەڵکوو یاخیش دەبین! ئەم دیاردەیەش بۆتە بەشێك لە داب و دەستوور و فەرهەنگ و تەنانەت ئەخلاق و ڕەوشتی ناوەوەمان و خوومان پێوە گرتووە، لە ناو کەسایەتیماندا جێی خۆی کردۆتەوە و سڕینەوەیشی گەلێ ئاستەمە.

دووەم، فەرهەنگ و داب و نەریت و شێوازی ڕاهێنانی عەرەب کە زۆرتر لە چواردە سەدەیە داهاتووە و چەندین سەدەیشە بە سەرمانەوەیە و کاری تێکردوین و هەر ئەویشە دیاردەی چەوتی (باوك

سالاری)ی لە ناوماندا بلاو كردۆتەوە. بە پێی یاسای ئەوان ( باوك) وەك ( پیاو) هەمووشتێكە لە مالدا هەر وەك چۆن لە ناو هەموو كۆمەلیشدا!. پیاو دەیان ماف و ئازادی و دەسەلاتی دراونەتێ و لە هەمان حالدا دەیان ماف و خواستی ئافرەت و مندال زەوت كراون و خراونەتە ژێر پێ و پشت گوێ! ئافرەت وەك (ژن) بە بێ ئەقل و كەم دل و جورئەت و ناتەوان و لانەواز و ناتەواو لە قەلەم دراوە و بەس بۆ ئەوەندە حیسابی لە سەر كراوە كە بە هەموو ماناوە لە خزمەتی پیاو ( مێرد )دا بێت. سەرپێچی نەكات و تەنانەت بێ ئیزنی ئەو ئاویش نەخواتەوە ئەگەر لە تینوێتیشدا قڕی كردووە و...زۆر شتی سەیر و سەمەرە و نایاسایی تری لەو چەشنە !. بۆ مندالیش هەر هەمان دەستوورە، مندال زیندەوەرێكی نەفام و لاواز و بێ ئاوەزە و دەبێ دەسەلاتێك هەبێ بۆ بار هێنان و پێگەیاندنی. ئەو دەسەلاتەش كە هەمان باوكە، سنوور و حدودێكی بۆ نییە و هیچ كەس و هیچ شتێك ناتوانێ ڕووبەڕووی خواست و مەیل و فەرمانەكانی بێتەوە و لە بەرامبەریدا بوەستێت ! باوك وەك

( ولی قهر )ی مندال ناسراوە و ئەوەش خراوەتە مێشكییەوە كە ( كوتەك لە بەهەشتەوە هاتووە) یان بە قەولی شاعیرێكی فارس: ((تا نەیخۆن بە داری تەڕ فەرمان نابەن مانگا و كەر)) ! یان (پیاویان پیاو

گوتووە)! یان ( باوك دەبێ هەیبەتی هەبێ)! یان ( پیاو دەبێ دڕكی هەبێ )! یان ( باوك - ولی نعمت - ی ماڵ و منداڵە )! یان ( منداڵ شووڵێكە و دەبێ هەر بە نەمامی بچەمێتەوە )! هەموو ئەو تورەهاتە و سەدانی تریش مێشكی باوك و دایكی ئێمەی پێ پڕ كراوەتەوە و دیارە ئەوانیش هەر بە پێی ئەو یاسایە لە گەڵ ماڵ و منداڵیاندا هەڵس و كەوتیان كردووە، لە لایەكی دیكەشەوە ژیانی سەردەمی منداڵیی هەر كەسێك وەك تایبەتمەندییەك لە ناخی نەستیدا دەمێنێتەوە و كاتێ گەورە بوو و پێگەیشت چ بیەوێت و چ نەیەوێت، تایبەتمەندیی ئەو سەردەمە لە كردار و جووڵانەوەیدا ڕەنگ دەداتەوە و بە تەعبیرێكی تر كەسێتیی مرۆڤ لە ناو خێزان و هەر لە منداڵیدا شكڵ دەگرێت و مرۆڤ بە منداڵی چۆن ژیاوە و چیی لە گەڵدا كراوە، كە گەورەش بوو هەر ئاوەها دەژی و ئاوەهایش لە گەڵ دەور و بەریدا دەجووڵێتەوە. ئێمەی باوكانی ئەمڕۆش دیاردەی دزێوی باوكسالاری و زۆرداری و تووڕەیی و تەمێ كاریمان بە میرات لە باو باپیرانی دوێنێمان پێگەیشتووە و هەر بە منداڵی لە گەڵی ژیاوین و ئێستاش لە كردەوەكانماندا ڕەنگ دەداتەوە و منیش یەكێكم لەو هەزاران باوكە چارە ڕەشەی كە میراتگری ئەو دابە هەرە ناحەزەن!. هێندە هەیە من هەوڵم دا خۆم لەو داوە پواوە ڕزگار بكەم و خودی خۆم وەك مرۆڤێك بدۆزمەوە، هەر ئەوەشە كە توانیومە ئەم دان پێدانانەم

بهێنمە سەر قاقەز و بۆ تۆ و بۆ هەزاران جگەر گۆشەی وەك تۆی باس بکەم تاوەکوو هیچ نا، هەندێ لە باوکەکانی تریش بە خۆیاندا بێنەوە و چیتر بەو شیدەت و حیدەتە نەگورێنن بە سەر منداڵە ناسکۆڵەکانیاندا و ئێوەی منداڵیش هەر لە ئێستاوە بگەن بە وەڵامی ئەو هەموو پرسیارەی کە لە ناختاندا سەر هەڵدەدات و سەر کوێر دەکرێتەوە و هەر واش پەی بەرن بە واقیعی بنەڕەتیی مەسەلەکە و ئیتر دەمێنێتەوە بۆ وەڵام دانەوە و چۆنیەتیی ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆتان لە گەڵیدا، ئیزنم بدە با لێرەشدا وەك هەموو کاتێك خەت و نیشانت بۆ نەکێشم و پێت نەڵێم چی بکەیت و چی نەکەیت، تۆش هانی خۆت بدە کە لەو بازنە هەرە بەر تەسکەدا دەر بچیت و ئەم میراتە شوومەی ڕەش ئەندێشان بۆ دوا ڕۆژ و سەردەمی باوکێتیت هەڵ نەگری.

عەزیزم، هەمیشە حەزم کردووە نەك باوك و فرزەند بەڵکوو دۆست و هاوڕێ و هاوەڵی یەکدی بین و خۆشت چاك لەوە ئاگاداری، بەڵام ئەگەر نەمتوانیوە، یان ئەگەر بە پێچەوانەی ئەو حەزە پیرۆزەم جووڵاومەتەوە، ئێستا لە تاریکستان و خەمستانی ئەم دوورییە زۆرە ملێیەدا داوای لێبوردنت لێدەکەم و هیوا دارم نەك وەك باوك و فرزەندی بەڵکوو وەك دۆستێکی بە تەمەن بچکۆلە بەڵام لە ڕاستیدا

مەزن و بە نرخ و پڕ بایەخ و بە ڕێز لە سووچ و تاوانەکانم خۆش بیت و ئەم دۆستە نەزان و نەشارەزا و تاوانبارەت ببەخشیت.

ئیتر ماچێکی حەسرەتاوی لە ئاوێنەی ئەوینی ژەنگ گرتووی ڕۆحی پەڕیوەمدا و...!!!

باوکت ـ هاوڕێت: جەلیل عەباسی

هەولێر زستانی ١٩٩٩

ـ ٢ ـ

# دەقی پێشەکیی وەرگێڕی فارسی:

فرانتس کافکا ئەم نامەگلەیی ئامێزەی لەتشرینی دووەمی١٩١٩ واتە لەتەمەنی ٣٦ساڵیدا، پێنج ساڵ پێش مردن نووسیوە. ئەم نامەیە،سەرەڕای سادەیی وساکاری لەزماندا،یەکێکەلەگرینگترین وپڕگریٚ وگۆڵترین بەرهەمەکانی کافکا کەتیایدا بەوپەڕی راستگۆییەوە گیروگرفت وچەرمەسەرییەکانی ژیانی خۆیدەگێڕێتەوە. کافکا نیازی وایە لەرێگەی ئەم نامەیەوە باری ئاڵۆزوتاریکی نێوان خۆی و باوکیبسرێتەوەو ((ماکس ڤیبەر)) واتەنی بۆیە رەنج وزەحمەتی ئەم نووسینەبەخۆی دەدات کەباوکی پێی بزانێت وبیخوێنێتەوە، کەچی نەبۆخۆی دەوێریٚ نامەکەی بداتەدەست و نە متمانەشی بەپۆستە هەیە، هەربۆیەدەستەوداوێنی دایکی دەبێت وپەنای پێدەبات،بەڵام دایکیشی بیانووی لێدهێنێتەوەوبەدەم ئامۆژگاری کردنەوە نامەکەی بۆدەنێرێتەوەوبەم چەشنە هەرگیزئەم نامەیە ناگاتە دەستی باوکی. کافکائەم نامەیەبەپێشەکییەك دەست پێدەکات کەهۆکارەکانی پێویست بوونی نووسینی نامەکەپیشان دەدات وپاشان بەوردیباسی ناکۆکی وناتەبایی نێوان باب وفرزەند دەکات وبەراستگۆییش ناخی

کەسایەتیی خۆی شیدەکاتەوەوخۆی دەناسێنێت،بەم شێوەیەئەم نامەدەبێتــەژیان نامەیــەکی کــورت کــەزۆرتر باســی وەزع وباروکاریگەرییەکانی دەورانی منداڵیی نووسەردەکات.

کافکا لەم نامەیەدا بەلێهاتوویيەکی سەرنج راکێشەوە قەڵایەکی بڵند لەشتە هەرەبچووکەکان سازدەکات ودواتریش هەرلەخۆوەبناغەکەی تێك دەداتەوەولەوەش گرینگترئەوەیەکەئەم قەڵایە ناڕووخێت وهەربەوبەرزییەی خۆی دەمێنێتەوە. بەواتایەکی تر، بێ بەزەییانە باوکی دەکێشێتە پای مێزی مەحکەمەیەکی ئێگجار رووخێنەرکەچی لەکۆتاییدا سەرەداوی مەحکەمەکەدەسپێرێتەدەستی ئەو، هەرخۆی دەبێتەزمانحاڵی باوکی و ڕوو لەخۆی دەکات ودەڵێ ((لەحاڵێکدا کەمن ئەڵێم هەرچی خەتاوتاوانە لە تۆوەیە، تۆ دەتەوێ بە زیرەکی تاوانەکان لە سەرمن بسڕیتەوە.......تۆ بەپێی ئەوچەند دێڕەی کە نووسیوتن، وات دەرخستووە کە گوایە هەمیشەمن هێرشم کردۆتە سەرت و هەموو جووڵانەوە وکردەوەکانی تۆ تەنیا دژکردەوەیەك بووە بە مەبەستی پاراستنی خۆت لە بەرامبەر هەڕەشەکانی مندا......لە راستیدا تۆ هاتوویتە سەر ئەو بڕوایەی کەلەژیانتدا هەرسەرباری من بیت......ئەوە ڕاستە کە ئێمە پێکەوە لە شەڕداین بەڵام دەبێ بزانی کە شەڕەکەمان لێك جیاوازە: شەڕێکی جوامێرانە لەبەرامبەر شەڕی جڕوجانەوەردا، واتە ئەوانەی کە نەك هەر چز دەوەشێنن، بەڵکوو

بەس لە پێناو زیندوومانەوەی خۆیاندا خوێنی ئەوەی ڕووبەڕوویان دەمژن و ئەوەش کاری سەربازێکی شەڕخوازی وەکوو تۆیە........تۆ لەژیانتدا هەرکوڕێکی تەمبەڵ وتەوەزەل بوویت کەچی بۆدابین کردنی ئاسوودەیی خۆت، بەدرۆ بانگۆی ئەوە دەکەیت کەگوایەمن هێزوبڕست وکارامەیی ولێهاتوویيم لێ زەوت کردوویت ولەگیرفانی خۆمدا شاردوومەتەوە.......))ئەم نامەیە، سەروسەرپێی ئەوباوك وفرزەندەمان ئاوەها بۆئاشکرادەکات.

شوێن پێی ئاوا سەروسرپێکیش لە زۆربەی چیرۆکەکانی کافکادا بەدی دەکرێت، بۆ وێنە لە((مەسخ)) و ((داوەری))دا. مەبەست و باسی سەرەکی نامەکە لە یەکەم دێڕەوە تا کۆتایی هەر یەك شتە و ناگۆڕدرێت: زیللەت و زبوونیی کوڕ لە ئاستی تواناو دەسەلاتی باوکدا، ئەو باوکەی کە لە سای وزە و ورەی بەرزەوە گەیشتۆتە لوتکەی ئاوات و سەرکەوتن و هەر بۆ ئەم سەرکەوتنانەشە کە خۆی بە نموونەی هەموو جیهان دەزانێت. فەرق و جیاوازی تایبەتمەندییەکانی باوك و کوڕ لە نامەکەدا بە جوانی پیشان دراوە: ((من لۆڤیم، تێکەڵ لەگەڵ سروشتی کافکایی کە بەهۆی هەلۆیستی مەزنی کافکایی بۆ ژیان و مانەوە و سەرکەوتن ناجوڵێت بەهۆی کار تێکردنی - لۆڤی- یەکەیە کە بەشێوەیەکی شاردراوەو هێورتر کاریگەر دەبێت و دەجولێت.بەلام تۆ لەباری هێز و تەندروستی و مەیل و دەنگی بەرزو

توانای قسە کردن و خۆ بەزل زانین و خۆڕاگری و بیر و هۆش و ناسینی خەڵك و ... ەوە کافکایەکی راستەقینەیت...)) هەر ئەوەش بەستە بۆ ئەوەی ئەم تایبەتمەندییانە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی بنەماڵەی دایك واتە(لوقی) کەلەبەشێکی تری نامەکەدا بەرچاودەکەون پێکەوە هەڵسەنگێنین ((هەست ناسکی،دادپەروەری،بێ ئارامی))ئەم جیاوازیی باوك وفرزەندە، کاتێك بەرچاوتر و زەقتر وخەماوی تر دەنوێنێت کەکافکا باسی زەبوونی و بێچارەیی خۆی دەکات لەبواری ژن هێناندا،لەلایەکەوە(باوك)ێك کە بۆخۆی هەمووشتە ولەلایەکی ریشەوە(کوڕ)ێك کە هەر بە هیچ ناژمێردرێت ((گەورەترین کۆسپ لەرێگای ژن هێنانی مندا ئەوبڕوا پتەوەیەکە بۆ پێکهێنانی ماڵ وخێزان، هەمووئەوشتانە پێویستن کەلە تۆدا دیومن واتە هەموو تایبەتمەندییەکانی تۆبەبێ کەم وزیاد، چاکە وخراپە، هەربەو شێوەیەی کە لە تۆدا تێك ئاڵاون...من لەوتایبەتمەندییانەی تۆ بێبەش بووم. ئەی ئیترچۆن دەمتوانی ژن بهێنم، لەحاڵێکدا دەمدیت تەنانەت تۆش لەژیانی هاوبەشدا چەرمەسەریت بۆدێتەپێش و بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری ماڵ ومنداڵ توانای تەواوت نییە؟ ئاشکرایە کەمن ئەم بیرەم بەسەرخۆمدا نەسەپاندووە بەڵکو بەئەزموون و تاقیکاری بۆم دەرکەوتووە،ئەویش هەرلە منداڵیمەوە تاوەکوئەمڕۆ. نەك هەر بۆ ژن هێنان بەڵکو بۆ هەموومەسەلەیەکی گەورە و

بچووکیش لە ژیاندا خۆم تاقی کردۆتەوە، تۆش هەمیشە بەو شێوە راهێنانە تایبەتەی خۆت نالایقی وهیچ لێنەهاتوویی منت بەسەرمدا سەپاندووە. خۆ دیارە ئەوشتەی کەبۆ بچووکترین مەسەلەمنی پێ تاوانبار کراوم، دەبێ بۆگرینگترین مەسەلە، واتە ژن هێنانیش هەر هەمان نەخش وکاریگەریی هەبێت)). کافکا لەنامەکەیدا ئەوشێوە راهێنانەتایبەتیەی باوکی بەجوانی شیدەکاتەوە((من منداڵێکی ترسنۆک بووم ولەهەمان کاتیشدا وەك دیکەی منداڵەکان کەللەڕەق وبزێو، شکی تێدا نییەکە دایکیشم ئاکاری خراپ دەکاردم، بەڵام پێم وا نییەبەڕێوە بردنی ژیانی منی منداڵ کارێکی ئەوەندە زۆر اسەخت وگران بووبێت. ئێستاش ناتوانم بڕوا بکەم کە هێندە لاسار بووبم ئەگەر تەنانەت یەك وشەی خۆشەویستی، دەست بە سەردا کێشانێك، یا نیگایەکی خۆشەویستی لەلایەن باوکمەوە پێم بەخشرابێت ومن نەگۆڕابم یان هەوڵم نەدابێ ئەوکارەبکەم کەئەو پێی باشە! تۆ(باوکە)لەبنەڕەتدا پیاوێکی چاك ودڵنەرم وبەڕەحمیت بەڵام دەبێ ئەوەش بزانی منداڵێك ئەوەندە سەبر وتامڵ وتاقەت وتوانای نییە کەورد ورد بگەڕێ تا بنەما سروشتیەکانی چاکە بدۆزێتەوە.تۆ،خۆت چۆنی هەرئاواش لەگەڵ منداڵدا دەجووڵێیتەوە، بە زۆر وهاوار وداد وڕق وتووڕەیی!)).هەرئەم چەشنە جووڵانەوەش ئەوە بۆمنداڵ دەر دەخات کە گوایە باوکی هیچ نرخ و بایەخ و ڕێز

وخۆشەویستییەکی بۆ قایل نییە، بە واتایەکی‌تر منداڵ وا تێدەگات کە باوکی ڕقی لێدەبێتەوە هەر بۆیەش تێڕوانینی بۆ دڵخۆشییەکان بە پێچەوانەی باوکە،لەئەنجامدا هەموودۆستایەتی و ڕەفتار وکردەوەکانی((فرانتس)) دەبنەهۆی بەدیهاتنی بێ ئومێدی و هەستی خۆ بەکەم زانین لە دڵیدا. لەلایەکیشەوەباوک کە ئەمر دەکات و ئەمرەکەشی بە وەحی دادەنێت ولە هەمان کاتدا کردەوەی لەگەڵ قسەکانیدا یەك ناگرنەوە وئەوی دەیڵێت خۆی ڕەفتاری پێناکات، ئەو فەرق وناتەباییەش لە قسە وکردەوەی باوکدا لای منداڵ تەنیا بە یەك شێوەلێك دەدرێتەوە((...تۆ، لەمێشکی مندا خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەیت کەهەموو ستەمکاران وخوێن مژانی جیهان هەیانە......)) ئەم بنەمای خۆ بە زل زانینە زاڵمانەیە، لە زۆربەی بەرهەمەکانی کافکادا ڕەنگی داوەتەوە، وەکوو: ((مەحکەمە))،((کۆشك)) و((دیواری چین)). (ماکس ڤیبەر)دەنووسێت:((هەوڵی زۆرم دا بەکافکا بسەلمێنم کە ئەو هەرلەخۆڕا تواناودەسەڵاتی باوکی زۆر ولە رادە بەدەر دەزانێت وخۆی لە ئاستی ئەودا بچووك دەبینێت بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو!)) کافکا، بیروڕا وداوەریەکانی باوکی هێندە بەگرنگ دەزانێت کە هەر چەشنە سەر کەوتنێك تەنیا لەوەوە دەبینێت:((ورەی خۆراگری لە هەلۆیستێك یان لە سەر بڕوایەك بۆ هەر مەبەستێك زۆری نەدەخایاند

وگورج بنه بڕ دەبوو،مادامێ تۆ پێچەوانەی ئەوت بویستبایا یا هەست بکرایه کە تۆ بەر هەڵست ودژی ئەو کار ومەبەستەیت ولەهەموو کاروبارێکی مندا بە دی دەکرا...زمانم لە ئاستی تۆدا... لاڵ ببوو کەچی هێشتا تۆ ڕازی نەبویت بۆیە بەیەکجاری مات و بێدەنگ مامەوە. ئەویش هۆی ئەوە بوو کەلە بەرامبەری تۆدا نە دەمتوانی قسە بکەم و نەش تەنانەت بیر بکەمەوە وچوونکە تۆش بۆ خۆت ڕات دەهێنام ئەم کەمایەتیە لە هەموو ژیانمدا ڕەنگی دایەوە و ڕەگی داکوتا.)) ئاکامی ئەم هۆکارانە ئەوەیە کە کافکا بڕوای بەخۆی نامێنێت و هەمیشە هەست بە تاوانباری دەکات، هەر وەك (ژوزێف K)لە چیرۆکی ((مەحکەمە)) یان(گیۆرك بندمەن) لە چیرۆکی ((داوەری)دا. ئەوەیە کە بۆمان دەردەخات باوك هێندە زاڵمانە دەسەڵاتی بەسەر کوڕدا سەپاندووە کەهیچ هەوڵ وکۆششێکی ماندویی نەناسانەش بۆ ڕزگار بوونی لە ژێر ئەو دەسەڵاتەدا کاریگەر نابێت و بێ ئاکام دەمێنێتەوە. کافکا بەشی زۆرتری نامەکەی تەرخان کردووە بۆ باسکردن لە چۆنیەتی خۆ دەرهاوێشتنی لە ژێرئەو دەسەڵاتە ڕەشەی باوکیدا و تەنانەت هەر خودی نوسینەکەش بەهەوڵێك بۆ ڕزگاربوون دادەنێت ((...لێرە دا ـ کاتی نوسین ـ تا ڕادەیەك لە تۆ هەڵاتبووم هەرچەند ئەم هەڵاتنەش دەمخاتەوە بیری کرمێك کە کلکیان قرتاندبێت و بە نیوە قرتاوی خۆی ڕاکێش کردبێت

و خزابێتەسوچێکەوە... هەمیشەباس ومەبەستی سەرەکیی نوسینەکانم تۆ بوویت. ئەو گلەو بناشتەی کە نەمدەتوانی لای خۆت ناویشیان بەرم، لە نوسینەکانمدا باسم لێ کردوون...))بە ئاسانی دەتوانین هەموو بوار ولایەنەکانی ژیانی کافکا هەرلە ڕوانگەی هەلاتن وخۆ ڕزگار کردنەوە لە ژێر سەیتەرەی دەسەلاتی باوکیدا هەلسەنگێنین، وەك: بنەمالە، دۆستان، رەوشت وئایین، ئیش وکار و هەروا ژن هێنان وخێزانداریش. بەلام دایك لەو گەرمەی منالییەی کوڕدا وەك نموونەی ئەقلّ وئاوەز سەیر دەکرێت. هەرچەند جار و باریش کافکا لە چۆك دادانی دایکی لەبەرامبەر خۆبەزل زانینەکانی باوکدا گلەیی دەکات، بەلام بەلگەیەکیشی بۆ دەهێنێتەوەو ئەوچۆك دادانە وەك نموونەی خۆشەویستی وئەشق بەرامبەر بەهاوسەر وهەر واش ناچار بوون لەئاستی خواستەکانی پیاوێکدا دەزانێت کەلەسەرهیچ چەشنە دژایەتییەك پێك نایەت وخۆی بۆ ڕاناگیرێت.

هەلوێستی جیاوازی دایك وباوك لەئاستی کوڕەکەیاندا لەزۆربەی چیرۆکەکانی کافکادا ڕەنگی داوەتەوە، بۆئەم مەبەستەش هەر ئەوەندە بەستە کە سەیرێکی کورتەچیرۆکی((ژن ومێرد))بکەین.

دەتوانین بلّێین هەر تاکە وشەیەکی ئەو چیرۆکە،راستەوخۆ بەستراوە بە ژیانی خودی کافکاوە هەرلە سەرەتاوە هەتا کۆتاییەکەی. ئەوەتە کە ڕووی گرژ ومۆن وخەماویی خاتوو(n)، ئەم میوانە تازەیە، ئەو

دەخاتەوە بیری دایکی و: ((لەڕاستیدا دایکم مۆجیزەی دەکرد،هەمووکارە چەوت وخراپەکانی ئێمەی چاك دەکرنەوە...من هێشتا منداڵ بووم کەبێ دایك کەوتم.)) گەرلە قۆناغی منداڵی تێپەڕین، بۆمان دەردەکەوێ کە کافکا لەسەردەمی لاوێتی وتەنانەت تاکۆتایی ژیانیش، هەرهەوڵی داوە هەرچۆنێك بێت سەرنجی باوکی بۆلای خۆی رابکێشێت، کەچی هیچ کاتێك سەر نەکەوتووە! کافکا، یەکەم بەرگی کۆمەڵە چیرۆکی((دکتۆری دێ))پێشکەشی باوکی دەکات کەچی تاهەتایە ئەو هەڵوێستە سارد وسڕەی باوکی لەبیرناچێتەوەکە پاش دیتنی کتێبەکە بە ساردییەکەوە دەڵێت(( لەسووچێکا بە سەرمێزەکەوە داینێ))دەتوانین زەقترین خاڵی پەیوەندیی تاڵ وتاریك وخەماویی نێوان باوك وکوڕ ئاوا بخەینە بەرچاو: کافکا،سەرەڕای هەموو هەوڵ وکۆششەکانی بۆدەربازبوون لە ژێر دەسەڵاتی باوکدا، هێشتاش هەر لە بیری نزیك بوونەوە و ڕێك کەوتنە لە گەڵیدا بەڵام بێ سوود و بێ هوودەیە و هەر چەندیش باش دەزانێت کە:((ئیدی هەل ومەرجی دەست پێکردنی ژیانێکی تازە نەماوە چونکە هەردوکیان پیر بوون)) دیسانەوە بەهیوای شتێکە، کە بتوانێت بۆ هەردوکیان: ((تۆزێك هێمنایەتی بێنێتەدی و ژیان و مردنیان تا ئەندازەیەك ئاسانتر بکاتەوە.

( م.فکری ئیرشاد)

# (نامەیەك بۆ باوكم):

## باوکی خۆشەویستم

ماوەیەك لەمەوپێش لێت پرسیم: بۆچی واپیشان دەدەم کەگوایە لێت دەترسێم؟

منیش هەروەکووهەمیشە، نەمتوانی وەڵامت بدەمەوە،ئەویش لەلایەکەوەلەبەرهەمان ئەوترسەی کەلەتۆ هەمبوو، لەلایەکی تریشەوە هۆی ئەوەبوو کەئاوا ترسێك نیازی بەشیکردنەوەی هەندێ خاڵی

سەرەکی هەبوو کەمنیش نەمدەتوانی لەیەك جاری باس وخواسێکدا هەرهەموویان باس بکەم.تەنانەت ئێستاش کە ئەمەوێ بەم نووسینە قسەت بۆ بکەم هێشتا هەر بەترس و لەرزەوە هەندێ شت ئەنووسم ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئەو ترسەو کارتێکردنەکانی، ئێستاکەش لە نووسینم بەرگری ئەکات سەرەڕای ئەوەش زۆربوونی بابەتەکان لە بیر و زەینی مندا ناگونجێت. ئەم مەسەلەیە بە لای تۆوە زۆر ئاسایی بووە تا ڕادەیەك کە چ بە خۆم و چ لەلای دیترانیش بەبێ هیچ لە بەرچاو گرتنێك باست لێ کردووە. تۆ لە قسەو باسەکانت لەگەڵ دیتراندا وا پیشانت دەدا کە گوایا ((هەموو تەمەنت بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچان تێپەڕ کردووە و ژیانت کردۆتە قوربانی بۆ منداڵەکانت و بەتایبەتیش من، بۆیە منیش(( بەختیاری لاسار و گوێ نەدەر)) ژیاوم.لە هەڵبژاردنی ڕێگای خوێندن و هەرواش ژیاندا سەربەست بووم و هیچ نا تەبایی و دڵ نیگەرانییەکم نەبووە و تۆش لە بەرامبەری ئەم هەموو خزمەت و خۆبەخت کردنەدا چاوەڕوانیی هیچ چەشنە سوپاس و پێ زانینێکت نەکردووە. خۆت ئەزانی مەبەستم ((سوپاس و پێزانینی منداڵە)) بەڵام هیچ نەبێ حەزت کردووە جارنا جارێك من لەگەڵتا ڕابێم و هاوڕێییت بکەم کەچی من بە پێچەوانەی ئەو خواستەی تۆهەمیشە دوورە پەرێز بووم لێت و پەنام بردۆتە بەر ((ژوورە چۆڵەکەم، کتێبەکانم ، هاوڕێ شێتەکانم و بیرۆکە

شێتانەکانی خۆم))، ((هەرگیز بە ئاشکرا قسەم لەگەڵ نە کردوویت، نە هاتووم بۆلات بۆکلێسەو هەرواش بۆ ( فرانت سنزباد)، کەمترین هەستی خۆشەویستیم سەبارەت بەهەموو بنە ماڵەکەشم نەبووە ، سەبارەت بە ئیش و کارەکانی تۆ و بەتایبەتیش تجارەت خانەکەت کەمتەر خەم بووم و تەنانەت ئەوێم بەسەر دەستی تۆوە بە جێ هێشت و هەلاتم، پشتگریم لە هارو هاجیەکانی (ئوتلا) ی خۆشکم کردوەو هانم داوە لەسەریان بڕوات، بۆ دۆستەکانم هەموو خزمەتێکم کردووە کەچی هەنگاوێکیشم بۆ تۆ هەڵنەگرتووە و تەنانەت پسوڵەیەکی تیاتریشم بۆ نەهێناوی)) سەرجەم داوەریەکانت سەبارەت بەمن وا پیشان ئەدەن کە هەر چەند بەئاشکرا لە سەر بێ حەیایی و لاساریەکانم سەرکۆنەم ناکەیت (هەڵبەت بێجگە لە دوایین هەڵوێستم بۆ ژن هێنان)، بەلام تاوانبارم ئەکەیت بەساردو سڕی و پێ نەزانین و بێگانە بوون . لەگەڵ ئەوەشدا وا پیشاندەدەیت کە گوایا ئەوانە هەموویان خەتای من بوون و من ئەگەر تۆزقاڵێك ژیرو تێگەییشتوو بومایە ئەمتوانی ئەو هەل و مەرج و وەزع و بارە بگۆڕم بەلای باشتردا. ئەمەو گوایا تۆ بۆخۆت هیچ خەتاو هەڵەیەکت نەبووە تەنیا ئەوە نەبێ کە منت زۆر خۆشویستووە و لەگەڵ مندا بە رەحم و بە زەیی بووی . ئەم قسانەی تۆ کە هەمیشە دوپاتیان دەکەیتەوە هەر ئەوەندە پێم ڕاستن کە منیش وەك خۆت بڕوام وایە تۆ هیچ

خەتایەکت نیە سەبارەت بەم دوورە پەرێزی و بێگانە بوونەی خۆمان، بەلام منیش ئەوەندەی خۆت بێ تاوانم . ئەگەر بتوانم ئەم راستیە بسەلمێنم ئەو کاتە هەر دوکمان تارادەیەك ئاسوودە دەبین هەر چەند تانەو توانجەکانی تۆ تەواو نابن بەلام کەمتر ئەبنەوە . هەلبەت ئەو سەلماندنەیش نابێتە هۆی پێکهێنانی ژیانێکی تازە بۆ ئێمە چوونکە هەردوکمان بۆ ئەم لایەنە پیربووین و تەمەنمان بەسەر چووە. لە راستیدا تۆ تا رادەیەك لەو شتەی کە من ئەمەوێ بیلێم بە ئاگایت بۆ وێنە ئەگەر لە بیرت مابێ ماوەیەك لەمەو پێش وتت: (هەمیشە خۆشم ویستوویت و ئەگەر جولانەوەم لە گەل تۆدا وەك ئەو هەموو باوکانە نەبووە تەنیا هۆی ئەوەیە کەلە راستیدا ناتوانم وەکوو ئەوان بە درۆ خۆم بنوێنم). باوکە، من هیچ کات لەو خۆشەویستیەی تۆ دوشك نەبووم و پێم زانیوە بەلام ئەو ئاماژەیەی جەنابت پەسەند ناکەم . راستە تۆ ناتوانی خۆت بە درۆ وەکوو باوکانی دیکە بنوێنی بەلام گەر تەنیا بەو هۆیەوە بلێی باوکانی تر بە درۆ خۆ ئەنوێنن، ئەوە راست نیە بەلام من وای بۆئەچم کە مەبەستی تۆ لەو قسە ئەوەیە کە گوایا ناتەباییەك لە نێوان ئێمەدا هەیە و تۆش بێ ئەوەی خەتایشت هەبێت لە بەدیهاتنی ئەو ناتەباییەدا نەخشت هەبووە. ئەگەر مەبەستت بەڕاستی ئەوە بێت ، ئەوا من و تۆ ئیتر هیچ دووبەرەکییەکمان لە نێواندا نابێت. من نالێم کە تۆ وات لێ کردووم چوونکە ئەگەر وا بلێم

دیارە قسەیەکی زلم کردووە و تۆم لەوەی کە هەبوویت زۆرتر تاوانبار کردووە.ڕەنگە ئەگەر بێ ئەوەی لە ژێر کارتێکردنی تۆدا گەورە بوومایە، دیسانەوە هەر بەپێچەوانەی خواستی تۆ بار بهاتمایە. لەوانەیە وەك مرۆڤێکی ترسنۆك تر، لاوازتر، دووشك و بێ بڕواتر و هەرواش بێ ئۆقرەتر بوومایە نە وەکوو((ڕۆبێرت کافکا))ی ئامۆزام و نەش وەکوو((کارل هێرمان)ی زاوامان. بەڵام بێ سێ و دوو، وەکوو ئێستەش نەدەبووم و ئەو کاتەش دەمانتوانی لە گەڵ یەکدیدا باشتر پێك بێین. زۆرم پێ خۆش دەبوو کەتۆ نەك باوك، بەڵکوو وەك دۆست یان مامە یان باپیرە و تەنانەت تا خەزووریشم بویتایە. تۆ ، هەر تەنیا وەکوو باوکم ئەوەندە بە سەرمدا زاڵ بوویت ، بەتایبەتیش کە براکانم هەموویان هەر بە منداڵی مردن و خۆشکەکانیشم ساڵەها دوای خۆم هاتنە دنیا.

هەر بەم پێیەش دەبوایە یەکەمین زەبر و زەنگی تۆ بچێژم و خۆ، بۆ ئەم کارەش گەلێ لاواز و ناتەوان بووم! هەردووکمان پێکەوە هەڵسەنگێنە،( من چیم و تۆ چیت): من، - لوویی - یەکم،( واتە لەدایکمم هێناوە)،تێکەڵ لە گەڵ سرشتی((کافکا))ییدا کە لەژێرکاریگەریی لێبڕانی تۆئاساییدا بۆ ژیان و سەر کەوتن ناجووڵێت، بەڵکووله ژێر کارتێکردنی بزۆزیی((لۆیی))یەکاندا دەبزوێت کە تا ڕادەیەك شەرمن و شاراوەترە و زۆر جاریش بە پێچەوانەوەدەجووڵێت

و سەریش ناکەوێت.بەڵام تۆ،((کافکا))یەکی تەواویت چ لە ڕووی هێز وتەندروستی و خواست و خۆڕاگرییەوە و چ لە ڕووی بیر و زەینی باش و خۆ پەسەندی و ناسینی خەڵکەوە، ئەڵبەت لەگەڵ ئەو هەموو هەڵەو خەتایەی کە لەو تایبەتمەندییانەوەهەڵدەقوڵێن ، جار و باریش خووی توند و بە جۆش و خرۆشی خۆت تووشی دەکردی.هەر چەندە کاتێ تۆ لە گەڵ مامەکانم(فیلیپ) و(لۆدویك) و(هاینریش) دا هەڵدەسەنگێنم،دەبینم(کافکا)یەکی تەواویش نیت و ئەمەش بە لامەوە زۆر سەیرە و بۆشم ڕۆشن ناکرێتەوە،ئەوان هەموویان لە تۆ زۆر بەگوڕ تر بوون و وەکوو تۆش خۆیان بەهەندێ مەسەلەوە نەبەستبوویەوە و گوێشیان نەدەدایە و سەخت گریشیان نەدەکرد.(ئەوەش بڵێم، من زۆر شتم لە تۆ بە میرات بردووە و بەجوانیش پاراستوومن بە بێ ئەوەی تەنانەت لە دڵیشدا توانای ڕووبەڕوو بوونەوەم لە گەڵیاندا هەبێت).

لە لایەکی تریشەوە،بێگومان تۆ لە ژیانی خۆتدا قۆناغی زۆر و جۆربەجۆرت بڕیون. لەوانەیە پێش ئەوەی لەمنداڵەکانت و بە تایبەتیش لە من تووڕە و دلگران بوویبیت، وەزعت باشتر بوویێت.(بۆ وێنە،پێشتر کاتێ میوانێکی غەریبمان لێدەکەوت تۆ هەڵس و کەوت و جووڵانەوەی خۆت بەجوانی دەگۆڕی).

ڕەنگبێ ئێستاش باشتر بووبیت چوونکە بەشێك لەو گوڕ و تینەی کە منداڵەکانت - ((والی))ی خۆشکم ناڵێم - نەیان توانیبوو پێت ببەخشن، ئێستا نەوەکان و هەرواش زاواکەت پێت دەبەخشن! هەرچۆن بێت، من و تۆ هێندە لێك جیاواز بووین و ئەم جیاوازییەش هێند بۆ هەردوولامان پڕ مەترسی بوو کە ئەگەر کەسێك بیویستبا وەزعی ئێمە،( من منداڵێکی بچووك و لاواز کەهێواش هێواش خەریکە پێدەگات و تۆش پیاوێکی زۆر بەهێز و پێ گەیشتوو)،پێشبینی بکات کە لە داهاتوودا چیی لێدێت، دەگەیشتە ئەو بڕوایەی کە تۆ بە ئاسانی من دەخەیە ژێر پێڵەقەو وردم دەکەیت بە جۆرێك کە تەنانەت ئێسقانێکیشم لێ بەجێ نامێنێتەوە! کەچی وای لێ نەهات چوونکە کردەوە و جووڵانەوەی زیندەوەران پێشبینی ناکرێت بەڵام دەکرێ بڵێین وەزعەکە لەوەش خراپتری لێ قەوماوە! ئەڵبەت حەز دەکەم دڵنیابیت کە هەرگیز تۆ تاوانبار ناکەم.

تۆ،هەر وەکوو باوکێك لەسەرمن کارتێکردنت هەبووە، هەر هێندەش بەستە کە تۆش ئەوەندە شکست و سەر نەکەوتنەکانی من لەبەرامبەر خواستی خۆتدا نەخەیتە پاڵ لاساریی منەوە.

من، منداڵێکی ترسنۆك بووم،لەهەمان کاتدا هەر وەك منداڵانی تر کەللە ڕەق و بەهانەگیریش بووم،شکی تێدا نییە کە دایکیشم لەو کەللە ڕەقییەمدا نەخشی هەبوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بڕوا ناکەم

ڕاهێنانی من هێندەش زەحمەت بووبێت، چۆن قەناعەت بکەم کە وشەیەکی خۆشەویستی یا نازکێشانێکی باوکانە کاری لەسەرم نەکردووە و هانی نەداوم بۆ ئەوەی کوڕێکی باش و ژیر و گوێ گربم؟

دەزانم کە تۆ لە بنەڕەتدا پیاوێکی باش و بەڕەحمیت و ئەم قسانەی ئێستاشم هیچ دژایەتییەکی لە گەڵ ئەو پێزانینەمدا نییە و تەنیا دەمەوێ لە مەڕ کاریگەریی تۆی باوک لەسەر منی کوڕت باس بکەم. بەڵام تۆش ئەوەبزانە کە هەموو منداڵێك ئەوەندە توانای نییەکە ساڵەهای ساڵ بگەڕێت بە دوای سرشت و بنەمای چاکە دا.

تۆ، بیرت لە من نەدەکردەوە و خۆت چۆن بوویت، هەر ئاواش لەگەڵ مندا دەجووڵایتەوە: زۆرەملێ و قین و تووڕەیی و داد وهاوار! جووڵانەوەی لەو چەشنەت بە تایبەتی لە گەڵ مندا بۆیە پێ باش بوو کە دەتویست من وەك منداڵێکی بەتوانا و لێهاتوو بار بهێنیت. ڕاستە ناتوانم چۆنایەتی هەڵس و کەوتت لەگەڵ خۆمدا لە ساڵە سەرەتاییەکانی منداڵیمدا وە بیر بهێنمەوە،بەڵام بەپێی ساڵەکانی دواتر و هەرواش جووڵانەوەت لەگەڵ (فیلیکس)ی خۆشکەزامدا،دەتوانم ئەو کاتانەش بهێنمە بەر چاوم، سەرەڕای ئەوەش کە تۆ لەو کاتانەدا لەئێستا جەوان تر و بەگوڕ تر و تووڕە و توند و تیژتر بوویت و هەرواش بەتەواوی سەرقاڵی کاروباری هەر نەبڕاوەی فرۆشگاکەت بوویت و من بە ڕۆژ تۆم نەدەبینی، هەربۆیە

کاریگەرییەکی قووڵت لە سەرم دادەنا کە منیش هەرگیز بەو کارتێکردنە ڕا نەهاتم. تەنیا شتێکم لەو ساڵانەی سەرەدای منداڵیم لەبیرەکەدەبێ لە بیری تۆشدا مابێت: نیوە شەوێك بیانووی ئاوی خواردنەوەم دەگرت ، بەبێ ئەوەی تینووشم بێت بەڵکوو هەر دەمویست سەری خۆمی پێ گەرم بکەم و تا ڕادەیەکیش بە مەبەستی ئەزیەت دانی ئێوە بوو، تۆش هەر هەڕەشەت لێدەکردم و کاتێکیش زانیت هەڕەشەکانت سوودیان نییە، بە تووڕەیی لە ناو پێخەفە کەمدا دەرت هێنام و هەر بە ژێر کراسەکەمەوە فڕێت دامە هەیوانەکە و لەو تاریکی و تەنیاییەدا دەرگەت لێ داخستم! ئێستە ناڵێم کە ئەو کارەت زاڵمانە بوو، لە وانەیە ئا لەو کاتەدا بەو جۆرە نەبوایە، بە هیچ شێوەیەکی دیکە بەر بە شێواندنی خەوی نیوە شەوانەی تۆ نەدەگیرا. مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەم بیرەوەرییە لێرەدا تەنیا ئەوەیە کە بتوانم شێوە و چۆنیەتیی کارتێکردنی تۆ لە سەر خۆم پیشان بدەم. من لەو شەوە بە دواوە ببوومە منداڵێکی ژێر و ئارام و گوێڕایەڵ ، بەڵام هەر لەم کارەشدا زەرەر و زیانێکی زۆرم لە باری دەروونییەوە بینی. هێشتاش نەمتوانیوە هیچ پەیوەندییەکی ئاوەز پەسەند لە نێوان مەسەلەی هەرە سادەی ئاوخواستنی نیوە شەوانەی خۆم و دەرکردنم بەو توند و تیژی و تووڕەییە لە ژووری خەوتندا بدۆزمەوە! ئەم بیرە تاڵەیە، ساڵەهای ساڵ ئازاری دەدام و دەیترساندم کە باوکم، ئەو

پیاوە کەڵەگەتە و ئەو تاقەپشتیوانەم، بەبێ هیچ هۆیەك دێت و نیوە شەوێك لەناو جێگاکەمدا دەرم دەکێشێت و فرێم دەداتە دەرەوە ناو هەیوانە تاریکەکە و ...، ئەو باوکەم هیچ نرخ و بایەخێك بۆ من دانانێت! ئەم ڕووداوە لەو کاتەدا وەکوو سەرەتایەکی بچووك وابوو، بەڵام دواتر وێڕای دیکەی جووڵانەوەکانت هەستێکی ئاڵۆزی خۆ بە بچووك زانین و ترسنۆکانەیان پێ بەخشیم کە تا ئێستاش هەر لە گەڵمدایە!

من پێویستم بە تۆزقاڵێك دڵ دانەوە و بەزەیی و خۆشەویستی و هەر واش تۆزێك سەربەستی بوو. کەچی تۆ بە پێچەوانەوە

( هەرچەند بە نیەتێکی پاکەوە) ناچارت دەکردم لە ڕێگایەکی دیکەدا هەنگاو بنێم لە حاڵێکدا کەمن بۆئەو ڕێگایە و ئەو کارانەی لای تۆ ڕانەهاتبووم. بۆ نموونە ناچارت دەکردم تا وەکوو سەربازێك ڕێژەبڕۆم و سەلامی سەربازی بدەم و کاتێکیش ئەمرەکانم بە جوانی بە جێ دێنای زۆری پێ خۆشحاڵ دەبوویت! بەڵام من هیچ نەمدەویست لە ئایندەدا ببمە سەرباز. یانخود تۆ حەزت دەکرد کە زۆر بخۆم و لە گەڵ نان خواردنیشدا بیرە بخۆمەوە،شێوە ئاخافتنەکەی تۆ ڕەچاو بکەم، گۆرانی بڵێم ئەویش گۆرانییەك کە هیچ لە واتا و ناوەڕۆکەکەی تێ نەدەگەیشتم! هیچکام لەو کارانەی کە تۆ ناچارت دەکردم پێیان، لە گەڵ دوارۆژی ژیانی مندا یەکیان نەدەگرتەوە. تۆ، ئێستاشی لە

گەڵدا بێت ، هەرتەنیا کاتێك بەڕوومدا پێدەکەنیت و دڵخۆشم دەکەیت، کە حەز و خواستی خۆت لەئارادا بێت و پەیڕەو کرابێت!وەکوو کاتێك کە باسی ژن هێنان بکەم یانخود کاتێ کە ( پەپا)ی زاوامان جنێوم بداتێ! ئەوکاتە هانم دەدەی، دان بە نرخ و بایەخەکانمدا دەنێی، بەسەرلێهاتووییمدا هەڵ دەڵێیت و - پەپا- ش سەرکۆنە دەکەیت! بەڵام ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەو پشتگرییەی تۆ لەم تەمەنەدا هیچ سوودێکی بۆ من نییە وسەرەڕای ئەوەش چ سوودێکی دەبێت ئەگەر تەنیا بۆ ئەو کاتانەبێت کە هیچ پەیوەندییەکیشیان بە خۆمەوەنییە !ئەو کات و زەمانەی کە نیازم بە هاندان و پشتگریی تۆ هەبوو بۆ کارەکانم، لە بەرامبەری هەیکەل و ترسی تۆدا زەبوون و تەنیا و بێ پەنا بووم! چاکم لەبیرماوە ئەوکاتەی کە لە مەلەوانگەدا پێکەوە جلەکانمان لە بەر دەکەندن،من، زارولاواز و بێدەسەلات و تۆش کەڵەگەت و بە هێز و توانا و دیارە منیش چەندە خۆمم بچووك و بێ بایەخ دەهاتە بەرچاو!نەك هەر تەنیا لە ئاستی تۆدا بەڵکوو لە ئاستی هەموودنیاشدا، چوونکە تۆ بەلامەوە نموونەی هەمووکەس و هەموو شتێك بوویت، ئەو کاتەی دەستت دەگرتم و بەبەرچاوی خەڵکەکەوە لە مەلەوانگەکە دوور دەکەوتینەوە، من لەڕ و لاواز پێخاوس لەگۆشەی حەوزەکەدا، ترساو لە ئاو و ماندوو و هیلاکیش لەو شێوەفێرەمەلەکردنەی تۆ کە پەیتا پەیتا و هەرچەند بە نییەتی

باوکانەوە بەلاّم زۆرتر بۆ سەرکۆنە کردنم پیشانت دەدام، نائومێدییەك سەراپای دادەگرتم. هەموو ئەزموونە تاڵەکانی ژیانم لەم ڕووەوە زۆر لێك نزیکن و لێك دەچن! ئەو ساتەوەختانەی کە تۆ خۆت ڕووت دەکردەوە و زۆرتر بەتەنیا دەچوویتە ناو حەوزەکە ومن بە تەنیا لە کونجەکەدا دەمامەوە، خۆشترین ساتی ژیانم بوون ، چوونکە بەو چەشنە، لەو عەیب و عارە خۆم دەپاراست کەلە بەرانبەری تۆ و بەبەر چاوی خەڵکەکەوە هەستم پێدەکرد! کەچی تۆ گورج دەگەڕایتەوە و لەگەڵ خۆتت دەبردم، هەرچەند ئەوەندەش کە هەستت بەو زەبوونییەم نەدەکرد، منەتبارت دەکردم! من لە هەمان حاڵیشدا فیز و عەزەمەتم بە شان و باڵی باوکم دەکرد. ئەو جیاوازییانە، هێشتاش هەر لەنێوان ئێمەدا بە دی دەکرێن. زەبوونیی من لە ئاستی تۆدا هەرتەنیا ئەوەندە نەبوو بەڵکوو لە ڕووی مەعنەویشەوە هەر وا بوو: تۆ، تەنیا لەڕێی پشت بەخۆوە بەستن پێشکەوتبوویت هەر بۆیەش بڕوایەکی هەرە پتەوت بە خۆت و بیرو ڕاکانت هەبوو.ئەم بابەتە لەمنداڵیمدا هێندەی تەمەنی لاوێتی سەرنجی ڕا نەدەکێشام و پێشتر بەو زەقییە هەستم پێ نەدەکرد:

بەسەر کورسییەکەتەوە دادەنیشتیت و حوکمی هەموو دنیات دەکرد. هەرتەنیا قسەی خۆت بەڕاست دەزانی و هەموو بیر و بۆچوونەکانی دیکە بەلاتەوە چەوت ونەزانانە و ناڕاست دەژمێردران. هێندە بڕوات

بە خۆت هەبوو کەنیازی بەوە نەبووهیچ مل ملانێیەکت لە گەڵدا بکرێت و هەرگیز لەوەی کە هەرتەنیا خۆت خاوەن مافی ڕاستەقینەیت و بەس، تاقە بستێکیش پاشەکشەت نەدەکرد! زۆر وەختیش لە بارەی شتێکەوە قسە دەکرا کە تۆ هیچ ڕایەکت لە سەری نەبوو بۆیە گاڵتەت بە هەمووبیر و بۆچوونەکان دەهات و هەموویانت سووک و چەواشە دەهاتنە بەر چاو!

تۆ، هەموو کەست وەبەر جنێوان دەدا، چ ئەڵمانی، چ یەهوودی و چ ... و هەر بە تەواوەتی شڕ و شیتاڵت دەکردن بەسەر یەکدا وهەر تەنیا خۆت دەمایتەوە.تۆ لە چاوی مندا هەر هەمان تایبەتمەندیت هەبوون کە هەموو ستەم کارانی دنیا هەیانە. من وا تێدەگەیشتم کە تۆش هەر وەك ئەوان داوای مافێك دەکەیت کە لە ڕاستیدا هی خۆت نییە و هەر تەنیا بە زۆرە ملی بەدەستی دێنی! زۆربەی کات لە ئاستی مندا تۆ ڕاست تر بوویت و ئەمەش لە قسە کردنەکانماندازۆر ئاسایی بوو، چوونکە کەمتر پێکەوە قسەمان دەکرد، بەڵام ڕاست بوو، خۆ ئەوەش زۆر جێی سەر سووڕ مان نییە: هەموو بیر و بۆ چوونەکانم لە ژێر کاریگەریی قورس و چڕ و پڕی دەسەڵاتی تۆدا بوون. تەنانەت و بەتایبەتیش ئەو بیر وڕایانەی کە لەگەڵ بیر و بۆچوونی تۆدا جیاواز بوون، هەموو ئەو بیر و بۆچوونە جیاوازانەم هەر لە سەرەتاوە دەکەوتنە ژێر باری قورسی داوەرییە پێشێل کارانەکەی تۆوە.

خۆڕاگریش لە ئاستی ئەم وەزعە شپرزەیەدا توانایەکی بێ ئەندازەی دەویست تا بیر و بۆچوونەکە خۆی بگرێت و بگاتە ئەنجام.لێرەدا مەبەستم ئەو فکرە بەرز و تایبەتانەی جاروبارە نین بەڵکوو شتە بچکۆلەکانی کاتی منداڵیمم مەبەستن. هەر ئەوەندەکە منداڵ لە شتێك خۆشحاڵ و شاگەشکە دەبوو و گورج خۆی دەگەیاندەماڵەوەبۆ باسکردنی، لە وەڵامدا ڕووبەڕووی تانەوتوانج و سەرسووڕدان و تەقەی سەر مێزەکە دەبوویەوە: ((ئەوە چییە، لەوە باشتریشم بینیوە)) یان ((چییە؟ خەم و پەژارەکەتم بۆ ئەهێنییەوە؟ )) یان((لاچۆ...سەرم قاڵە)) یان ((گاڵتە جاڕە)) یان ((ئەمەش شتێکی تر))!.

ڕاستە کاتێ کە تۆ سەر قاڵ یا تووڕە بوویتایە، کەس نەیدەتوانی چاوەڕوانی ئەوە بکات کە سەرنج بدەیتە هەر کار و بارێکی منداڵانە و ئەم باسەش هەر لە ئارادا نەبوو. مەسەلە ئەوە بوو کە تۆ بە پێی سرشتی پێچەوانەی خۆت هەمیشە و لە هەر کارێکدا دەبوویتە هۆی دڵساردی و نائومێد بوونی منداڵ . ئەو پێچەوانەیی و یەك نەگرتنە سرشتیەشت بە هۆی قسە و باس و کار و باری زۆرەوە تا دەهات زۆرتر و زەقتر و سەخت تر دەبوویەوە تا دەگەیشتە ڕادەیەك کە ئەگەر بهاتبا و جارێك قسەیەکمان یەکی بگرتبایە، دیسانەوە تۆ هەر دژی دەوەستایت. ئەم سەر کۆنە و تەریق کردنەوانەش بۆ منداڵ شتێکی ئاسایی نەبوون بەڵکوو لە بەر ئەوەی کە لە لایەن

کەسایەتیەکی وەکوو تۆ وە سەرچاوەیان دەگرت، کاریگەریەکی قووڵیان لە سەر بیر و مێشکی دادەنا. ئەگەر منداڵ بیزانیبا تۆ دژی کارێك دەبیت،ئیتر هەر چەندە ئەو کارەشی خۆش بویستبایا، بڕست و توانای بە ئەنجام گەیاندنی لە لا نەدەما. ئەو چەشنە دژایەتی کردنەی تۆش لەگەڵ هەر هەموو کارەکانی مندا بەزەقی بەدی دەکرا، تەنانەت لە گەڵ بیر و مێشك و هەرواش دۆستایەتییەکانمدا.

گەر بهاتبا و کەسێك ببوایەتە دۆست و هاوڕێم - هەرچەند ئاوا شتێك بە دەگمەن ڕوودەدات - تۆ، بەبێ لەبەرچاو گرتنی هەست و بیروڕای من و بە بێ هیچ بایەخدانێك بە ویست و خواستم دەستت دەکردە جنێودان و هەڕەشە و بێ حورمەتی کردن. ئەو مرۆڤە سادە و بێ خەوشانەش دەبا تاوانی ئەم دۆستایەتییە بدەنەوە، بۆ وێنە کەسێکی وەکوو((لۆڤی)) ئەو هونەرمەندە جوامێرە یەهوودییە، بەبێ ئەوەی بیناسیت و هەر تەنیا لەبەر ئەوەی کە ببویە دۆستی من، بە شێوەیەکی ئێگجار ناوازە و ناپەسەند کە ئێستا لەبیرم نەماوە چۆن بوو، سووکایەتیت پێدەکرد و بە جڕ وجانەوەر ناوت دەبرد! ئەغڵەب بۆ ئەو کەسانەی من خۆشم دەویستن، لەقەبی سەگ و کێچ و جڕ و جانەوەرت بە کار دەبرد!

ڕۆژێك لە سەر ئەو بێ حورمەتییەت لە گەڵ ئەو دۆستە هونەرمەندەم، لە ناو دەفتەرەکەمدا ئاوام نووسی: (( باوکم

ئەوقسەناشرینانە بە لاوێك دەڵێت کە هیچ نایناسێت و هەر تەنیاش بە هۆی ئەوەوەیە کە بۆتە دۆست و هاوەڵی من!، ئەگەر ڕۆژێك لە ئایندەدا باوکم سەرزەنشتم بکات کە ڕەحم و خۆشەویستیی باوك و فرزەندیم لە دڵدا نییە و ڕێزی لێناگرم، منیش گورج ئەم هەموو جنێو و قسە ناشیرینانەی ئێستای وەبیر دێنمەوە))!

من هیچکات نەمتوانیوە پەی بەو هەموو دڵ ڕەقییەت بەرم لە ئاستی ئەو هەموو ئەزیەت و ئازارەدا کە تووشت کردبووم.

بێ شك منیش زۆرجار بە قسەکانم تووڕەم کردوویت، بەڵام من چاك دەمزانی کە چ دەکەم، زیز و زویر دەبووم و نەمدەتوانی خۆم ڕابگرم و قسە نەکەم کەچی هەر لە هەمان کاتیشدا پەژیوان دەبوومەوە. بەڵام تۆ وا نەبوویت، بێ بەزەییانە هەڵمەتت دەبرد و چ پێش و چ پاش ئەو هەڵمەتانەشت بۆ هیچ کەس و هیچ شتێك بەهیچ جۆرێك نارەحەت نەدەبوویت، منداڵ لە بەرانبەری تۆدا هیچی پێ نەدەکرا و شێوازی تۆش بۆ ڕاهێنان هەر ئەوەبوو و نەدەگۆڕا!

وا دەزانم تۆ لە مەسەلەی فێر کردن و ڕاهێناندا زۆر وەستاو کارامەیت و بێگومان لە ڕاهێنانی یەکێکی وەکوو خۆتدا سەر کەوتوو دەبویت. ئاوا کەسێکیش لە بیر و ڕا و مەبەستی تۆ جوان تێدەگەیشت و بە ئاسانی پێی دەکرا بێجگە لە گوێ ڕایەڵیی تۆ بیر لە هیچ شتێکی دیکە نەکاتەوە، بەڵام ئەم کارە بۆ منی منداڵی

لەتۆجیاواز زۆر سەخت و کوشندە بوو، ئەوەی تۆ دەتگوت هێندەی یاسا ئاسمانییەکان بۆم قورس بوو، هەرچەند قەد لەبیرم نەدەکرد و بۆم وەکوو تەنیا پێوانەی ناسینی دنیا دەژمێردرا، بە تایبەت بۆ ناسینی خۆت و، هەر ئەو کاتەش بوو کە لە کارەکەتدا تووشی شکست دەبوویت.

بە منداڵی، هەرتەنیا لەکاتی نان خواردندا لە گەڵت دەبووم بۆیە فێر کردن و ڕا هێنانەکەی تۆش زۆرتر پەیوەندیی بە چۆنیەتیی خواردن و هەڵس و کەوتی سەر سفرەوە بوو.

هەرچی لەسەر سفرە دابنرایە دەبا بخورایە و نەشدەبوو لە بارەی خۆشی یا ناخۆشیی خواردنەکەوە هیچ بگوترایە! کەچی تۆ خۆت زۆرجار خواردنەکەت بەخراپ دەزانی و دەتگوت:

(( ئەمەچلکاوە)) و (( ئەو حەیوانە- چێشت لێنەرەکەمان - چێشتەکەی خراپ لێناوە))! منداڵی بەستەزمان دەبا پەلەی بکردبا و خواردنەکەی گورج و گۆڵ بخواردبا، چوونکە تۆ خۆت پارووی زل زلت دەنا و گورج و گۆڵ دەتخوارد و دەکشایتەوە دوا. ئەو بێدەنگییە تازیە ئامێزەی سەر سفرە و کاتی نان خواردنمان هەر هەمیشە بە ئامۆژگارییە تاڵ و توورە و بە لێخوڕینەکانی تۆ دەشکا: (( نانەکەت بخۆ دوایی قسەبکە))،

(( گورج،گورج،زووتر))، (( ئەوەچییە...نابینی من چۆن تەواوم کرد و لێ بوومەوە؟))!

هیچکەس ئیزنی کڕاندنەوەی ئێسقانەکانی نەبوو تۆ نەبێ ، کەس ئیزنی ئەوەی نەبوو - سرکە- کە بە قومێك هەڵ لووشێ تۆ نەبێ! هەر هەموومان دەبا نانەکەمان ڕێك و پێك لەت بکردبا ، بەڵام ئەگەر خۆت بە چەقۆیەکی پیس و چەور بتبڕیبا، ئەوە قەیدی نەدەکرد! کەس بۆی نەبوو نان ورد بکات یان چێشت لەبەردەمیدا ڕژابێت، کەچی کاتێ لێ دەبووینەوە بەردەم و ژێر پێی خۆت پڕی بوو لە چێشتی ڕژا و و نانی ورد! لەسەر سفرە و کاتی نان خواردن دەبا هەمووکەس بە بێدەنگی و گورج و گۆڵ نانەکەی بخوات کەچی تۆ بەسەر سفرەکەوە و کاتی خواردنیش یان نینۆکت دەکرد و یان قەڵەمت دەتاشی و یا بە چیلکە شقارتە گوێت پاك دەکردنەوە!

باوکە،... دڵم لێ پیس مەکە، ئەمانە هەموویان لە خۆیاندا شتی سووك و بێ بایی بوون بەڵام کاتێك لەلای من گەورە و زەق دەبوونەوە کە دەمدیت تۆی باوك کە بە لامەوە زۆر مەزن بوویت، خۆت بڕوات نییە بەو شتەی کە دەیڵێیت و قسەت لە گەڵ کردەوەکانت دا زۆر لێك دوور و جیاوازن، هەر ئەوەش بوو کە جیهانی لە لای من کردبوو بە دووبەشەوە: بەشی یەکەم ئەو دنیایە بوو کە منی کۆیلە دەبوایە لە ژێر باری قورسی ئەوهەموو یاسا وشکەدا بژیم

کە هەر تەنیاش بۆ من داندرابوو، یاسایەك کە هەرگیز نەمدەتوانی بە جوانی بەڕێوەی بەرم و ناشزانم بۆچی و لەبەر چی؟ بەشی دووەم، دنیایەکی دیکەبوو زۆر دوور و جیاواز تر لەوەی خۆم، واتە ئەو دنیایەی کە تۆی تێدا دەژیایت و هەر خەریکی حوکم و ئەمر و فەرمان دەرکردن و تووڕەبوون و لێخوڕین بە سەر ئەم وئەودابوویت، بەشی سێیەمیش دنیای ئەو جەماوەرە بوو کە بەسەربەستی و بەختیاری و بەبێ ژێردەستەیی و ژێر چەپۆکەیی تێیدا دەژیان.

من هەمیشە شەرمەزاربووم: یان دەبوایە ئەو ئەمروفەرمانە زۆرە بەجێ بهێنم کە تەنیا و تەنیا لەسەر خۆم دەر دەکران، یان کەللە شەقیم دەکرد کە ئەویش دەبوویە بەرهەڵستکارییەك لە ئاستی مەزنایەتیی تۆدا و یانخود هەر نەمدەتوانی فەرمانەکانت بەڕێوە بەرم چوونکە ئەو هێز و توانایەی تۆم لە خۆمدا ڕا نەدەدی و تۆش لە لای خۆتەوە بێ بەزەییانە لێت دەویستم. ئەمانەش هەر هەموویان بۆمن هۆی شەرمەزاری بوون.

بەڵێ... باوکی بەڕێز، هەست و هێزی ئەم منداڵە، بەم شتە بچووك و بێ نرخانەوە دەخافڵێنرا! ڕەنگبێ ئەگەر وەزع و باری ئەوسەردەمەی خۆم لەگەڵ وەزعی ئێستای((فیلیکس))دا بەراورد بکەم، مەسەلەکە جوانتر و ڕوونتر دەربکەوێت، تۆ لەگەڵ ئەویشدا هەربەو جۆرە دەجووڵێیتەوە و تەنانەت خراپتر و ترسناکتریش! بۆ

وێنە ئەگەر ئەو لە کاتی خواردندا بەڕای تۆ کارێکی خراپی کرد، تۆ لەبەرانبەردا تەنیا بەوەوە ناوەستی کە:((...ئەوەچییە، دەڵێی بەرازی)) بەڵکوو زۆرتر لەسەری دەچیت:(( هەر دەڵێی - هیرمان - ی))، (( هەر لەو باوکەت دەچی)) و...! بەڵام لەوانەشە کە ئەم چەشنە قسە و بەگژا چوون و سەرکۆنەیەی تۆ زیانێکی زۆر بە فیلیکس نەگەیەنێت چوونکە بۆ ئەو، تۆ هەرتەنیا - باپیرە- یەکیت و بەس، ئەڵبەت باپیرەیەکی مەزن، ئیدی وەك چۆن بۆ من هەمووشت بوویت ، بۆ ئەو وا نیت. هەروەها، فیلیکس هەر لە ئێستاوە هەڵوێستێکی لە سەر خۆ و تا ڕادەیەکیش پیاوانەی هەیە و هەرچەند لەوانەیە جار و بار لە هاوار و هەڕەشەکانت بترسێت بەڵام بۆ هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا سەریان بۆ دانانەوێنێ. گرنگتر لە هەموو ئەمانەش ئەوەیەکە فیلیکس کەمتر لە لای تۆ دەبێت و زۆرتر جیا لەتۆ، لەگەڵ باوك و دایکی خۆیدایە. تۆ، بەلای فیلیکسەوە هەرتەنیا شتێکی غەریب و سەر سووڕ هێنەر و لە هەمان کاتدا خۆشەویستی کە ئەو دەتوانێت هەندێ شتی باشت لێ وەر بگرێت .

بەڵام بۆ من وانەبوویت ، من ئیزن و دەرفەتی هەڵبژاردنم نەبوو و دەبا بێ هیچ سێ و دوویەك لە گەڵ هەموو شتێکدا ڕا بیم! تۆهیچ کاتێك لە بارەی شتێکەوە کە بە دڵی خۆت نەبایە یان لە مەڕ مەسەلەیەك کە خۆت نەتهێنابایە گۆڕێ بە هێمنی و لەسەر خۆ قسەت

نەدەکرد بەڵکوو بە تووڕەیی و قیژاندن ڕای خۆت دەر دەبڕی ئەویش تەنیا بە مەبەستی سەرکۆنە کردن و هێرش بردنە سەر مەسەلەکە! سرشتی خۆ بەزل زانیت ماوەی ئەوەی نەدەدای تا لەگەڵ بیر و خواستێکی غەیری خۆتدا بە هێمنی بجووڵێیتەوە.

لەم ساڵانەی دواییشدا بۆ سڕینەوەی لایەنی خراپی کردەوەکانت بەهانە دێنیتەوەکە گوایە ئەو *ناسازی* یەت لەژێر کاریگەرێتیی نەخۆشیی - دڵ - ەوە سەری لێداوی. بەڵام من هەر لە سەرەتایشەوە قەد نەمدیوە تۆ کردەوە و هەڵس و کەوتێکی هێمن و لە سەرخۆت هەبێت، واتە تا من لە بیرم بێت تۆ هەر وا بوویت و نەگۆڕا ویت و ئەو بەهانەیەش تەنیا بۆ ئەوەیە کە گوشاری سەر ئەم و ئەو توندتر و گورج و بڕ تر بکەیتەوە و ئەم و ئەویش بەوبۆنەیەوە فزەیان لێوە نەیەت!

من بەم قسانەم نامەوێ سەرکۆنەت بکەم بەڵکوو تەنیا دەمەوێت کە ڕاستییە کانت وە بیر بێنمەوە.

تۆ لە بارەی (( ئۆتلا ))وە دەڵێی: (( هەر قسەی لەگەڵ ناکرێت، گورج بە گژی پیاودا دەچێت)) لە حاڵێکدا کە ئۆتلا هەرگیز لە خۆڕا بە گژی کەسدا ناچێت و ئەوە تۆی کە لە نێوان باسێك و کەسایەتییەکدا لە هەڵەدای، ئەوەی ئازارت دەدات و تووڕەت دەکات هەرتەنیا بابەتی باسەکەیە نەوەك کەس و کەسایەتیەکە.

شتی وا هەیە کە تۆ گورج و بە بێ ئەوەی گوێ بۆ قسەی کەسێکی تر ڕابگری، ڕای خۆتی لەسەر دەر دەبڕیت و ئیدی دواتریش هەرچی لەو بارەیەوە بگوترێت، تەنیا قەڵس و تووڕەترت دەکات و هیچ قەناعەتێکت پێناهێنێ، واتە تۆ خۆت بڕوا و قەناعەتی پێ ناکەیت و بە لالووتێکیشەوە دەڵێی:(( چی ئەکەی بیکە...هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە...بۆ خۆت پیاوێکی...ناتوانم هیچت پێ بڵێم و...))

هەموو ئەم قسانەش بە شێوەیەکی تووڕە و گرژ و مۆن و ناڕازییانە دەکەیت، بەجۆرێك کەبەرامبەرەکەت بەزەقی هەستی پێ بکات! قسەی ئاوەها کە من ئەمڕۆ بەبیستنیان کەمتر دەترسێم تا سەردەمی منداڵیم، چوونکە ئەو هەستە ناسك ولاوازەی کاتی منداڵیم، ئێستا بۆتە زانیاری و ئەزموونێك لەسەر بێ چارەیی ئێمە، واتە من - و - تۆ.

نەبوونی پێوەندییەکی هێمن و ئاسایی لە نێوان من و تۆدا کاری زۆری کردە سەر توانای من. من قسەکردنم فەرامۆش کرد، گەرچی هەر چۆنیش بوایە من نەمدەتوانی ببمە گوتەبێژ و قسەکەرێکی بەتوانا، بەڵام هەر هیچ نەبێ خۆ دەمتوانی کە بەزمانێکی ئاسایی قسە بکەم و مەبەستی خۆم بگەیەنم، کەچی تۆ، هەر لەو سەرەتایەوە دەم و زمانی منت بەستن! هەڕەشەکانت:((دەنگت دەرنەیەت...ووس بە...)) و ئەو دەستەش کە لە هەمان کاتدا بەرەو سەرم بەرز دەبوویەوە، تاکوو ئێستاش هەر لەمێشك و هەست و

نەستمدا ماونەتەوە و دەنگ دەدەنەوە! من لە بەرانبەری تۆدا زمانم دەگیرا، کەچی تۆ هێشتا هەر ناڕازی بوویت، تا ئەوەی کە هەر بە یەکجاری لاڵ و مت و بێدەنگ بووم! ڕەنگە لە سەرەتاوە لە ڕقا بێدەنگ بووبم، بەڵام دواتر تەنیا هۆی ئەوەبوو کە لە بەرامبەری تۆدا نە دەمتوانی بیر بکەمەوە و نەش قسەم پێدەکرا و ئەمەش کاری پێچەوانەی کردە سەر هەموو ژیانم، چوونکە هەر تۆ بوویت کە منت ڕا دەهێنا.

ئەگەر وابیر بکەیتەوە کە من فەرمانبەریم نەکردووی، ئەوەهەڵەیەکی گەورەیە. لە ڕاستیدا - ئاوەها کە تۆ بیری لێدەکەیەوە و سەرکۆنەم دەکەیت - وا نەبووم کە دژی هەموو خواستێکی تۆ بوەستم، بە پێچەوانەوە... ئەگەر کەمتر گوێڕایەڵ و فەرمانبەرت بوومایە، زۆرتر لێم ڕازی دەبوویت. باشتر بڵێم، هەر هەموو شێوازی ڕاهێنانەکانت کاری خۆیان لە سەرم کردووە و من خۆم لە هیچ خواستێکی تۆ لا نەداوە و هەر بۆیەشە کە من دەسکەوت و بەرهەمی شێوەی ڕاهێنانی تۆ و فەرمانبەریی خۆمم، ئەڵبەت بێجگە لە سرشتەکەم و هەرواش کارتێکردنەکانی ژیانم. هۆی ئەوەش کە تۆ، لەم دەسکەوت و بەرهەمە ناڕازیت و حاشا لەوە دەکەیت کە بەرهەمی ڕاهێنانی خۆت بێت، ئەوەیە کە ویستی تۆ و سرشتی من زەوی و ئاسمان لێك دوور و جیاواز بوونە. بۆ وێنە دەتگوت:((ووس بە)) و بەم قسەیەشت

دەتویست من شتێك نەڵێم کە بە دڵی تۆ نەبێ یا دژی تۆ بێت بەڵام کاریگەریی لە سەر من لەوە زۆرتر بوو. من لە ڕادەبەدەر فەرمانبەر بووم و بە تەواوی مت و بێدەنگ دەبووم.

(من لە دەستی تۆ و لە خودی تۆش هەڵدەهاتم و ئەو کاتەش کە هێندە لێت دوور دەکەوتمەوە دەستت نەمگاتێ، تۆزێك دەموێرا بجووڵێم کەچی تۆ گورج ئەو ڕێگەیەشت لێ دەتەنیم و وات دەزانی هەموو شتێکم دژی ویستی تۆیە، لە حاڵێکدا کە ئەم کارانەش هەر تەنیا بەرهەمی دەسەڵاتی تۆ و زەبوونیی من بوون و هیچی تر.))

(شێوەی کاری تۆ بۆ بار هێنانی من هەر تەنیا بریتی بوو لە جنێو، هەڕەشە، تانە و توانج، قەشمەری پێکردن و لە هەموویشی سەرنج ڕاکێشتر ناڵین وگلەیی کردنی خۆت بوو ـ لەمن! بە بیرم نایەت ڕاستە وخۆ جنێوت پێدابم. ئاوا کارێکیش هەر پێویستی نەدەکرد و دەیان شێوە و ڕێگەی دیکە هەبوون .

لە دەوروبەرمدا، لە ماڵەوە، کاتی قسەکردن و بە تایبەت لە دوکاندا، بەڕادەیەك بارانی جنێوت بە سەر هەمواندا دەباراند کە سەری من گێژی دەخوارد و ئەو هەموو جنێوەشم دەکێشانە سەر خۆم، چوونکەدەمدیت ئەوانەی کە جنێو بارانیان دەکەی، بە لای خۆتەوە لە من خراپتر نین و تۆش ئەوەندەی لەمن تورە و ناڕازیت، ئەوەندە لەوان زویر نیت. لێرەشدا هەر هەمان خۆپەسەندیت دەر دەکەوت: تۆ

لەسەریەك و بێ بەزەییانە جنێوی ناشیرینت بە هەموان دەدەا کەچی جنێودانی کەسێکی دیکەت لە لا ناخۆش بوو و دژی ڕا دەوەستایت. جنێوەکانت کاتێ ترسێنەر دەبوون کە هەڕەشەشیان لە پاڵدا بوو و بە تایبەت لەو کاتەدا کە منیشی دەگرتەوە. ئەم هەڕەشەیەت زۆری دەترساندم:(( ... هەر وەکوو ماسییەك لەت و پەتت دەکەم))، هەرچەند کە دەمزانی ئەو هەڕەشەیە ئاوەها کردەوەیەکی لێ ناکەوێتەوە( ئەڵبەت بە منداڵی نەمدەزانی)، بەڵام بە سەرنج دانە دەسەڵاتی تۆ واتە بەو بڕوا ترسێنەرەی کە لە ڕاستیدا ئاوەها کارێکیشت لێ دەوەشێتەوە، ئیدی هەر زۆر دەترسام و گێژی دەکردم. ئەوەش کە بە دەوری مێزەکەدا ڕات دەکرد و هەڵمەتت دێنا بۆ گرتنم، زۆر ترسێنەر بوو، ( گەرچی ئێستا تێگەیشتووم کە نەتدەویست بمگریت و بمکوژیت بەڵکوو هەر بۆ ترساندنم دەتویست وا پیشان بدەیت کە دەتەوەێ ئاوا کارێك بکەیت)، تا دایکم هەڵدەستا و وەك بڵێی، لەچنگی تۆ ڕزگاری دەکردم .

ئەو کارانەت وایان لێدەکردم کە وا بزانم تەنیا لە سای گەورەیی و میهرەبانیی تۆوە ژیانم پارێزراوە و ئەوە تۆی کە ئەو ڕزگار بوون و مانەوەیەت پێ بەخشیوم گەرچی ئەوەندەش نازیم! تۆ، بۆ هەر ئیش و کارێکی من کە بە دڵی خۆت نەبوایە، هەر ئاوا لە گەڵم دەجووڵایتەوە.

ترس و ڕێزێك كە لە خواست و بۆچوونی تۆ لە دڵمدا جێگیر بوو، هێندە چڕ وپڕ و كوشندە بوو كە وام دەزانی لە هەر كارێكمدا مادەم بە دڵی تۆ نەبێت، شكست دێنم و هیوا بڕاو دەبم، بڕوام بە كارەكانی خۆم نەما، شل وسست ودوودڵ كرام، هەرچەندە من گەورەتر دەبووم، سووكایەتی پێكردنەكانی تۆش زۆرتر دەبوون تا لەو بارەیەوە بە تەواوەتی بوویتە خاوەن ماف.

ناڵێم هەر تەنیا تۆ بوویتە هۆی زەبوونی و نائومێدیم، بەڵكوودەزانم كە تۆ لەو بارەیەوە كاریگەر بوویت و ئەو كاریگەرییەشت هەر ئێگجار زۆر بوو چوونكە تۆ لە من زۆر بە هێزتر بوویت و هەموو ئەو هێز و توانایەشت بۆ ئەو مەبەستە بەكار دەهێنا. بڕوایەكی پتەوت هەبوو بە ڕاهێنانی منداڵ بە هۆی تانە و توانج و ئەم شێوازە تایبەتییەش بە جوانی زاڵبوونی تۆی بە سەر مندا دەر دەخست. زۆر جار هەر بەو تانە و توانجەوە تووڕەیی خۆت لە من یا لە كەسانی دیكە پیشان دەدا: (( ناتوانی ئیشەكە تەواو بكەی))، (( پێت گرانە، لێت ناوەشێتەوە))، (( ڕەنگە مەجالی ئەوەت نەبێ بگەی بە كارەكەدا))! و دەیان تانەی دیكەش! و بەمجۆرەمرۆڤ پێش ئەوەی بیزانیبا چ تاوان و هەڵەیەكی كردووە، سزا دەدرا.

زۆرجاریش بە بێ ئەوەی ڕووم تێ بكەیت گاڵتە و سووكایەتیت پێدەكردم و تێكت دەشكاندم و تەنانەت بە شیاوی ئەوەشت

نەدەزانیم کە ڕاستەوخۆ گوێم لە سووکایەتی پێکردنەکەت بێت بەڵکوو هەرچەند لە پاڵیشتا بوومایە هەر دەخرامە جێی سێیەم کەسەوە! وەکوو ئەو کاتانەی کە وا پیشانت دەدا گوایە لە گەڵ دایکمدا قسە دەکەیت کەچی مەبەستی قسەکانت هەر تەنیا من بووم کە لە پاڵیدا دانیشتبووم: (( دڵنیام ناتوانین چاوەڕوانیی ئاوەها لێهاتوویەکی لێ بکەین)) و شتی تری لەو بابەتە. کارتێکردنی ئەو ڕەفتارەشت لە سەر من ئەوەندە زۆر بوو کە تەنانەت نەمدەوێرا بە بەر چاوی دایکمەوە هیچ پرسیارێکت لێبکەم !

ئەوە لە منداڵیم،خۆ کە گەورەش بووم، هەمان ترس و دڵە ڕاوکێ لە ناخمدا جێی گرتبوو و بۆم ببووە عادەت و پێی ڕاهاتبووم. زۆر جار هەر سێکمان پێکەوە دانیشتووین و من ڕووم لە دایکم کردووە و ئەحواڵی تۆم لەو پرسیوە: (( دایە، حاڵی باوکم باشە؟)) چوونکە ئەم شێوەیەیان بۆم کەم مەترسی تر بوو و جار و باریش لە گەڵێ هەڕەشە و توند و تیژی و تووڕەیی پێشبینی نەکراو دەیپاراستم !.

خۆمانین، جار و باریش توندترین و تاڵترین مەنع و لۆمە و تانە و توانجەکانتم پێخۆش بوو، مەبەستم ئەو کات و ساتەیە کە تووڕەییەکەت ((ئێلی))ی خۆشکمی دەگرتەوە کە چەندین ساڵ بوو یەکترمان نەدەدواند. کاتێ لەسەر سفرەکەدا - واتە زۆربەی کات - تووڕەی لێدەبوویت و قسەت پێدەگوت، خۆشی و شادییەك سەراپای

دادەگرتم و پێی شاگەشکە دەبووم، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە دەتگوت: ((ئەم کچەتیوە ئەوەندە زل و زەبەللاحە، دەبێ دە مەتر لەمێزەکە دووربێت ئەنجا دەتوانێ داتەپێ))، دواییش بەتووڕەیی و قەڵسییەکەوە خۆت بە سەر مێزەکەوە زل و زەبەللاح دەنواند و لاسایی ئەوت دەکردەوە کە چەندە - بە بڕوای تۆ - ناحەزو ناشیرین دانیشتووە بۆ خواردن. هەموو ئەو کارانەشت هیچ نیشانەیەکیان لە تۆزقاڵێ بەزەیی، یا تەنانەت سووکە گاڵتەیەکی باوکانە تێدا نەبوو بەڵکوو هەر بەتەواوەتی پڕ بوون لە ڕق و دوژمنایەتی سەبارەت بە خۆشکم واتە کچی تۆ! ئەو چەشنە ئاکارەت چەندە زۆر دووپات دەکرانەوە و تۆش چەندە لەو ڕێگایەوە کەم دەگەیشتیتە ئاکام! من هۆی ئەو سەر نەکەوتنەشت لەوەدا دەبینم کە ڕادەی ئێگجار زۆری غەزەب و تووڕەییەکەت لەگەڵ کارەکانی ئێمەدا یەکسان نەبوو و یەکی نەدەگرتەوە.مرۆڤ هەستی دەکرد کە ئەو تووڕەییە لە ڕادەبەدەرەی تۆ هەر تەنیا لە سەر ئەو شتە بچکۆلە نییە کە (( چۆن لە سەر مێز دادەنیشن)) بەڵکوو غەزەبەکە پێشتریش هەر بەو ڕادەیە هەبووە و ئێستا ئەم شتە ئاساییە بۆتە بیانوویەك بۆ دەربڕینی! هەرواش هەڕەشە توندەکانت ئاسایی ببوونەوە و من دەمزانی هیچیان تێدا بەستە نییە بۆیە منیش بەرە بەرە کوڕێکی لاسار و بێ ئەدەب و

گوێ نەگرم لێ دەرهات و هەمیشە لە بیری ڕاکردن و هەڵاتندا بووم وزۆرتریش هەڵاتنێکی دەروونی.

بەڵێ بابە، تۆ ئاوەها زەجرت دەکێشا و ئێمەش ئاوەها!

کاتێ بە تووڕەیی ددانت جیڕ دەکردەوە و بزەیەکی تاڵی ڕقاویت دەهاتە سەرلێو، ( شتێك کە بۆ منی منداڵ بیر و بڕوایەکی جەهەندەمیی بە دواوە بوو) و بەو ڕقەوە دەتگوت: ((حەی لەو دار و دەستەیە!))، بەلای خۆتەوە بە شتێکی باش و ڕاستت دەزانی بەڵام بەس بەلای خۆتەوە ڕاست بوو! وەکوو ئەوەی ئەم دواییە کە تەنیا بە هۆی نامەیەکەوە بوو کەلە قوستەنتەنیەوە هاتبوو.

بەڕای من، ناڵین و گلە و بناشتەکانت بەلای خەڵکەوە - کە هەمیشەش دەیانکەیت - لە گەڵ هەڵس و کەوتی خۆت لە گەڵ منداڵەکانتدا هەر زۆر لێك دوور و جیاواز بوون. بڕوات هەبێ بە منداڵی - نەك ئێستاکە - هیچ هەستێکم بەرانبەر بەو کارانەت نەبووە و هەر گوێشم نەداونەتێ. ئێستاش تێنەگەیشتم چۆن دەتوانی خۆشبین بیت بەوەی کە دەتوانی هاودەردیی دیتران بۆ لای خۆت ڕابکێشی.

ناشزانم هاودەردیی ئێمە چ سوودێکی بۆت هەبوو لە حاڵێکدا کە تۆ خۆت لە هەموو بوارێکەوە گەورە و مەزن و بە دەسەڵات تر boوویت. لە ڕاستیدا دەبا هیچ بایەخێکت بە هاودەردیی ئێمە نەدابا، هەروەکوو چۆن هەرگیز هیچ بایەخێکت بە خودی خۆمان نەدەدا! هەر بەم

پێیەش بڕوام بە گلە و بناشت و ناڵینەکانت نەمابوو و لە پشتەوەیاندا بۆ مەبەستێکی شاراوە دەگەڕام. بەم دواییانە زانیم کە تۆ بە ڕاستی لە دەستی ئێمەی منداڵ هاتبوویتە زەللە، بەڵام ئەو گلە و بناشتەت لە سەردەمی منداڵیمدا هەر تەنیا بۆ سووکایەتی پێکردن و لە ڕوو بردنی ئێمە خۆیان دەنواند، هەرچەند ئەگەر بە شێوەیەکی دروست تر بکرایەن دەیانتوانی ببنە هۆی وروژاندنی هەستی خاوێن و منداڵانەی ئێمە بۆ هەر چەشنە هاودەردی و تەنانەت فیداکارییەکیش. هەر ئەو گلەیی و تانە و توانجانەش بوون کە ئەم منداڵەیان وا ڕاهێنا کە هەموو شتە باش و ڕاستەکان بە باش و ڕاست نەزانێت و بایەخ بەو شتانە نەدات کە لە ڕاستیدا دەبا بایەخی پێ بدابان و هەر لەم ڕوویەشەوە زیانێکی زۆر لە ژیانی داهاتووی کەوت!.

خۆشبەختانە جار و بار هەلێك بۆ حەسانەوەمان دەڕەخسا، وەك ئەو کاتانەی کە تۆ لەو پەڕی هێمنی و بێدەنگیدا ڕەنجت دەبرد و ئەشق و خۆشەویستی بە هەموو گوڕ و تین و توانایەوە سنوورەکانی دەبڕین و ناخی گیانی دادەگرتین. وەکوو دوانیوەڕۆ گەرمەکانی هاوین لە دووکاندا کە پاش نانخواردن، بە ماندوێتی ئانیشکت دەخستە سەر پێشخوانەکەو وەنەوزێکت دەدا، وەکوو یەك شەموانی هاوین کە پاش ئیش و کارێکی زۆر و بە ماندوێتی دەهاتیتە هەوار، لای ئێمە یا وەك ئەو ڕۆژەی کە دایکم زۆر نەخۆش بوو و لە جێدا کەوتبوو و تۆش

ئارام، دەگریایت و دەستت گرتبوو بە مێزەکەوە تا نەکەوی. یا وەکوو ئەو کاتەی من نەخۆش کەوتبووم - دوایین نەخۆش، کەوتنم لە لای ئێوە - و لە ژوورەکەی ئۆتلادا کەوتبوومە ناوجێ و تۆش بێدەنگ هاتییە سەرم و دەرکەت کردەوە و سەرێکت کێشاو سەیرێکت کردم و بۆ ئەوە نەجوولێم و ئێشم پێنەگات، تەنیا دەستێکت بۆ ڕاوەشاندم و بەو جۆرە سڵاوت لێکردم و ئەحواڵت پرسیم! ئا لەم چەشنە کاتانەدا لە خۆشیانا تێر تێر دەگریام و تەنانەت ئێستاش کە ئەو یادەوەرییە دەنووسمەوە، فرمێسك لە چاومدا ئەڵقەی بەستووە!

تۆ، زەردەخەنەیەکی تایبەتیت هەیە کە بەلای منەوە پڕیەتی لە جوانی و ڕازی بوون و خۆشەویستی کە زۆر بە دەگمەن و بە ئاستەمیش نیشتۆتە سەر لێوت. لە حاڵێکدا کە ئەو زەردە خەنەیە گەر بپژێ بە ڕووی هەر منداڵێکدا بەختەوەری دەکات، کەچی من بەبیرمدا نایەت لە سەردەمی منداڵیمدا ئەو زەردە خەنەیەی تۆم بە ڕوودا پڕژابێت!( گەرچی لەوانەشە کە جاروبار لەو بەختەوەرییە بەهرەیەکم پێگەیشتبێت وئێستا بەبیرم نەیەتەوە)، چوونکە مەعنای نییە کە ئەوسەردەمانەش ئەو خۆشەویستییەم لێ دریغ بکرێت کە بە ڕای تۆهێشتا: ((تاوانم نەکردووە)) و ((خۆشەویست و جێی هیوای دواڕۆژی تۆ بووم))! بائەوەش بڵێم کە ئەم چەشنە لاواندنەوەیەت

لەگەڵ ڕەوتی زەماندا هەر تەنیا هەستی تاوانباریی زۆرتر کردووم و دنیای لێ چەواشە کردووم و هیچی تر!.

من، بۆئەوەی لە بەرانبەری تۆدا خۆم بنوێنم و ڕەنگە تا ڕادەیەکیش بە مەبەستی تۆڵە کردنەوە، هەر خەریکی سەیر کردن و تۆمار کردن و زل تر کردنەوەی ئەو کردەوەسووك و بێ بایەخانەبووم کە لە تۆوە دەوەشانەوە! وەکوو ئەوەی چەندە بە ئاسانی دەکەوتیتە ژێر کاریگەرێتیی ئەوانەی کە هەر بە ڕواڵەت لە سەرووی تۆوە بوون و تۆ، پیاتا هەڵدەدان، وەك پیاوێکی دەربار یا ئاوەها کەسانێکی دیکە.( لە لایەکیشەوە ئەم شتانە بۆ من زۆر کوشندەبوون کە دەمدیت تۆ، باوکی من، واهەست دەکەیت کە نیازت بەو پیا هەڵ گوتنەیە بە هەر کەس و ناکەسێکدا و شانازیشی پێوە دەکەیت و وادەزانی بەو جۆرە ڕێز و حورمەتت دەپارێزرێت!) یا سەرنجی ئەو قسە ناوازە و ناحەزانەم دەدا کە لە زاری تۆوە و هەمیشەیش بە دەنگی بەرز دەهاتنە دەر و دواییش پێدەکەنییت و وات دەزانی قسەیەکی خۆشت کردووە، لەحاڵێکدا تەنیا قسەیەکی بێ مانا و دوور لە نەزاکەت بوو و بەس.( ئەوەش بڵێم کە ئەم کارە دەبووە هۆی شادمانیی تۆ و منیشی پێ شەرمەزار دەبووم!)

ئاشکرایە ئەوچەشنە دیتن و بیستنەی کارە ناپەسەندەکان کەم نەبوو بۆیە ببووە مایەی سەرگەرمی و گێڕانەوە و فچەفچی من لەو

بارەیەوە. هەرچەند جار و باریش تۆ بەوەت دەزانی و تووڕەم لێ دەبوویت و دەتکردە خەتای خراپی و لاساری و بێ حورمەتیم، بەڵام بڕوات هەبێ ئەو کارانە هیچ نەبوون بێجگە لە کەرستەیەکی بێ بایەخ بۆ پاراستنی خۆم. ئەو کارە بۆ من وەکوو گێڕانەوەی گاڵتە کردنی خواکان یانخود پاشایەکان بوو لە لایەن ڕەمەکیی خەڵکەوە.

ئەویش گێڕانەوەیەك کە پیشاندەری ترس و ڕێز و حورمەتی ئەو خەڵکە بوون بەرامبەر بە پاشا و خواکان. تۆش لەو کارانەتدا ولە بەرانبەری کارەکانی منیشدا پشتگریت لەخۆت دەکرد و هەر بەڕووی منتدا دەدایەوە کە گوایە چەندە وەزعم باشە و تۆ چەندە پێم ڕاگەیشتوویت. ئەمەش ڕاست بوو، بەڵام لەو حاڵەدا هیچ سوودێکی بۆ من تێدا نەبوو. ڕاستە دایکم، منی لە ڕادەبەدەر خۆش دەویست بەڵام من وام هەست دەکرد کە ئەو خۆشویستنەی دایکم پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە، پەیوەندییەکی تاڵ و ناخۆش! دایکم، ڕەنگە بەبێ ئەوەی خۆی پێ بزانێت، دەوری قاودەرێکی دەگێڕا بۆ دەرپەڕاندنی شکار. تەنانەت ئەگەر ئەو شێوازە ڕاهێنانەی تۆ جاروبار کاری تێکردبام کە بە مەبەستی بەربەرەکانێ یا لەڕووی خەم و ڕقیشەوە لەتۆ بەسەر پێی خۆمەوە بووەستم، ئەوا دایکم بەو خۆشەویستییەی و بەو ئامۆژگاریانەیەوە، ئەو بناغەیەشی دەڕووخاند.( لەو کاتی سەرقاڵییە منداڵانەیەمدا، دایکم وەکوو سیمبولی ئەقڵ و ئاوەز خۆی دەنواند.)

بەو کارەشی سەر لەنوێ دەیگێڕامەوە بۆ نێو کەوانەکەی تۆ، ئەو کەوانەیەی کە ئەگەر بمتوانیبا لێی دەرباز ببم و دوور بکەومەوە، گەلێ بە قازانجی هەردوو لامان بوو.

زۆر جار ئاشتییەکی ڕاستەقینە دەکەوتە نێوان من و تۆ، دایکم لە ژێرەوە منی لێت دەپاراست، دایکم بەدزییەوە شتێکی دەدامێ یانخود ئیزنی ئیش و کارێکی پێدەدام و بەم چەشنەش دیسانەوە لە بەرانبەری تۆدا دەبوومە جانەوەرێکی تەڵەکە باز و درۆزن و تاوانبار، جانەوەرێک کە بە هۆی سووکی و بێ بایەخییەوە تەنانەت ئەو شتانەیش کە خواست و مافی ڕەوای خۆی بوون هەر بە درۆ و فێلەبازی وەدەستی دێنان. بەرەبەرە بەوە ڕاهاتم کە بە درۆ و فێڵ و تەڵەکە ئەو شتانەیش وەدەست بهێنم کە هیچ مافێکی خۆمیان پێوە نەبوو و ئەم کارەش لە لایەکی ترەوە هەستی تاوانباریی زۆرتر و زەقتر دەکردمەوە. ئەوەش ڕاستە کە تۆ هیچکات لە منت نەداوە، بەڵام گوڕاندنەکانت بە سەرمدا، خۆ گرژ کردنەکانت، کردنەوە و حازرکردنی بە پەلەی قایشی شەرواڵەکەت بۆ ئەوەی لە بەر دەستتدا ئامادە بێت بۆ لێدانم، ئەوەندە بە لامەوە ترسێنەر و کوشندە بوو، وەك بڵێی هەرئێستاکەیە بمبەن و لە سێدارەم بدەن، هێشتا سێدارەش باشترە چوونکە کابرا لە دار دەدرێت و دەمرێت و بڕایەوە، بەڵام گەر ناچار بێت کە هەموو کارەکانی سەرەتای دامەزراندنی

سێدارەکەش ببینێت و کاتێ بردیان کە ملی بکەنە پەتەکەوە، هەواڵی بەخشینی ببیستێت، ئەوە، تا ئەو ڕۆژەی بمێنێت هەرئەو کارەساتە دڵتەزێنەی لە بیر دەبێت و زەجری پێ دەکێشێت. سەرەڕای ئەوەش ئەو هەڕەشە کردنەی تۆ وای پیشان دەدا کە من بە ڕاستی تاوانبارم و دەبێ بکوژرێم بەڵام لە بەر ڕەحم و بەزەیی و بەخشینی تۆیە کە ناکوژرێم و ڕزگاردەکرێم. ئەمەش دووچەندان هەستی تاوانباری و زەبونیی زیاد دەکردم و بەم شێوەیە لە هەر لایەکەوە دەڕۆیشتمە ژێر منەتی تۆوە.

تۆ، هەر لەسەرەتای منداڵیمەوە گاڵتە و سووکایەتیت پێدەکردم، چ خۆم تەنیا بوومایە و چ لەناو سەدان کەسی وەك خۆشمدا، هیچ ئاوڕێکت لەو تێك شکان و سووك بوونەی من لە ناو خەڵکدا نەدەدایەوە. تۆ، هەمیشە و بەڕاشکاوی دووبارە و چەند بارەت دەکردەوە کە گوایە من بەشوکرانە و سەدەقەسەری تۆ، بەبێ هیچ کەم و کوڕی و بەو پەڕی ئاسایشت و بەختەوەری ژیاوم! مەبەستم ئەو قسانەن کە هەزاران جار لە خۆتم بیستوون و هەمیشە لە مێشکمدا دەزرینگێنەوە: ((من لەتەمەنی منداڵیمدا گاریچی بوومە و ئەم گوند و ئەو گوندم کردووە!))، ((هەموومان ناچار بووین لەژوورێکی بچکۆلەدا بخەوین))، ((ئەگەر دوو دەنکە پەتاتەمان دەست بکەوتبا ئێگجار شاگەشکە دەبووین))، ((ساڵەهای ساڵ قاچم برینداربوو

چوونکە پێڵاو و جل و بەرگی زستانیم نەبوو لەبەربکەم))، ((هێشتا زۆر منداڵ بووم کە بەناچاری ڕۆیشتمە کارگە و دەستم بە کرێکاری کرد))، (( کەس لەماڵەوەدەسگرۆی نەدەکردم تەنانەت کاتی سەربازیشم، بەڵکووچار و بار من خەرجی ئەوانیشم دەکێشا))، ((لەگەڵ هەمووئەمانەشدا باوکمان هەر - باوك - بوو، ئەمڕۆ کامە منداڵ لەم شتانە تێدەگات، منداڵی ئەمڕۆ هیچ تێناگەن، هیچکەس بەقەدەر من زەحمەتی نەکێشاوە، کامە منداڵم دەرك بەو هەموو ڕەنج و زەحمەت و مەینەتەی من دەکات؟))!

ئەم قسانە، لەکات و ساتی لەباری خۆیدا دەیانتوانی ببنە هاندەر و ڕاهێنەرێکی باش بۆ منداڵ کە فێری ژیان ببێت و بتوانێت بەسەر کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانیدا سەربکەوێت، بەڵام تۆ ئەوەت نەدەویست! لەئاکامی ئەو کارانەی تۆدا وەزعی ئێمە تێك چووبوو، هیچ دەرفەتێك نەدەلوا تا مرۆڤ بتوانێت کارایی و لێهاتوویی خۆی پیشان بدات و دەبوو ئاوەها هەلێکمان بە قین کردن و تۆران بۆخۆمان وەدەست بهێنابا یا هەندێ جار بۆ وەدەست هێنانی ئاوا دەرفەتێك دەبوو لەماڵ و خێزان هەڵبێین و لێی دوور بکەوینەوە! ئەمەش بەمەرجێك کە ئێمە توانا و بڕستی لێ بڕان وکاری ئاوەهامان هەبووبا و دایکیشمان بە نۆبەی خۆی و بەهەندێ شتی دیکە پشتی نەشکاندباین و ئەژنۆی شل نەکردباین! بەڵام تۆ شتی وات نەدەویست

و ئاوا کارێکیشت بە ناسوپاسی و پێنەزانین و تاوان و خیانەت و شێتی لەقەڵەم دەدا، لەحاڵێکدا لەلایەکەوە بەباس کردنی ڕابردووی خۆت و نموونە هێنانەوە و سەرکۆنەکردن و شکاندنەوەی منداڵەکەت، بۆ ئاوەها کارێك هانت دەدا و دەتخستە سەر ڕێ و لە لایەکی تریشەوەبە هەموو هێز وتواناتەوە پێشت پێدەگرت و تووڕەی لێدەبوویت!، گەر وانییە، دەبا لە کارەکەی ئۆتلا لە ((تسۆرا))دا ڕازی و خۆشحاڵ بوایەیت، ئۆتلا دەیویست بڕواتەوە گوند، واتە هەمان ئەو شوێنەی کە تۆی لێ هاتبووی بۆئەوەی لەوێ وەکوو تۆ کار بکات و زەحمەت بکێشێت و لە دەسڕەنجی تۆ نەخوات و باری سەربارت نەبێت هەروا کەتۆ لەهی باوکی خۆت نەخواردبوو!.

ئایا ئەم کارەی ئۆتلا ئەوەندە چەوت و خراپ بوو وهێندە لە قسەو ویست و کردەوەی تۆ دوور و جیاواز بوو؟! من لەوەیاندا هیچ قسەیەکم نییە کە خواست و هەڵوێستەکانی ئۆتلا لە ئەنجامدا ڕووبەڕووی ناکامی بوونەوە و شتێکی بێ بایەخیان لێ کەوتەوە کەدەنگی دایەوە و ئەویش وەکوو پێویست بیری لە باوك و دایك و بنەماڵە نەکردبوویەوە، بەڵام ئایا هەموو ئەمانە تەنیا و تەنیا ئەنجامی خەتا و تاوانی ئەو بوون یا وەزع و باری ناو ماڵەوەش دەوری لەو تاوانانەدا هەبوو؟ بەتایبەتی کە تۆ خۆت هەر بەیەکجاری لێی ڕابوویت و لە گەڵی بێگانە ببوویتەوە!

ئایا ئۆتلا لە دووکانەکەی خۆتا زۆرتر لێت نامۆ و بێگانە بوو یا لە تسۆرا؟ ئایا نەتدەتوانی( ئەگەر بتویستبا) بە هاندان و ئامۆژگاری و چاو دێریی ورد و ژیرانە یا هەر بە سەبر و لێبوردەیی خۆت ئەو کارانەی ئۆتلا بگەیەنیتە ئاکامێکی لە بار و شیاو؟ تۆ هەمیشە لەو کاتانەدا بە تانە و تەشەرێکی تایبەت و مانادارەوە دەتگوت: (( وەزعی ئێمە هەر زۆر باشە)). ڕاستە ئەوەی کە تۆ بە زەحمەت وەدەستت دێنا، ئێمە بە هیچ زەحمەتێك لێمان دەسەندی، بەڵام ئێمە ناچارین شەڕ لە گەڵ ژیانی دەرەوەدا، ( ئەوەی کە تۆ زۆر زوو لە گەڵی ڕووبەڕوو بوویتەوە و ئێمەش لێی بێ بەهرە نابین) زەمەنێکی درەنگتر و لە تەمەنێکی زۆر تردا، هەر بە توانای منالانەمانەوە درێژەی پێبدەین. نامەوێ بڵێم بار و دۆخی ئێمە لە بار و دۆخی ئەو سەردەمەی تۆ خراپتر و ئالۆزترە، ڕەنگە هەر دووکیان وەك یەك بن، ( ئەڵبەت ئەساسی کارەکان قیاس نەکراون). وەزعی ئێمە لەو نەزەرەوە خراپترە کە ناتوانین بەم هەموو گیرۆدەییەی خۆمانەوە فەخر بکەین و سووکایەتی بە خەڵکی تر بکەین، وەك چۆن تۆ بە ئاسانی دەیکەی! ئەوەش ناشارمەوە کە دەمتوانی لەو دەسڕەنجەی تۆ بە شێوەیەکی شیاو کەڵك وەر بگرم و ڕێگاکەم بەو جۆرە درێژە پێبدەم کە تۆ پێت خۆش بوو، بەڵام نامۆیی نێوانمان ببووە کۆسپی سەر ئەم ڕێگایەم. لەو شتانەی کە پێت دەدام، تەنیا بە شەرمەزاری و

ماندوویی و زەبوونی و هەستی تاوانبارییەوە سوودم وەردەگرت. بەم چەشنە لە بەرانبەری هەموو ئەو شتانەدا کە پێت دەدام، تەنیا هەر وەکوو دەرۆزەکەرێك دەمتوانی سوپاست بکەم نەك ئەوەی کە بە کردەوە قەرەبووی بکەمەوە. بەشێکی تری ئەنجامی ئەو شێوە ڕاهێنانەت ئەوە بوو کە من لە هەر شتێك کە کەمترین پەیوەندیی بە تۆوە هەبووبا هەڵدەهاتم و لە سەرووی هەمووشیانەوە لە فرۆشگە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە دەبا دیتنی فرۆشگە، بە تایبەت ئەو کاتەی کە دووکانێکی بچکۆلە بوو و منیش منداڵ بووم، شاد و خۆشحاڵی بکردبام. دووکانەکەت لەو ڕۆژگارەدا گەلێ جوان و سەرنج ڕاکێش بوو. بە شەو لە ژێر ڕۆشنایی چراکاندا دەدرەوشایەوە. لەوێ شتی زۆرم دەبیست و زۆریشم دەبینین. جار و بار دەمتوانی یاریدەت بدەم و توانا و لێهاتوویی خۆم بسەلمێنم. زۆرتریش نوقمی بیرمەندی و لێوەشاوەیی تۆ دەبووم: چۆن شتت دەفرۆشت، چۆن لە گەڵ خەڵکدا قسە و گاڵتە و گەپت دەکرد، چۆن سندوقەکانت دەکردنەوە یان شتێکت دەپێچایەوە. تۆ ماندوویيت نەدەناسی و لە هەموو کات و ساتێکدا دەتزانی کە دەبێ چی بکەیت. هەموو ئەمانەش بۆ من وەکوو فێرگەیەك بوون بەڵام لە بەر ئەوەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ و لە هەموو بابەتێکەوە ترساندمت، فرۆشگەکەشت بە لامەوە وەك خۆتی لێ هات و لە بەر چاوم کەوت. ئەو شتانەی کە پێشتر بە لامەوە ئاسایی بوون

بەرەبەرە ئازاریان دەدام و پێیان شەرمەزار دەبووم بە تایبەت هەڵس و کەوتی ناحەزت لە گەڵ کرێکارەکاندا. چووزانم... ڕەنگە لە فرۆشگەکانی دیکەشدا وەزع هەر ئاوەها بووبێت، ( بۆ وێنە لە ڕێکخراوی بیمەی ڕووداوی کرێکاراندا). کاتێ لەوێ ئیشم دەکرد دیتم کە هەمان وەزعی فرۆشگەی لای خۆمانی هەیە. منیش بە بیانووی ئەوەوە کە ناتوانم ئازاردانی خەڵکی تر ببینم لەوێ هاتمە دەرەوە.

من لەم بارەوە گەلێ کەم تامڵ بووم - هەرچەند هیچکاتێك ئەو ئازاردانە ڕووبەڕووی من نەدەبوویەوە -. لەو سەردەمەدا فرۆشگە و شوێنەکانی دیکەش بۆ من بایەخیان نەبوو بەڵام ئەوەی لای خۆمان شێتی کردبووم، کاتێ تۆم دەبینی لە فرۆشگەدا دەتقیڕاند بەسەر هەمواندا ـ بە شێوەیەك کە بە لامەوە لە هەموو دنیادا وێنەیەکی تری نەبوو ـ یا جنێوت دەدا، تووڕە دەبوویت و هەر ئەمرت دەکرد. یا کاتێ کە هەرچی کەل و پەلی زیادی سەر مێزەکە بوو، هەموویت لە یەك ئان و کاتدا فڕێ دەدایە خوار و کرێکاری هەژار دەبا جنێویش بخوات و هەمووشیان کۆ بکاتەوە (تەنیا ئەو تووڕەیی و هەڵچوونە شێتانەیەت تۆزێ بەرگری دەکرد لەوەی خەڵك بێتەوە ڕووت). یا ئەو نسە ناحەزەی کە هەمیشە بە کرێکارە نەخۆشەکەت دەگوت: ((ئەم سەگە بۆگەنە دەبێ بتۆپێ)). کرێکارەکانت بە ((دوژمنی دوچەخۆر)) لە قەڵەم دەدان و بە ڕاستیش هەروا بوو بەڵام بە بیر و

ڕای من بەر لەوەی ئەوان بووبێتنە ((دوژمنی مووچەخۆر))ی تۆ، تۆ خۆت بووبیتە دوژمنی مووچەدەر))ی ئەوان. هەر لەو فرۆشگەیەدا بوو کە ئەزموونێکی تاڵم وەرگرت: تێگەیشتم کە تۆ باش و بە ئاسانی دەتوانی پیاوێکی بێ بەزەیی و خراپ بیت! ئەمە بۆ خۆم نەبوو واتە لە سەرەتاوە تۆم سەبارەت بە خۆم خراپ و ستەمکار نەدەزانی چوونکە بە هۆی ئەو ڕاهێنانەی تۆوە، هەر ئەوەندە فێر ببووم کە هەست بە تاوانباری خۆم بکەم کاتێ هەقم بە تۆ دەدا سەبارەت بەو زەبر و زەنگە بەڵام بۆ ئەوانی تر، بە بیر و ڕای منداڵانەم ( کە دواتر زۆرنا بەڵکوو هەر تۆزقاڵێك ڕۆشنتر ببوویەوە) ئەوانە غەریب بوون و کرێکارییان بۆ ئێمە دەکرد بەڵام لە جێی پاداشت دەبا هەمیشە ترسی هەڕەشە و جنێوەکانی تۆیان لە دڵدا بوایە. من لەم بارەیەوە زێدە ڕەویم دەکرد چوونکە وامدەزانی ئەوانیش هێندەی من لێت دەترسێن و تۆ بۆ ئەوانیش هەر ئەوەندەی لای من ترسناکی. کەچی ئەگەر ئەوانیش ئاوەها وەك من بوونایە، بە دڵنیاییەوە نەیان دەتوانی بژین. بەڵام ئەوان پیاوی گەورە و پێگەیشتوو بوون و سەبر و تاملیان زۆر بوو بۆیە هەڕەشە و گوڕەشەکانت بە لایانەوە زۆر ئاسایی بوون و لە ئاکامیشدا تۆ خۆت زێتر لەوان زیان و زەرەرت پێدەگەیشت. ئەو جنێو دانەت، فرۆشگە و دەورو بەرەکەیشی لە بەر چاو خستبووم چوونکە هەردەم دەیخستمەوە بیری پەیوەندیی نێوان خۆمان: تۆ

بێجگە لەوەی حەزت لە سوودی زۆر و هەروایش فەرمان دەرکردن بوو، وەکوو بازرگانێکیش بە ئەندازەیەك لەو کەسانەی کە سەردەمانێك بەر دەست و کرێکارت بوون سەرتر و لە بەرتر بوویت کە هەرگیز لە هیچ کارێکیان ڕازی نەدەبوویت، هەروا هەمیشە لە منیش ناڕازی بوویت. هەر بۆیە منیش بە ناچار پەنام بردە بەر دار و دەستەی کرێکارەکان. ئەم کارەم هۆیەکی تریشی هەبوو: تێنەدەگیشتم پیاو چۆن دەتوانێ ئاوەها جنێو بداتە غەریب و بێگانەیەك و دەمویست هەر جۆرێك هەیە ئاشتیان بکەمەوە چوونکە وامدەزانی پڕ بە دڵ لێت تووڕەن. ئەم کارەشم بۆ ئەوە بوو کە ئاسایشێك بخەمە نێوان خۆم و تۆ وماڵەوەش. بۆ ئەم مەبەستەش ڕەزا سووکی و هەڵس و کەوتی بە ئەدەبانە لە گەڵ کرێکارەکاندا بە تەنیا بەست نەبوو بەڵکوو دەبوو خۆم بچووکتر بکەمەوە و نەك هەر پێش لەوان سڵاو بکەم بەڵکوو ئەگەر هات و وەڵامی سڵاوەکەشیان نەدامەوە، خۆمی لێ کەڕ بکەم کەچی دڵنیا بووم گەر من ـ ئەم مرۆڤە بچووك و بێ دەسەڵاتە ـ ژێر پێیشیان ماچ بکەم هێشتا هەر ناتوانم ئەو زەرەر و زیانەیان بۆ قەرەبوو بکەمەوە کە تۆ، ـ تۆی ئەرباب ـ لە سەرەوەڕا پێت دەگەیاندن. ئەم پەیوەندییە کە بەم شێوەیە لە نێوان من و دیکەی خەڵکدا بە دیهات لە سنووری فرۆشگەش تێپەڕی و دواتریش هەر درێژەی کێشا و زەقتریش بوویەوە (بۆ وێنە ئۆتلا

حەزی لە هات و چۆ بوو لە گەڵ هەژارەکاندا وەکوو کارەکەرەکەمان... کە ئەوەندەی تر تۆی قەڵس و توورە دەکرد، ئەو کارەی ئەو هەر لەوەی من ئەچوو ئەڵبەت نەك بەو توند و تیژی و ترسناکییەوە کە داوێنی منی گرتبوو.) سەرەنجام لە فرۆشگەکەش ترسام و هەر ئەوەندە بوو کە هیچ کارێکم بە سەرەوە نەبوو بە تایبەت کە گەیشتمە قۆناغی ناوەندیش زۆرتر لێی دوور کەوتمەوە. بێجگە لەوەش وام دەزانی کە هەرگیز ناتوانم کار و باری ئەوێ هەڵسووڕێنم چوونکە خۆت واتەنی بەڕێوە بردنی ئەوێ تەنانەت بۆ خودی تۆش ئاستەم بوو. هەوڵت دەدا ئەو دڵ ساردیەی من سەبارەت بە فرۆشگە و دیکەیکار وبارەکانت ـ کە بۆ خۆت زۆر کوشندە بوو ـ بکەیتە ئامراز و کەرستەیەك بۆ سەر گەرمی و سووکایەتی پێکردن. وەك ئەوەی کە دەتگوت: گوایە من حەز بە زەحمەتکێشانی کەسپ و کارناکەم و بیری بەرزتر و مەزنترم لە کەڵلەدایە و شتی وا! (ئەمەش، ئەمڕۆ کاتێ بیری لێ دەکەمەوە، ورد و شەرمەزارم دەکات) دڵنیام کە دایکم لەو قسانەت کە بە قەڵسی و توانجێکیشەوە دەتکردن خۆشحاڵ دەبوو و کاری لە سەر منیش دەکرد. کەچی وا نەبوو چوونکە ئەگەر بە ڕاستی ئەو بیرە مەزنانە منیان لە فرۆشگە دوور خستەوە(کە ئەمڕۆ هەر بە تەواوەتی لە ناوەکەشی بێزارم) دەبوا بە شێوەیەکی جوانتر خۆیان پیشان بدابا نەك هێواش و لە سەر خۆ و ترسنۆکانە من

بە شوێن خۆیاندا لە بەشی قانوون لە زانکۆدا بکێشنە پشتی مێزی دایرە!.

ئەگەر بمویستبا لە تۆ هەڵێم و لێت دوور بکەمەوە دەبوا لە خاو خێزان و تەنانەت لە دایکیشم دابڕابام. هەر چەند دەمتوانی لە پاڵی ئەودا پەنایەك بۆ خۆم بدۆزمەوە بەلام هەمان کاریش هەر لە پەیوەندی لە گەڵ تۆدا مەیسەر دەبوو. دایکم هێندە تۆی خۆش دەویست و گوێڕایەڵ و فەرمانبەرت بوو کە بە هیچ جۆرێ نەیدەتوانی لە کێشەی ئەم منداڵەدا هەمیشە دەسەلاتێکی سەر بە خۆ و یەك لایەنەی مەعنەویی هەبێت. دواتریش دەر کەوت کە ئەم بیر و ڕایەم دروست بووە چونکە پەیوەندیی دایکم بە تۆوە ڕۆژ بە ڕۆژ و ساڵ بە ساڵ هەر دەهات و نزیك تر و پتەوتر دەبوو. هەر چەند لە کارە تایبەتییەکانی خۆیدا تا ڕادەیەك سەر بە خۆیی خۆی بە شێوەیەکی جوان و نەرم و نیان پاراست بە بێ ئەوەی تۆش تووڕە و قەڵس بکات بەلام وردە وردە - زۆرتریش لە ڕووی هەوەسەوە نەك ئەقڵ و ئاوەز - لە ڕابردوو زۆرتر بوویە شەریك و هاوکاری تۆ (ئەویش بە شێوەیەکی تەقلیدی و کوێرانە) بۆ مەنع و لۆمە و دەمکوت دانەوەی منداڵەکان و بە تایبەت سەبارەت بە ئۆتلا کە بێ گومان ئەمەیان قەیرانێکی خراپ و نالەبار بوو. نابێ ئەوەش لە بیر بەرین کە دایکم چەندە خۆی هیلاك دەکرد و چەندە وەزع و باری لە ماڵدا شپرز و ئاڵۆز بوو، ئەوەندەش

بۆ کار و فەرمانەکانی ناو ماڵ و فرۆشگەش خۆی ماندوو دەکرد، بۆ نەخۆش کەوتنی هەر یەکەمان دوو هێندەی هەموومان ڕەنجی دەبرد بەڵام ئەو وەزعەی کە دەبا لە نێوان من و تۆدا وەکوو میانجییەک بوایەت و منی لە مەترسیی تۆ بپاراستبایە، لە هەر هەموو ڕەنجەکانی دیکەی سەخت تر و کوشندە تر بوو.

تۆش، کە هەمیشە لە گەڵیدا چاک و میهرەبان بوویت، لەم بوارەدا هیچکاتێك وەزعی ئەوت لە بەر چاو نەدەگرت و هەر وەکوو ئێمە بایەخت پێ نەدەدا. بە هەموومانەوە گوشارمان دەخستە سەری، ئێمە لە لایەك و تۆش بە تەنیا لە لایەکی دیکەوە، ئەم کارەشمان تەنیا جۆرە سووك کردنێکی باری خۆمان بوو نەك هیچ نیاز و مەبەستێکی تر. هەموان لە بیری ئەو شەڕ و ئاژاوەیەدا بوون کە بە سەرماندا داسەپیبوو، ئاژاوەی تۆ لە نێوان ئێمەدا و هی ئێمەش لە گەڵ تۆدا. دواییش هەر هەموومان هەموو شتەکەمان بە سەر دایکماندا دەشکاندەوە. ئازاردانی دایکمان لە سەر ئێمە (ئەڵبەت بە بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ تاوانێکت بکاتەوە) هیچکاتێك لە بواری ڕاهێنانی ئێمەی منداڵدا کارێکی دروست نەبووە. ئەو کارانەی تۆ دەبوونە سەرپۆشێك بۆ جووڵانەوەی ئێمەش لە گەڵیدا ـ جوڵانەوەیەك کە هیچکات ژیرانە نەبووە ـ.

ئاخۆ دایکم چەندە لە دەستی تۆ لە سەر ئێمە و لە دەستی ئێمەش لە سەر تۆ زەجری کێشابێت؟! هەر چەند تۆ هەندێ جار هەقت بوو، چوونکە دایکم جاروبار ئێمەی هار دەکرد، گەرچی ئەو چەشنە هار کردنەش زۆر جار تەنیا ڕووبەڕوو بوونەوە و بەر هەڵستکارییەکی ئارام و لە سەر خۆ بووە لە گەڵ دەسەڵاتی داسە پیوی تۆدا. دایکم هەموومانی خۆش دەویست و دیارە گەر ئومێد و هێز و بڕستی ئەو خۆشەویستییە نەبوایە نەی دەتوانی ئەوەندە تاقەت بهێنێت و ئەو وەزعە هەرە ئاڵۆزە تامڵ بکات.خۆشکەکانم کەمتر پشتیان دەگرتم. پەیوەندیی

(( والی)) لە گەڵ تۆدا لە هی هەر هەمووومان باشتربوو. زۆرتریش لە دایکمان دەچوو، هەر وەك ئەویش بە بێ هیچ ناڕەحەتییەك فەرمانبەریی دەکردی. تۆلە گەڵ ئەودا باشتر بووی، ئەویش تەنیا لە بەر ئەوەی کە وەکوو دایکمان بوو دەنا ئەویش هیچ بەهرەیەکی لە((سرشتی کافکایی)) نەبردبوو. ڕەنگە هە ئەم مەسەلەیەش ڕازیی کردبیت، چوونکە کاتێ لە شوێنێ یان لە شتێکدا ـ سرشتی کافکایی ـ نەدەبینرا، ئیتر تەنانەت تۆش ئەوەت لێ نەدەویست و چاوەڕوانیت لێ نەدەکرد.سەرەڕای ئەوەش تۆ لە بارەی ـ والی ـ یەوە (بە پێچەوانەی ئێمە) بیرت لەوە نەدەکردەوە کە شتێکە و خەریکە لە نێو دەچێت، شتێ کە دەبوا بە زۆر نەجات بدرێت! و هەر واش تۆ هیچ

حەزت لە سرشتی کافکایی لە ئافرەتاندا نەدەکرد. ڕەنگە ئەگەر ئێمە( منداڵەکانی تر) بمان هێشتایە و لێتانمان نەشێواندبا، پێوەندیی تۆ و ـ والی ـ نزیکتر و خۆشەویستانە تر دەبوو.

(( ئێلی))ی خۆشکم تاقە نموونەی تەواوی دوور کەوتنەویە لە مەودای دەسەلاتی تۆ. کە منداڵ بوو، هیچکات چاوەڕوانی ئاوەها کارێکم لێ نەدەکرد و هەر بیریشم لێ نەدەکردەوە چونکە منداڵێکی گێل و گۆج و ترسنۆك و مۆڕ و بێ بایەخ و لاسار و تەوەزەل و چاو چنۆك بوو! من هەر حەزم نەدەکرد ببینم یان قسەی لە گەڵدا بکەم، دەیخستمەوە بیری خۆم چوونکە هەر وەك من لە ژێر گوشاری ئەو شێوە ڕا هێنانەی تۆدا خنکابوو! من بە تایبەتی لە چاو چنۆکییەکەی بێزار دەبووم ئەویش لە بەر ئەوەی کە خودی خۆمیش هەر موبتەلای ئەو دەردە بووم! چاو چنۆکی یەکێکە لە نیشانە هەرە ڕەشەکانی چارەڕەشی. بە ڕادەیەك ڕەشبین ببووم و بڕوام بە هیچ نەمابوو کە هەر شتێك لە یەك کاتدا لە دەستم یا لە دەممدا نەبوایە بە هی خۆم نەدەزانی. ئەویش کە هەر وەکوو خۆم ڕا هاتبوو، هەمان ئەو شتانەی لێ دەدزیم و لێی زەوت دەکردم.بەڵام هێشتا منداڵ بوو کە لێمان دوور کەوتەوە ـ و ئەمەش جێی سەرنجە ـ شووی کرد و منداڵی بوون و نۆریش گۆڕا، لەوە بە دوا بووە ژنێکی دڵتەڕ و ئاسوودە و بە جەرگ و دڵاوا و لێبووردە و ئومێدەوار. بۆم سەخت بوو بڕوا بکەم بەوەی کە

گوایە ئەو ئاڵ و گۆڕە سەرنجی ڕانەکێشابیت و هیچ نا تۆزقاڵێک بایەخت پێنەدابێت.

ئەویش لەوەوە سەر چاوە دەگرێ کە تۆ هەر لە سەرەتاوە ڕقت لێ بوو و ئەو ڕقەش کوێری کردبوویت و هەنووکە هەر لە دڵتا ماوەتەوە و ئەگەر کەمتر دەری دەبڕی، لەبەر ئەوەیە کە ((فیلیکس)) و ((کارل هێرمان))ی زاوامان واتە مێردەکەی ـ ئێلی ـ ت زۆر خۆش ئەوێن. هەر چەند جار و باریش ئەو ڕقە ئەستوورەت بە سەر ((گێرتی))ی کچی ئێلی دا دەڕژێنیت و ئەو دەبێ تاوانی ڕق و کینەی تۆ لە دایکی بداتەوە. خۆ ناوێرم ناوی ((ئوتلا)) بەرم چوونکە دەزانم کە بەو کارەم هەموو ئومێد و هیوایەکانم کە بەم نامەیەم هەیە دەبنە هیچ! لە کات و ساتی ئاساییدا، واتە ئەو کاتانەی کە لە مەترسیدا نیەو نەکەوتۆتە بەر دەستت، تەنیا لێی بێزاریت و بە دوژمنی خۆتی دەزانی. لە بیرمە ڕۆژێك هەر لای خۆم درکاندت کە گوایا بڕوات وایە((ئوتلا)) بە ئەنقەست ئازاری تۆ دەدات و تۆش کە زەجر دەکێشی ئەوی پێ شاگەشکە دەبێت. ئەمە، واتە ئەو بۆخۆی چەشنێکە یان ڕوییێکە لە شەیتان! ئەبێ چ نامۆییەکی قووڵ! ـ قووڵتر لەوەی نێوانی خۆمان ـ لە نیوان تۆ و ئوتلادا پێش هاتبێ کەبۆتە هۆی بەدی هێنانی هەڵەیەکی ئاوا گەورە و ترسناك؟ ئێستا ئەو هێندە لە تۆ دوور کەوتۆتەوە کە قەد نایبینی. ئەگەر ڕۆح و

سێبەر و تاپۆیەکی ناپاکیش شک بەری ئامادەی بیخەیتە جێی ئەو. دان بەو راستیەدا دەنێم کە زۆری ئازار دەدایت و ئەمەش مەسەلەیەکی دژوارە و هەرچی دەکەم سەری لێ دەرناهێنم بەلام ئەوەندە دەزانم کە لێرەدا و بۆ ئەم مەسەلەیە شتێك وەکوو رووییێکی ((لۆڤی)) تێکەڵ بە سروشتێکی (( کافکا))یی هەست پێ دەکرێت. شەڕی نێوان من و تۆ شەڕێکی توند و تیژی ڕاستەقینە نەبوو، من هەر زوو تێك شکام و ئەوەی مایەوە نارەزایەتی و هەلاتن و حەسرەت و کێشەی دەروونی بوو. بەلام ئێوە، تۆ و ئۆتلا، هەمیشە بۆ ئەو شەڕە ئامادە و تەیار بوون ئەویش بە هەموو هێز و بە بێ ماندوو بوون. دیمەنێکی شکۆدار و لە هەمان حالێشدا خەماوی بوو. بێ شك ئێوە لە سەرەتاکانەوە لە هەموو کەس زۆرتر لێك نزیك بوون چوونکە هێشتاکەش هەر ئۆتلا لە ناو هەر چوارماندا بە ڕەسەنترین بەرهەمی ژیانی هاو بەشی تۆ و دایکمان و ئەو دوو تایبەتمەندییەی نێوان هاوسەرێتیی ئێوە دەژمێردرێت. نازانم چی بوو کە وا ئەم بەختیاریی پێکەوە بوونی باوك و فرزەندییەی لە ئێوە تێك دا، تەنیا ئەوەندەی لێدەزانم کە شێوازی مەسەلەکە هەر لەوەی من دەچێت واتە لە لایەن تۆوە ئەو خۆ بە زل زانینە سروشتییەت و لە لایەن ئەویشەوە ئەو هەستی پێداگرییە((لۆیی)) ئاسایە و ئەو دادپەروەری و توند و تیژیەی کە هەر هەمووشیان بەسترابوونەوە بە هێزی - کافکایی -

یەوە. منیش کاریگەرێتیم لە سەر ئۆتلا هەبووە، ئەڵبەت نەک بە ئەنقەست بەڵکوو لە ڕووی لێکچوونێکی سروشتییەوە بووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە ئۆتلا دوایین کەس بوو کە هاتە ناو کەوانەی ئەو کێشەی دەسەڵاتەوە کە ئەو کاتە وەکوو چوار چێوەیەکی دیاریکراوی لێ هاتبوو، بۆیەش توانیی سەرنجی هەموو شتەکان بدات و لێیان ورد بێتەوە و پاشان هەر خۆی ڕایان لە سەر بدات. تەنانەت وا دەزانم کە ئۆتلا بۆ ماوەیەکی هەرە زۆر لە نێو بیر و مێشکی خۆیدا تلاوەتەوە و لە ناو ئەو خۆف و ڕجایەدا ژیاوە کە ئاخۆ بە تووە بلکێ یان بە دەستەی دوژمنەکانتەوە! ئاشکرایە کە تۆش هەر لەو ماوەی گێرە و کێشە دەروونییەیدا خراپ جووڵاویتەوە و ئەوت لە خۆت کردووە دەنا من دڵنیام کە ئێوە بە جوانی یەکتان دەگرت و یەکیەتییەکی پتەو و شکۆدارتان پێکەوە دەنا. هەر چەند کە لەو حاڵەشدا من هاوپەیمانێکم لە دەست دەدا بەڵام هەر چۆنێك بوایە دیتنی ئێوە بەو یەکیەتییە شکۆدارەتانەوە ئەوەی بۆ قەرەبوو دەکردمەوە و هەر بە پێی ئەو بەختیاریە بڕوا پێ نەکراوەش واتە ڕازی بوونی تۆ لە یەکێ لە منداڵەکانت، هەڵس و کەوتت لە گەڵ منیشدا باشتر و نەرمتر دەبوو. (هەر چەند ئەم قسانە، ئەمڕۆ هەر تەنیا خەیاڵێکن و هیچی تر). ئۆتلا، ئێستا هیچ پێوەندییەکی بە تووە نییە و دەبێ خۆی بە تەنیا ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە، هەر وەکوو من. ئەوەش کە لە چاوی

تۆدا ئەو لە من خراپتر و لاسار تر دەنوێنێ ئەوەیە کە هیوا و ئومێد و ئاسوودەیی و بێ خەیاڵیی ئەو لە من زۆرترە. لەوە دەگەم کەبەڕای تۆ ئەو ناتوانێ جۆرێکی تر بێت. بەڵێ ئۆتلا توانای ئەوەی هەیە کەلە ڕوانگەی تۆوە لەخۆی ڕامێنێت و خۆی بە شەریك و هاو خەمی تۆ بزانێت لەو زەجر کێشانەتدا بەلام هەرگیز هیوا بڕاو نەبێت چوونکە بە ڕای تۆ هیوا بڕاوی و بێ ئومێدی و ورە بەردان هەر تایبەتی منە! کاتێکیش جار و بار بە پێچەوانەی بۆ چوونەکانی خۆت ئێمەت پێکەوە دەدیت کە چپەمان دێت و پێدەکەنین و ناوی تۆش دێنین، وەك پیلانگێڕێکی ڕوو هەڵماڵراو چاوت لێدەکردین و بە پیلانگێڕی سەیر و سەمەرەت ناو دەبردین! هەر چەند تۆ لە مێژە تێکەڵی بیر و خەیاڵمان بوویت و ئێستاش هەر تێکەڵی قسە و باسەکانمانی بەلام ئەو دانیشتن و قسە کردنانەمان بۆ گێڕانی پیلانێکی دژ بە تۆ نەبوو بەڵکوو دەمانویست بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر، بە گاڵتە و گەپ، بە تووڕەیی، بە خۆشەویستی، بە بەرهەڵستکاری، بە پاکی و هەست بە تاوان کردن و بە بڕستی بیر و ئاوەز، دوور و نزیك و بەلەبەرچاو گرتنی هەموو هۆکار و سەبەبەکان، دەربارەی ئەو مەحکەمە خۆفناکەی نێوان تۆ و خۆمان سکالا بکەین، ئەو مەحکەمەیەی کە تۆ هەمیشە وا دەزانی خۆت تیایدا تاقە داوەر و حاکمی لە حالێکدا تۆش - تا ڕادەیەکی بەر چاویش - وەکوو ئێمە لایەنێکی زار و زەبوون و

بێ دەسەڵاتی شەڕ و گێرە و کێشەکەیت.( لێرەدا ناچارم بڵێم کە لەوانەیە لەم بۆچوونەمدا توشی هەڵە بووبم).

(( ئێرما))ی ئامۆزام بە گشتی نموونەیەکی ڕۆشنی کاریگەرێتیی شێوازی ڕاهێنانی تۆ بوو. ئەو لە لایەکەوە لە تۆ دوور بوو، وەکوو پیاوێکی پێگەیشتوو هاتە ناو فرۆشگەکەت و زۆرتریش وەك بەر پرسێك سەیری دەکردی، بەم پێیە کەمتر کەوتە ژێر سێبەری دەسەڵاتی تۆ( بە تایبەتی لە تەمەنێکی وادا کە توانای خۆڕاگریی هەبێت). بەڵام لە لایەکی تریشەوە لە بنەماڵەی خۆمان بوو و وەکوو مامەیەك ڕێزی دەگرتی و بەم پێیەش دەسەڵاتی تۆ لە سەر ئەو لە سنووری دەسەڵاتی تاقە بەرپرسێك بەدەر و زیاتر بوو، لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا بەڕای تۆ، ئەو، کە بەو جەستە لاوازەوەش ئەوەندە زیرەك و وریا و تێکۆشەر و لێبوردە و جێ متمانە بوو و ئەوەندەش ڕێزی تۆی وەکوو مامەیەك دەگرت و وەك بەرپرسێکیش گوێڕایەڵت بوو، هێشتا کرێکارێکی باش نەبووە! بەم جۆرە ئێرماش لە ئاستی تۆدا وەزع و بارێکی هەر وەکوو ئێمەی هەبوو، ئەڵبەت ئەوە ئێمە بووین کە وامان لێدەکرد. هێزی تێك شکێنەری تۆ بۆ ئێرما ئەوەندە زۆر بوو کە ئەوی تووشی چەشنە فەرامۆشکاری و کەهاڵی و تا ڕادەیەکیش خۆش تەبعی کردبوو و ئەویش هەر تەنیا لە بەرانبەری تۆدا، هیواداریشم کە بەبێ ڕەنج و ئازار بووبێت. گومان لەوەدا نییە کە

ئێرما مرۆڤێکی نەخۆش و لە بوارەکانی تریشدا هەر ناتەوان و لاواز بوو و لە لاتەریکی و دووره پەرێزییەکدا بۆ خۆی دەتلایەوە و ئازاری دەچێژا. تۆ پەیوەندیی خۆت لە گەڵیدا لە یەك ڕستەدا بۆ ئێمە دەردەبڕی کە ڕستەکەش ببووە بنێشتە خۆشەی دەمی هەموومان، ڕستەیەکی کفرئامێز و لە هەمان کاتدا پیشاندەری بێ تاوانیی تۆ لە چۆنیەتی هەڵس و کەوت و جووڵانەوەت لە گەڵ دیتراندا: ((ئەو ڕەحمەتییە چ گەندەڵییەکی بۆ من بە جێ هێشت و خۆی چوو!)).

دەتوانم لەمەش زۆرتر لە مەڕ چوار چێوەی هێز و دەستێوەردانەکانی تۆ و ئەو هەوڵ و تەقەلایەی کە دژی ئەو چوار چێوەیە دەدرا بنووسمەوە بەڵام دەترسم تووشی شك و گومان و سەر لێ شێواویم بکات. سەرەڕای ئەوەش دەبێ بڵێم هەرچی لە ماڵ و دوکانەکەت دوور دەکەوتییەوە دەگۆڕایت و دەبویتە پیاوێکی بە بەزەیی و بە ئەدەب و نزاکەت و لێبوردە و لە کارو باری هەموان ڕازی دەبووی، هەر وەکوو دەسەڵاتدارێکی ستەمکار کە کاتێ لە وڵاتی ژێر دەسەڵاتی خۆی دوور کەوتەوە ئیدی دەست لە ئەمر و فەرمان و بگرە و بەردەی جارانی هەڵ دەگرێت و تەنانەت لە گەڵ هەموو کەسێکیشا بێ فەرق و جیاوازی، ڕەفتارێکی دۆستانەی دەبێت. هەر بە ڕاستیش لەو وێنەیەی کە لە ((فرانتسنزباد))دا گرتووتانە، تۆ بە جۆرێك ڕاوەستاوی کە دەڵێی سوڵتانێکە لە ناو ژێردەست و فەرمانبەرەکانی

خۆیدا وەستاوە. ئەم شتەش دەکرا سوودی هەبێ بۆ ئێمەی منداڵی بەو مەرجەی کە ئەو هەل و دەرفەت و مەودایەمان بۆ بڕەخسیبایە کە بیری لێ بکەینەوە و دەرکی پێبکەین. بۆ وێنە من هەمیشە لە بەرتەسک ترین و دژوارترین و تاسێنەرترین ئەڵقەی زنجیری ژێر دەسەڵاتی تۆدا نەژیابام کە بە داخەوە لە ڕاستیدا هەروا ژیاوم!.

هەر ئەوەش بوو وای لێکردم کە وەك خۆت دەڵێی نەك هەر خۆشەویستیم سەبارەت بە خێزان کەم بوویەوە بەڵکوو تەنانەت حەزی دابڕان و دوور کەوتنەوەش لە دڵمدا چەکەرەی کرد، واتە حەزی دڵ کەندن و دابڕان لە تۆ، ئەویش بۆ هەتا هەتایە! کەچی هەر کاردانەوەی کاریگەرێتیی تۆ لە سەرم زیانی گەیاندە پێوەندییەکانم لە گەڵ ئەوانەشدا کە لە دەرەوەی خێزان و بنەماڵەکەماندا بوون. بە هەڵەدا چوونە ئەگەر وا بیر بکەیتەوە کە گوایە من لە ڕووی خۆشەویستی و بە وەفادارییەوە بۆ دیتران هەموو کارێك دەکەم بەڵام بۆ تۆ و بنەماڵەکەشم لە ڕووی دڵساردی و خراپیمەوەهیچ هەنگاوێك هەڵناگرم!. بۆ دەیەمین جار دووبارەی دەکەمەوە لە هەر حاڵەتێکدا لای ئێوە، من دەبوومە مرۆڤێکی ترسنۆك و لەخەڵك هەڵاتوو، بەڵام لە گەڵ ئێستامدا و ئەم قۆناغەی کە ئێستا پێی گەیشتووم جیاوازییەکی زۆری دەبوو.( تا ئێستایش لەم نامەیەدا لە هیچ بوار و لایەنێك بێدەنگ نەبووم بەڵام لێرە بە دواوە ناچارم لە بارەی هەندێ بابەت

بێدەنگ بمێنمەوە، ئەو شتانەی کە گوتن و ئاماژە پێکردنیان لە ڕووی تۆدا بۆ من نەلواو و دژوارە، ئەوەش بۆیە دەڵێم کە ئەگەر لە هەندێ شوێندا وێنەی تەواوم بە دەستەوە نەدابێت، وانەزانی بە هۆی ئەوەوەیە کە بۆ ئەو لایەنە بەڵگە و شایەدم بە دەستەوە نییە، بە پێچەوانەوە شایەد و بەڵگەی زۆرم هەن کە وێنەکان ئەوەندە زەق بکەمەوە کەس خۆی پێ ڕانەگیرێت) سەرەڕای ئەوەش بیرمێنانەوەی ڕابردوو بۆ ئەم لایەنە خۆی پیشاندەری هەموو ڕاستییەکانە: من لە بەرانبەری تۆدا بڕوام بە خۆم نەما و لە هەمان حاڵیشدا هەستی تاوانباری هەموو گیانی داگرتم. ئەویش بە ڕادەیەك کە جارێکیان هەر لە ژێر کاریگەرێتیی ئەم هەستی تاوانبارییەمدا دەربارەی کەسێك ئاوام نووسیبوو: ((دەترسێ ئەم بەدناوییە تەنانەت دوای خۆیشی هەر بمێنێتەوە)). کاتێ ڕووبەڕووی دیتران دەبوومەوە نەمدەتوانی ڕەفتاری خۆم بگۆڕم بەڵکوو لە بەرامبەری ئەوانیشدا هەر هەستم بە تاوانبارییەکی زۆرتر دەکرد! چوونکە دەبا وەکوو پێشتر گوتم، ئەو تاوانەی تۆ لە دووکاندا کردبووت و منیش تێیدا بەشدار بووم بسڕمەوە. هەر وەها تۆ بە دزی و بە ئاشکراش عەیبەت لە هەموو ئەوانە دەگرت کە بە هر چەشنێ لە گەڵیان دەبوویت و من دەبوو ئەوەش لە دڵی ئەواندا دەر بهێنم. ئەو گومانەی کە تۆ دەتویست چ لە ماڵ و چ لە دووکانیشدا لە دڵی مندا دروستی بکەیت، (دەمەوێ

تەنانەت یەك کەسیشم بۆ ناو بەریت کە من بە منداڵیم خۆشم ویستبێت و تۆ تانە و توانجت لێنەدابێت!) گومانێك کە بۆ تۆ هیچ نەبوو چوونکە تۆ لە ئاستیدا بە هێزتر و خۆڕاگرتر بوویت و هەر لەوانەشە کە لە ڕووی خۆ بە زل زانینەتەوە بووبێت بەڵام لە لایەن منی منداڵەوە هیچکات و لە هیچ ڕوویەکەوە دروست نەبوو چوونکە بە پێچەوانەی ڕای تۆ، من لە دەور و بەری خۆمدا تەنیا ئەو مرۆڤە پاك و شەرەفمەندانەم دەدیتن کە گەیشتن بە ئاستی پلە و پایەی ئەوان لە پاکیدا بۆ من مەحاڵ بوو. بۆیە هەر ئەوەش بوویە هۆی بێ بڕواییم بە خۆم و ترسی هەمیشەییم لە دیتران تا ڕادەیەك کە ئیدی بۆ ڕزگار بوونم لە دەستی تۆ نەمدەتوانی پەنا بەرمە بەر ئەوانیش! هەڵەکەی تۆ لەوەدا بوو کە هیچ ئاگادارییەکت لە پێوەندیی نێوان من و ئاشناکانم نەبوو و تەنیا بە بەد گومانییەوە سەیرت دەکرد و وات دادەنا کە گوایە من دەمەوێ ئەو دابڕانەی خۆم لە بنەماڵەکەم لە شوێنێکی دیکەدا قەرەبوو بکەمەوە. ئەم بێ بڕواییە بە خۆم لە منداڵیمدا تا ڕادەیەك دەبووە هۆی دڵ گەرمیم، جاروبار بەخۆم دەگوت:

(( زۆر زێدەڕۆیی دەکەی... وەك لاوەکانی دیکە هەموو شتە هەرە بچووکەکان زۆر گەورە دەکەیەوە...)) بەڵام کە گەورە بووم و ئاسۆی بیریشم بەرینتر بوو ئەو دڵگەرمییەم لا نەما.

من لە یەهوودییەتیشدا هەر نەمتوانی خۆم لە دەستی تۆ ڕزگار بکەم. دەمەوێ بڵێم ڕەنگە من و تۆ بمانتوانیبا لە یەهوودییەتدا یەکدی بدۆزینەوە و پێک بگەین بەڵام نازانم ئەمە چ یەهوودییەتێک بوو کە لە تۆوە پێم گەیشت؟ تا ئێستا لە ژیانمدا سێ خوێندنەوەی لێک جیاوازم لە سەر یەهوودییەت هەبووە. کاتی منداڵیم، هەر وەکوو تۆ خۆم سەرزەنشت دەکرد کە بۆ چی بە پێی پێویست ناچمە کنێسە و ڕۆژوو ناگرم و شتی وا؟ لەو بڕوایەدا بووم کە بەم کارانەم نەک هەر بە خۆم بەڵکوو زیان بە تۆش دەگەیەنم و لەو کاتەشدا ئەو هەستی تاوانبارییەم کە هەمیشەش حازر و ئامادەبوو جارێکی دیکە هەموو گیانی دادەگرتمەوە. دواتر کە گەورە بووم نەمدەتوانی لەوە تێبگەم کە چۆن چۆنی تۆ کە خۆت هیچ بەهرەیەکت لە یەهوودییەت نەبوو دەتوانی سەرکۆنەی من بکەی کە بۆچی لە بەر تەقیەش بووبێت هەوڵ نادەم هەر وەکوو تۆ ئەو کارە پڕوپووچانە دووپاتە بکەمەوە؟ تا ئەو جێگەیەی تێیدەگەیشتم دەمدیت کە بە ڕاستی بێجگە لە پووچی، هیچی تر نەبوو، هەر تەنیا گاڵتە جاڕییەک بوو، دەمەوێ بڵێم تەنانەت گاڵتەش نەبوو. تۆ لە ساڵێکدا چوار جار دەچوویتە کنێسە، ئەویش هەر وەکوو ئەوانەی تر کە بە ساردی و بێ موبالاتی هاتبوون، نوێژەکەت وەک ڕەسم و باوێک دەخوێند، هەندێ جاریش سەرم لەوە سوڕ دەما کە دەت توانی ئەو بەشەم پیشان بدەی کەلە کتێبی نزادا

دەخوێنرایەوە، من هەر لە بەر ئەوەی کە لە کەنێسەدا بووم دەمتوانی بچمە هەر سووچ و قوژبنێکەوە، چوونکە ئەسڵی شتەکە هەر تەنیا ئەوە بوو: هاتنی من بۆ کەنێسە, ئیدی هەموو ئەو کاتە درێژانەم بە باوێشك و وەنەوز دان دەبردنە سەر. ئاوەها بێزاری و ماندوییەکم دواتر تەنیا و تەنیا لە کۆڕی سەمادا هەست پێکردووە. هەوڵم دەدا خۆم بە هەر شتێکەوە بخافڵێنم ئەگەرچی زۆر بچووکیش بێت. وەکوو کاتی کرانەوەی (میشگان) کەدەیخستمەوە بیری شوێنە تایبەتییەکانی تیر هاویشتن لە(گاردن پارتی)دا کە کاتێ تیرەکە لە خاڵە ڕەشەکەی دەدا دەرکی سندوقێك دەکرایەوە، هەرچەند لەوێ لە ناو سندوقەکەدا شتی سەیر سەیر دەهاتنە دەرێ کەچی لە کەنێسەدا هەر تەنیا ئەو بووکۆکە کۆنە سەر بڕاوانەی هەمیشە بوون و هیچی تر. هەروەها هەمیشە ترسیش دایدەگرتم، نەك ترس لەو هەموو حەشاماتە زۆرە بەڵکوو ترس لەوەی کە تۆ جارێکیان گوتبووت: (( ڕەنگبێ بانگت بکەن بۆ تەورات خوێندنەوە)) منیش ساڵەهای ساڵ لە ترسی ئەو کارەدا دەلەرزیم. خۆ ڕەسم و یاسای

( غوسڵی تەعمید)یش هەر بێزاری دەکردم کە ئەویش هەر ئەوەندە بوو دەبا هەندێ شتی بێ مەعنا و بێ نرخ و بایەخ لە بەر بکەی، هەر وەکوو تاقی کردنەوەیەکی بێ بایی و بێ سەروبن. هەر وەها ئەو شتانەش کە ڕووبەڕووی تۆ دەبوونەوە، وەکوو کاتێك کە بانگیان

دەکردی بۆ تەورات خوێندنەوە یا کاتێ کە بۆ ڕەسم و یاسای نزا بۆ ئەرواحی مردووان لە کەنیسەدا دەمایتەوە و منت دەنارده دەرەوە( کە دواتر ئەو هەستەی لای من دروست کرد کە گوایە لەو کاتانە و لە کەنیسەدا ئیش و کاری خراپ و پێچەوانە و ناجایز دەکرێ) ئەمە لە کەنیسە، ماڵەوە لەوەش خراپتر بوو بە تایبەت کاتی شەوی جێژنی - سەدر - کە ڕەسم و یاساکەی هەر وەکوو شانۆیەکی کومێدی و پڕ لە گاڵتەجاڕیی لێ هاتبوو. هەرچەند ئێمەی منداڵیش کە بەرەبەرە گەورەتر دەبووین کاریگەریمان لە سەری هەبوو.

بەڵێ، ئەمانە ئەو شتانەن کە لە یەهوودییەت پێم گەیشتوون لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئامارە پێکردنانە بە کوڕەکانی ( فۆکس )ی ملیۆنەر کە هەموو جێژنەکان لە گەڵ باوکیاندا دەچوونە کەنیسە، نازانم بەو شتانەوە کە لە یەهوودییەتەوە پێم گەیشتبوون چ کارێکم دەبا بکردبا بێجگە لەوەی هەوڵ بدەم زووتر لە شەڕیان ڕزگار ببم کە هەر ئەو خۆ ڕزگارکردنەش بە لامەوە پیرۆزترین واجبی ئایینی بوو. بەڵام دواتر بە شێوەیەکی دیکە لەگەڵ یەهوودییەتدا ڕووبەڕوو بوومەوە و تێگەیشتم کە بۆچی وا بیر دەکەیتەوە کە من لەم بوارەشدا هەر بە لاساری و بەد زاتییەوە ناپاکی دەنوێنم. تۆ لە کۆمەڵگەی گوندا کە زۆرتر لە زیندان دەچوو، تۆزقاڵێک یەهوودییەتت لە گەڵ خۆتا هێنابوو هەرچەند زۆریش نەبوو و بەشێکیشی لە ناو شار و لە سەربازگەدا بە

فیرۆ چوو. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە هەمان بیرەوەری و کاریگەرێتیی سەردەمی لاوێتی بەست بوون بۆ ئەوەی تۆ چەشنە ژیانێکی یەهوودییانە پێکەوە بنێی. لەبەر ئەوەش کە پێویستییەکت بەو چەشنە یارمەتییانە نەبوو چوونکە خۆت لە ڕەگەزێکی بە هێز و بە دەسەڵات بوویت، ئەو شتانە بە مەرجێك کە تێکەڵی دڵەخورپە کۆمەڵایەتییەکان نەبوونایە تۆیان نەدەخستە دڵەڕاوکێ (تۆ کە بنیادەمێکی ئایین دار بوویت). لە ڕاستیدا شتێك کە ببووە ڕێنمای تۆ لە ژیانتدا ئەمە بوو: بڕوای قووڵ بە ڕاست بوونی بێ سێ و دووی بیر و بڕوای دەستەیەکی دیار و ناسراوی یەهوودی، ئەو بڕوایەش ببووە بەشێك لە بوونت هەر بۆیەش بڕوات بە خۆت پتەوتر بوو. لێرەشدا بەڕادەی پێویست یەهوودییەت هەبووە بەڵام بۆ ئەوەی لە سنگی تۆوە بگاتە سنگی ئەم منداڵە، بەشی نەدەکرد و لە کاتی گواستنەوەدا دڵۆپ دڵۆپ دەڕژایە خوار و لە نێو دەچوو. لە ڕاستیدا ئەو یەهوودییەتەی کە تۆ دەتویست بە منی بدەی گوشراوێك بوو لە بیرەوەری و کاریگەرییەکانی کاتی لاویت و هەروەاش وجوودی ترسێنەرت. سەرەڕای ئەوەش نەدەکرا منداڵێك کە لە ڕووی ترسەوە وشیاری هەموو شتێکە تێبگەیەنرێت کە ئەم کردەوە بێ سەروبەرانەی کە بە ناوی یەهوودییەتەوە لە تۆ دەبینران ئەویش بەو بێ موبالاتییەوە کە هەر شایانی ئەو بێ سەروبەرییە بوو، دەتوانن واتا و

ناوەرۆکێکی جوان و بەڕێزیان هەبێت. ئەو کارانە بۆ تۆ تەنیا یادەوەرییەك بوون لە دەورانی پێشوو هەر بۆیەش دەتویست بیان گوازیتەوە لای من ئەویش هەر بە هاندان و هەڕەشە لێکردن، چوونکە چیتر لە لای خۆیشت نرخ و بایەخیان نەمابوو. ئەم کارە لە لایەکەوە هەر نەدەکرا و لە لایەکیشەوە بە هۆی لاساریی منەوە تۆی زۆر تووڕە و قەڵس دەکرد چوونکە تۆ بەهیچ جۆرێك سەرنجی جێ و شوێن و پلە و پایەی داڕوخاوی خۆت نەدەدا. ئەم دیاردەیە شتێکی جیاواز نییە، زۆربەی زۆری لاوە یەهوودییەکان کە لە گوندەکانەوە دەهاتنە شار هەر ئەم حاڵەتەیان هەبوو. ئەوە شتێکی ئاسایی بوو و هەر تەنیا زیانی بە پێوەندیی نێوان من و تۆ گەیاند کە لەڕادەبەدەر ئاڵۆز ببوو. لەم بوارەدا دەبێ تۆش وەکوو من خۆت بە بێتاوان بزانی بەڵام بەو مەرجەی کە ئەو خۆ بە بێ تاوان زانینە بە سەرنجدان بە هەبوونی خۆت و هەل و مەرجی ئەو کاتە پاساو بدەیتەوە نەك بیبەستیتەوە بە وەزع و باری دەرەوەدا. بۆ وێنە نەڵێی ئەوەندە ئیش و کاری دیکەت هەبوون کە نەت پەرژاوە ئاوڕ لەو شتانە بدەیتەوە. بە هێنانەوەی ئاوا هۆکارێك تەنیا دەتەوێ لە بێ تاوانیی خۆتدا سەرزەنشێکی نابەجێ بۆ دیتران بدۆزیتەوە. لەم حاڵەشدا بەرپەرچ دانەوەی دیعایەیەکی ئەوتۆ لە هەر بارێکەوە و بەتایبەت لەم بارەیەوە کارێکی هەرە ئاسایی و ئاسانە. مەسەلەکە هەر ئەوە نەبووە کە منداڵەکانت ڕا بهێنی بەڵکوو

دەبوا ژیانێکی سەرتەڵت پێ بدابان. ئەگەر بنەمای بڕوات بە یەهوودییەت پتەوتر بوایە ئەوا پەند و ئامۆژگارییەکانیشت نەخش و کاریگەریی خۆیانیان دەبوو. ئەمەش زۆر سادەیە و بە هیچ جۆرێکیش بۆ سەرکۆنە کردنی تۆ نییە بەڵکوو تەنیا بۆ بەرگری کردنە لە سەرزەنشتەکانی تۆ.

ماوەیەك لەمەو پێش بیرەوەرییەکانی لاوێتیی ((فرانکلین))ت خوێندنەوە. من هەر بە ئەنقەست ئەو کتێبەم دایتێ بۆ ئەوەی بیخوێنیتەوە، ئەڵبەت نەك بۆ ئەو چەند دێڕەی لە بارەی گیا خۆرییەوە( بەو جۆرەی کە خۆت بە توانجەوە ئاماژەت پێکرد) بەڵکوو بۆ خوێندنەوەی پێوەندیی نووسەرەکەی لە گەڵ باوکیدا ( بەو جۆرەی کە لە کتێبەکەدا نووسراوە) و هەرواش لە گەڵ کوڕەکەیدا (بەو شێوەیەی کە لە نێوان دێڕەکانیدا دەر دەکەوێ)، لێرەدا نامەوێ بڕۆمە ناو مەسەلە بچووکەکانەوە. ئەو گۆڕانکارییەی لە کردەوەکانتدا سەبارەت بە من وەدیهات ئەویش پاش ئەوەی زانیت زۆرتر لە ڕابردوو ئاوڕ لە یەهوودییەت دەدەمەوە، زۆرتر لە سەر بۆ چوونەکانم سەبارەت بە یەهوودییەت سوورتری کردم. لێرەشدا هەر بە پێی دژایەتییە هەمیشەییەکانت لە گەڵ هەر چەشنە هەڵس و کەوتێکی مندا، لە گەڵم کەوتیتە دژایەتی کردن و ڕکابەرێ، لە هەمان حاڵدا من چاوەڕوانی ئەوەم لێدەکردی کە لەم بارەیەوە تۆزقاڵێك نەرمتر بیت،

چوونکە ئەم یەهوودییەتەی من هەر ئەوەی لای خۆت بوو کە دەجوولا و بەم چەشنەیش ڕێگای پێوەندیی نێوان ئێمەی لە بارتر دەکرد. ناتوانم بیشارمەوە کە هەر شتێك سەرنجی تۆی ڕا بکێشایە، من لێی دەکەوتمە شکەوە، مەبەستم ئەوە نییە بڵێم لەم بوارەدا لە تۆ باشترم هەر چەند هیچکاتێکیش خۆمان تاقی نەکردۆتەوە. لە بەر بیروڕا و دەستێوەردانەکانی من بوو کە یەهوودییەت لای تۆ بووە شتێکی ناوازەی هیلاك کەر و هەر واش نووسراوە یەهوودییەکانیش لە نرخ و بایەخی خوێندنەوە کەوتن. ئەو جۆرە کتێبانە(( قیزی تۆیان دەشێواند)). هەموو ئەو کارانەش بۆ ئەوە بوون پیشانی بدەی کە تەنیا ئەو یەهوودییەتە ڕاستە کە تۆ لە منداڵیمدا فێرت کردووم نەك شتێکی تر. بەڵام ئەو هەموو داکۆکی و پێداگرییەم لێت چاوەڕوان نەدەکرد. پاشان ئەو قەڵس و تووڕە بوونەشت (سەرەڕای ئەوەی کە زۆرتر بۆ من بوو تا بۆ یەهوودییەت) ئەو ڕاستییەی دەر دەخست کە تۆ پەیت بردووە بەو لاوازییەت لە یەهوودییەتدا و هەر واش ڕاهێنانی من لە بواری ئایینیدا، بۆیە هیچکاتێك نەتدەویست هیچ باسێکی لێ بکرێت و گەر بشکرابا بە ڕق و قینەوە وەڵامت دەدایەوە. لە گەڵ ئەوەشدا بە زیادەڕۆییەوە ئەو یەهوودییەتە نوێیەی منت دەدایە بەر گاڵتە ئەویش لە بەر ئەوەی وات دەزانی کە ئەمەیان نەفرەتێکە لە تۆ و پەیوەندیش لە گەڵ دیتراندا لە پتەوتر کردنی بنەماکانیدا

کاریگەرییەکی بەر چاو( و بۆ منیش مەرگ هێنەری) هەبوو. بێ موبالاتیی تۆ دەرهەق بە نووسینەکانم و ئەوەی کە پەیوەندیی بەوەوە دەبوو لە هەر شتێکی دیکە زۆرتر کاری تێکردم، لێرەدا تا ئەندازەیەك بە سەر بەستی لە تۆ دوور نەکەوتمەوە( هەرچەند ئەو دوور کەوتنەوەیە مرۆڤ دەخاتە بیری - کرم - ێك کە کلکیان قرتاندووە و ئەویش بە نیوە قرتاوی خۆی دەخزێنێتە کونجێکەوە) تا ئەندازەیەك ئاسوودە بووم و دەمتوانی هەناسەیەك هەڵ کێشم، هەر بۆیە ئەو بێ موبالاتییەت سەبارەت بە ئیش و کارەکانم و هەرواش نووسینەکانم بە لامەوە خۆش بوو. ئەمە گەرچی هەستی خۆ بە زل زانینەکەم لە بەرامبەر ئەو چەشنە پێشوازییەی تۆ لە کتێبەکانم بریندار دەبوو کە ئەویش بۆم ئاسایی ببۆوە: (( لە سەر ئەو مێزە دای بنێ ))، (زۆربەی ئەو کاتانەی کە کتێبێکم بۆ دەهێنای، تۆ خەریکی یاری بوویت ) لە ڕاستیدا ئەو کارەت خۆشحاڵی دەکردم. ئەڵبەت نەك هەر تەنیا لە ڕووی ئەو لاسارییەمەوە یان نەك هەر بۆ گەیشتن بە بڕوایەکی نوێتر لە مەڕ پێوەندییەکانی نێوانمان، بەڵکوو زۆرتر لە بەر ئەوەی کە پیشاندەری ئەوە بوو کە (( ئێستا من ئازادم! )) هەر چەند ئەمەش بە هەڵدا چوونێك بوو و بەس، چوونکە من بە هیچ شێوەیەك و هێشتایش ئازاد نەبووم . تۆ هەمیشە بابەتی نووسینەکانم بوویت، ئەو گلەییانەی کە نەمدەتوانی ڕووبەڕوو لێت بکەم لە نووسینەکانمدا

دەربڕم دەکردن. نووسینەکانمماڵئاواییەك بوون لە گەڵ تۆدا کە هەر بە ئەنقەست درێژەیان کێشابوو، ماڵئاواییەك کە گەرچی لە لایەن تۆوە داسەپێنرابوو، بەڵام درێژە کێشانەکەی کەوتە ئاسۆیەکەوە کە من دیاریم کردبوو. بەڵام هەموو ئەمانەش چەندە بێ بایەخ بوون، تەنیا لێرەدا و بۆیەش شیاوی گێڕانەوەن چوونکە لە ژیانی خودی مندا ڕوویان داوە. دەنا لە شوێنێکی دیکەدا هیچ سەرنج ڕاکێش نین. لەم لاشەوە گێڕانەوەیان مەبەستێکی تێدایە چوونکە هەر لە کاتی منداڵیمدا بە شێوەی چەشنە ئاگاییەك و پاشان هیوایەك و دواتریش زۆرتر نائومێدی بە سەر ژیانمدا سێبەریان کرد و چەند هەڵوێستێکی دیکەی ژیانمیان (هەر لە چەیوەندی لە گەڵ تۆدا ) بە سەرمدا دا سەپاند. بۆ وێنە هەڵبژاردنی کار و پیشە، گومان لەوەدا نییە کە لە هەڵبژاردنی کار و پیشەدا بە مەزنایەتی و تەنانەت خۆڕاگری تایبەتی خۆت، منت ئازاد هێشتۆتەوە، هەر چەند هەر لەم بارەیەشەوە ئەو ڕەفتارەت لە گەڵمدا هەبوو کە لایەنی ناونجیی یەهوودییەکان لە گەڵ کوڕەکانیاندا هەیانبوو و دیارە تۆش پێی پابەندی. هەروەها ئەو ناسین و دەرك پێکردنە چەواشەیەی تۆ سەبارەت بەمن لێرەشدا هەر کاریگەرێتیی خۆی هەبوو. پێشتر تۆ لە ڕووی فیز و دەمارێکی سروشتیی باوکانەوە و بە بێ ناسینی واقیعی خودی خۆم، منت بە کوڕێکی زۆر زیرەك و تێکۆشەر دەزانی و دەتگوت: لە منداڵیمەوە بە

بێ وەستان هەر دەرزم خوێندووە و دواییش هەمیشە هەر خەریکی نووسین بووم. بەڵام ئەمە هیچی ڕاست نییە و باشتر وایە بڵێی کەمم خوێندووە و فێری هیچ نەبووم. جێی سەر سووڕمان نییە کە پاش ئەم هەموو ساڵانە شتێك لەم زەین و بیرە و لەم بەهرەی دەرك پێکردنەدا (کە هەروا باش نییە هێندەش خراپ و شپرز نییە،) هێشتا مابێتەوە. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئاکامی ئەو زانینە بە تایبەتی کەڵك وەر گرتن لە زانیارییەکە لە ئاستی ئەو کات و پارەیەدا کە لە ناو ژیانێکی بە ڕواڵەت ئارام و بێ گێرە و کێشەدا بۆی سەرف کراوە و بە تایبەتیش لە هەڵسەنگاندنی لە گەڵ هەموو ئەوانەدا کە دەیان ناسم هەر هیچ نییە ! و ئەم ئاکامەش لای من زۆرتر هەستی پێدەکرێت. لەو کاتەوە لە بیرم دێت هەمیشە بە ڕادەیەك نیگەرانی سەلماندنی هەبوونی مەعنەویی خۆم بووم کە هەموو شتێکی ترم لە بیر بردۆتەوە.( لێرەدا دەبێ بڵێم قوتابییە یەهوودییەکان تا ڕادەیەك گیان لە بەرێکی سەر سووڕ هێنەرن و هێندێ شتی وا دەکەن کە تەنانەت بە بیری کەسیشدا نایەت) بەڵام من ئەو بێ موبالاتییە سارد و ئاشکرایە، بێ موبالاتییەکی لە بن نەهاتوو، زەبوونانە و دەماراویی منداڵێکی بە خۆوە خەریك ـ بەڵام تا بڵێی خەیاڵاوی ـ کە لە خۆمدا شکم دەبرد لە هیچ کوێ و هیچ کەسێکی دیکەدا نەمدیبوو. ئەڵبەت هەر ئەو بێ موبالاتییەشم تاقە پەنام بوو لە بەرامبەر ئەو وێران بوون

و تێك ڕووخاندنەم بە هۆی ترس و لەرز و هەستی تاوانباریمەوە. من هەر تەنیا خەریکی نیگەرانییەکانی خۆم بووم، نیگەرانییە جۆربە جۆرەکانم، بۆ وێنە نیگەرانیم بۆ باری تەندروستیم زۆر سادە و ساکار دەستی پێکرد، کەم کەمیش بووە ناڕەحەتییەك لە سەر چۆنیەتی خواردن و وەرینی قژ و کۆم بوونەوەی پشتم و... دواتریش ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی سەند و لە ئاکامدا بووە نەخۆشییەکی ڕاستەقینە. بەڵام لە بەر ئەوەی لە هیچ شتێ دڵنیا نەبووم و لە هەر ساتێکی ژیاندا نیاز و پێداویستیم بە بەڵگەیەکی نوێتر دەبوو بۆ سەلماندنی وجوودی خۆم و لە بەر ئەوەی کە خاوەنی هیچ شتێك نەبووم تەنانەت میراتیش کە بە ئاشکرا و لە ڕاستیشدا هەر دەبا بەمن گەیشتبا، بڕوام بە نزیکترین و ڕاستەقینەترین شتی خۆیشم واتە بە ـ لەش ـ یشم نەما و هەر دەم زۆرتر باڵام دەکرد کەچی نەمدەزانی چیی لێ بکەم، بارێکی زۆر قورس بوو، پشتم چەمایەوە، نەمدەوێرا بجووڵمەوە یان هیچ نەبێ وەرزش بکەم ئەوە بوو کە لاواز مامەوە. هەموو ئەو شتانەی کە هێشتا بۆم مابوونەوە وەکوو مۆجیزەیەکیان لێ هاتبوو، وەك خواردنم کە زۆر باش بوو. کە دواتر ئەویشم لە دەست چوو ڕێگای سەر دەر هێنانی نەخۆشییە خەیاڵییەکانیش خۆشتر و ئاسانتر بوویەوە تا وای لێهات کە دواتر لە ژێر باری قورسی ئەو کۆششانەی کە لە رادەی توانای مرۆڤ بە دەر بوون بۆ ژن هێنان (کە دواتر باسی لێوەدەکەم)

خوێنم هەڵ هێنایەوە. ئەوەش بڵێم کە ئەو خانووەی ((شۆن بۆرن پالێ))یش تا ڕادەیەك لە نەخۆشییەکەمدا دەوری هەبووە، هۆی هەڵبژاردنی ئەو خانوویە ئەوە بوو کە وام هەست دەکرد بۆ نووسین پێویستم دەبێت و لەم ڕوویەشەوە پەیوەندیی بەم نامەیەوە هەیە. بەم شێوەیە هۆی هەموو ئەو شتانە بە پێچەوانەی بۆچوونی هەمیشەیی تۆ ئیش و کاری لە ڕادەبەدەر نەبووە. سالگارێك من لەو پەڕی تەندروستیدا لە هەموو ژیانی تۆ و تەنانەت لە کاتی نەخۆشییەکەشت زۆرتر کاتی خۆم بە بەتاڵی و ڕاکشان بە سەر کاناپەیەکەوە دەبردە سەر. زۆربەی ئەو کاتانەی کە ئەوەندە خۆم سەرقاڵ پیشان دەدا و خۆم لە تۆ دەشاردەوە تەنیا بۆ ئەوە بوو کە لە ژوورەکەی خۆمدا ڕاکشێم. ئەنجامی کارەکەشم بە گشتی چ لە سەر کار ( ئەو شوێنەی کە تەمبەڵی و تەوەزەلی زۆر سەرنج ڕاناکێشێت و منیش لە ترسی خۆمەوە زیادەڕۆییم نەدەکرد) و چ لە ماڵیشەوە هەر هیچ نەبوو، ئەگەر بتزانیبا بەو کارەم دەترسایت. ڕەنگە من تەوەزەل نەبووبم بەڵام هیچ ئیش و کارێکم نەبوو تا بیکەم. لەو شوێنەدا کە لێی دەژیام مرۆڤێکی دەر کراو و مەحکوم و شکست خواردوو بووم و هەڵاتن لەملاوە بۆ ئەولا نەدەبووە ئیش و کار، گەرچی هەموو توانامی لێدەگرتم. ئەویش چوونکە هیچکات مەیسەر نەدەبوو، لە لایەکیشەوە جگە لە چەند جارێك لە توانای من بە دەر بوو. ئازادیی هەڵبژاردنی

کار و پیشە، لە ئاوەها وەزعێکدا بەمن درابوو، بەڵام ئایا من دەمتوانی لە ئاوا ئازادییەك سوود بەرم؟ ئایا ئەوەندە بڕوام بە خۆم هەبوو کە بتوانم ئیش و کارێکی شیاو بۆ خۆم بدۆزمەوە؟ ئەو نرخ و ڕێزەی کە من بۆ خۆم قایل دەبووم زۆرتر بە تۆوە بەسرابوویەوە تا هەر شتێکی تر، وەك سەرکەوتنە سەرەکییەکانم. ئەو چەشنە سەر کەوتنانە هەر تەنیا هاندەرێکی کاتی بوون کەچی هێز و دەسەڵاتی تۆ گورج و بڕتر بەرەو دواوەی دەکێشامەوە. وامدەزانی هەرگیز لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا دەرناچم کەچی دەرچووم و تەنانەت خەڵاتیشم وەرگرت. دەمگوت لە تاقیکردنەوەکانی قۆناغی ناوەندیدا شکست دێنم کەچی لەوانیشدا هەر سەر کەوتم. دڵنیا بووم هەر لەو قۆناغەی ناوەندیدا دەکەوم، بەڵام نا، نەکەوتم و دەریش چووم. هەروا یەك لە دوای یەك هەر سەرکەوتن بوو کە وە دەستم دەهێنا، بەڵام خۆم هیچ دڵخۆشییەکم بەو شتانە نەبوو، بە پێچەوانەشەوە هەمیشە لەوە دەترسام کە هەر چەندە ئەو سەر کەوتنانەم زۆرتر بن، سەرەنجامی کارەکە خراپتر دەبێت ( سیمای ناسازگاری تۆش ببووە هۆی ئەو ترسە). ئەغڵەب کۆڕی ترسێنەری مامۆستاکانم دەهاتە پێش چاو کە چۆن پاش ئەوەی قۆناغەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی ناوەندیم سەرکەوتوانە تێپەڕ کردن، ئەوان لە دەوری یەك کۆ دەبوونەوە تا ئەو دیاردە بێ وێنە و سەر سووڕ هێنەرە لێك بدەنەوە و پەی بەرن

بەوەی: من کە نالایق ترین یا هەر هیچ نەبێ تەمبەڵ و نەزان ترین قوتابیی ناوەندی بووم چۆن دەر چووم و ئەو قۆناغەم بە سەر کەوتوویی تێپەڕ کردووە؟ قۆناغێك کە منی بە هۆی ئەوەوە کە سەرنجی دیترانم بۆ لای خۆم ڕاکێشابوو، بە قاو و قیلی هەموو ئەو مرۆڤە داد پەروەرانەی کە بە دوور بوون لەو خۆف و ڕجایە، فرێ دەدایە دەرەوە.(قوتابخانەی ناوەندی بەرچاوترین نموونەی ئەو لایەنەیە دەنا لە هەموو کات و شوێنێکدا چوار دەوری من هەر ئاوا بووە) ژیانی بەو چەشنەش بۆ منداڵێك ئەوەندە ئاسان نییە. من لە ئاوەها حاڵ و وەزعێکدا هیچ بیرم بە لای دەرز و وانەوە نەدەما، کێ دەیتوانی هەر تۆزقاڵێکیش من بکاتە هۆگری خوێندن و خوێندگە؟ کارمەندێکی بانك بهێنە بەر چاوی خۆت کە دزیی لە بانك کردووە و هێشتا پێیان نەزانیوە و هەر دەم لە ترسی ئەوەی کە پێی بزانن هەر هەڵدەلەرزێت. کار و باری ئەو کارمەندە بە لای خۆیەوە چۆنە، دەرز خوێندنی منیش بە لامەوە هەر ئاوەها بوو، نەك هەر خوێندن بەڵکوو هەموو ئەو شتانەی کە لەو ساڵە گرینگانەی ژیانمدا لە دەوروبەرمدا بوون هەر هەموویان ئاوەها بوون و هەموو شتێك سووك و بێ بایەخ و دوورە دەست دەهاتە بەر چاوم. ئەم وەزع و بارە تا کاتێ خوێندنم تەواو کرد( ئەویش بە هەزاران فڕ و فێڵ) هەر درێژەی هەبوو، دواتر وەستا و ئێستە ئیدی ئازاد بووم. لەو کاتانەشدا کە دەبوو بە زۆر و

بە ناچار بڕۆمە قوتابخانەی ئامادەیی، هەر وەکوو ئێستە تەنیا لە بیری خۆمدا بووم بۆیەش هیچ سەربەخۆییەکی ڕاستەقینەم نەبووە لە هەڵبژاردنی کارو پیشەی خۆمدا. دەمزانی کە هەموو شتێکیتریش هەر وەکوو هەموو بوارەکانی قوتابخانە لە بەرامبەر شتە سەرەکییەکاندا بە لامەوە هیچ جیاوازییەکی نابێت، بۆیە دەبوو ئیش و کارێك بدۆزمەوە کە بە بێ ئەوەی هیچ زیانێك بگەیەنێتە هەستی خۆ بە زل زانینەکەم، لە هەموو کارێك زۆرتر و باشتر لە گەڵ ئەو بێ موبالاتی و بێ جیاوازییەدا یەك بگرێتەوە. بۆ ئەم کارەش خوێندن لە بەشی قانوون لە زانکۆدا لە هەرچی شتە باشتر بوو. لە لایەکیشەوە ئەو هەوڵە کەم و ناتەواوەی کە پیشاندەری خۆ بە زل زانین و هەرواش ئومێدێکی ساویلکە بوو، وەکوو ئەو چواردە ڕۆژەی خوێندنم لە بەشی کیمیادا یا ئەو نیو ساڵەی خوێندنی ئەدەبیاتی ئەڵمانی بڕوای پتەوتر کردم. هەر بۆیەش ڕووم لە بەشی قانوون کرد، ئەمەش لە بواری مەعنەویدا بە واتایەکی تەواو ئەوە دەگەیەنێ کە من هەمیشە پێش تاقیکردنەوەکان بە شێوەیەکی ورد و ماندوو ئاردە مشارێکم خواردووە کە پێشتر هەزاران پۆزە و قەپۆس خۆیان لێدابوو. بەڵام ئەوەش لە لایەکەوە هەر هەمان لەزەتی لە دەممدا هەبوو کە بە نەوعێك پێشتر قوتابخانەی ئامادەیی و دواتریش پیشەی مووچە خۆری هەیانبوو، چوونکە هەموو شتەکان لە گەڵ وەزع و باری

مندا یەکیان دەگرتەوە. هەر چۆنێك بوو لێرەدا دوورەبینییەکی سەرنج ڕاکێشم لێ دیار کەوت، هەر لە منداڵیمەوە سەبارەت بە خوێندن و کار و پیشەی خۆم ڕا و بۆچوونی تاڕادەیەك دیار و ڕۆشنم هەبوو، هیچ هیوایەکم بە خوێندن و کار و پیشە نەبوو بۆ ڕزگار بوونم لە دەستی تۆدا و زۆر دەمێك بوو ئەو لایەنەم لە بیری خۆم بردبۆوە. بەڵام سەبارەت بە گرینگایەتی و ئەگەری ژن هێنان هیچ بیرم لێنەکردبۆوە، ئەم ترسناکترین ڕووداوەی ژیانم لە ناکاو سەری لێم هەڵدا. ئەم منداڵە بە هێواشی پێگەیشتبوو و ئەو شتانەی بە لاوە گرینگ نەبوون، جاروبار زەرووڕەت وای دەخواست کە بیری لێ بکەمەوە بەڵام هیچ بیرم لەوە نەدەکردەوە کە لێرەدا تاقیکارییەکی هەمیشەیی و هەرە گرینگ و تەنانەت دژوارترینیش خۆی ڕووبەڕووم قوت کردۆتەوە. هەوڵەکانم بۆ ژن هێنان لە ڕاستیدا شکۆدارترین و پڕ هیواترین هەوڵ و تەقالای من بوون بە مەبەستی ڕزگار بوون لە چنگی تۆدا. شتێك کە شکست هێنانیش تیایدا هەر بە هەمان ئەندازە شکۆدار بوو!.

لە بەر ئەوەی کە هەمیشە لە مەسەلەی ژن هێناندا شکستم خواردووە، دەترسێم نەتوانم هەموو هەوڵەکانی خۆمت بە جوانی بۆ باس بکەم لە حاڵێکدا کە سەرکەوتنی ئەم نامەیە زۆرتر بەو مەسەلەیەوە بەسراوەتەوە.چوونکە لەم هەوڵانەدا لە لایەکەوەهەموو

هێزی ئیجابیم و لە لایەکی تریشەوە هەموو توانای سلبیم ( ئەو توانایەی کە وەکوو دەسکەوتی شێوەی ڕاهێنانی تۆ پێشتر باسم کرد) واتە لاوازی و نەبوونی بڕوا بە خۆم و خۆ بە تاوانبار زانینم، شتێ کە دیوارێکی هەرە ئەستووری لە نێوان من و هەوڵی ژن هێنانمدا دروست دەکرد، بە تووڕەییەکی بێ سنوور پێکەوە کۆ ببوونەوە.

ئەمە لە لایەکەوە، لەو لایشەوە شیکردنەوەی ئەم بابەتە لەو بوارەشەوە بۆم سەختە کە هەمیشە، شەو و ڕۆژانێکی زۆر دانیشتووم و بیرم لە هەموو لایەنەکانی کردۆتەوە، بە ڕادەیەك کە ئێستا تەنانەت وێنە و دیمەنیشی هەر بیر و زەینم تێك دەشێوێنێ. تەنیا خراپ تێگەیشتنی تۆیە لەم بارەیەوە کە ئەو شیکردنەوەیەم لە لا ئاسانتر دەکاتەوە: یەکەم ئەوەیە کە تۆ شکستم لە ژن هێناندا دەخەیتە پاڵی ئەو شکستەکانی ترم، من پێی ڕازیم بەڵام بەو مەرجەی کە بڕوا بکەی بەو شتانەی کە تائێستا لەو بارەیەوە باسم کردوون. ڕاستە ئەم شکستە لە ڕاستیدا لە ئاستی شکستەکانی تردایە، تۆ گرنگیەکەی لەبەر چاو ناگریت و ئەوەندەی دەهێنیە خوارەوە کە کاتێ پێکەوە قسەی لێ دەکەین دەڵێی لەبارەی دوو شتی جیاوازەوە باس دەکەین.

بە دڵنیاییەوە دەڵێم، لە هەموو ژیانتدا هیچ ڕووداوێکت بۆ پێش نەهاتووە کە هێندەی هەوڵی ژن هێنانی لای من بۆت گرنگ بوبێت. مەبەستم ئەوەنیەبڵێم هیچ ڕووداوێك لە ژیانتدا ڕووی نەداوە، بە

پێچەوانەوە ژیانی تۆ گەڵ لەمی من پڕ کارەسات تر و ئاڵۆزتر و پڕ مشەقەت تربووە، بەڵام دەڵێم لەبەر ئەوەیە کە ڕووداوێکی وەکوو ئەوەی لای من بۆ تۆ ڕووی نەداوە، وەکوو ئەوە وایە کەسێك ناچار بکرێت بەسەر پێنج پلیکانەی کورتدا سەر بکەوێ کەچی یەکێکی تر تەنیا بە سەر پلیکانەیەکدا بەڵام هەر ئەو تاقە پلیکانەیە هێندەی هەموو ئەو پێنج پلیکانەیەی ئەویتر بەرزتر بێت، دیارە یەکەم کەس بە ئاسانی ئەو پێنج پلیکانە کورتە و بگرە سەدانی تری وایش تێپەڕ دەکات و هەر چەندەش ژیانێکی ئاڵۆز و پڕ مەترسیی هەبووبێت ئەو پێنج پلیکانە کورتە ئەوەندەی تاقە پلیکانەکەی لای ئەویتر بە لایەوە سەخت نین، واتە ئەو تاقە پلیکانەیەی کە ئەوەندە بەرزە کابرا نە دەتوانێ بە سەریدا تێپەڕێت و نەش لێی بپەڕێتەوە.

بە ڕای من ژن هێنان و پێکەوە نانی ماڵ و خێزان و ڕاهاتن لە گەڵ منداڵە وردکە و چاودێری و پەروەردە کردنیان لەم جیهانە بێ سەر و بەرەدا گەورەترین سەر کەوتنە بۆ هەموو کەسێك، ئەوەش کە هەندێکەس بە ڕواڵەت ئاسان دەگەنە ئەو سەر کەوتنە، نابێتە هۆی ڕەد بوونەوەی بۆ چوونەکەی من. چوونکە زۆر کەسیش هەن کە هەرگیز ناگەنە سەر کەوتنی ڕاستەقینە و چەند کەسێکیش کە دەیگەنێ ئەغڵەب خۆیان هیچی بۆ ناکەن بەڵکوو هەموو شتێك لە خۆوە بە جوانی بۆیان دەچێتە پێش و لە خۆوە هەل و مەرجیان بۆ

دەرەخسێ، ئەمەش لە ڕاستیدا ئەو سەر کەوتنە ڕاستەقینەیە نییە بەڵام هەرچۆن بێت شتێکی گرینگ و شانازی هێنەرە( بە تایبەتیش کە بە ئەنجام گەیاندنی کارێك لە گەڵ خۆ بە خۆ هاتنە پێشەوەی هەلی لە بار و بە ئەنجام گەیشتنی خۆ بەخۆی کارەکە بە ئاسانی لێك نادرێنەوە). بە گشتیش مەسەلەکە گەیشتن بە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ نییە بەڵکوو باس لە سەر ژیانێکی دوورە دەستی شەرەفمەندانەیە. باڵ گرتنەوە بۆ ناو شەپۆلە زێرینەکانی هەتاو پێویست نییە بەڵام لانی کەم پێویستە کە مرۆڤ خۆی بکێشێتە شوێنێکی پاك لەم گۆی زەوییەدا کە جاروبار خۆری لێبکەوێت تا بەو جۆرە گەرمی ببێتەوە. ئایا من بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو شتە گرینگە ئامادە بووم؟ نا... بە هیچ کلۆجێك، ئەم ڕاستییەش لە ناو قسەکانی پێشوومدا بە جوانی دەر دەکەوێت. هەرچەند کە تۆش لە بواری ئامادەبوونی ئەو کەسەو دابین کردنی هەل و مەرجێکی گشتی بۆ ژن هێنان دەستێوەردانێکی زەقت نەبوو، ئەڵبەت ناچاریش بووی بەوە چوونکە لەم بارەیەوە ئەو داب و نەریتە نەتەوەییانەی کە بۆ پێوەندییە جنسییەکان دانراون، کاریگەریی خۆیان هەیە، بەڵام سەرە ڕای ئەوەش تۆ هەر دەستی خۆت تێدەخست. تەنیا هێندە بوو کە وەکوو پێشتر گوتم دەستێوەردانەکەت زەق و زۆر نەبوو ئەویش لە بەر ئەوەی کە مەرجی سەرەکیی ئاوەها دەستێوەردانێك هەبوونی بڕوایەکی پتەوە بە

یەکدی، من و تۆش بە داخەوە سەردەمێکی زۆرە لە ئاوەها بڕوایەکی دوولایەنە بێبەشین، چوونکە خواست و پێداویستییەکانمان لێک جیاوازن، ئەو شتەی من دەهەژێنێ بە لای تۆوە هیچ نرخ و بایەخێکی نییە و بە پێچەوانەوەش ئەوەی لای تۆ پاکی و بێ تاوانییە بە لای منەوە تاوانە و ئەوەی بۆ تۆ هیچ زیانێکی تێدا نییە لەوانەیە بۆ من ببێتە تابووتی مەرگ.

لە بیرم دێت، شەوێکیان من و تۆ و دایکم بۆ پیاسەکردنێك لە ماڵ وەدەر کەوتین، لە مەیدانی (( ژۆزێف)) نزیك بانکی هەرێمی ئێستاکە، بە پشوودرێژییەکی نەزانانە بە حاڵەتێکی زاڵ بوون و دەماخ بەرزی و بە بێ هەست پێکردن ( کە هەقیقەتی نەبوو) و بە کەمتر خەمییەوە(کەئەمەش ڕەسەن بوو) و چەشنە لالییەکی وەك هەموو ئەو کاتەی کە لە گەڵ تۆدا قسەم دەکرد کەوتمە قسە و هەندێ مەسەلەم ورووژاندن و سەرزەنشتی تۆ و دایکم کرد کە بۆچی منتان وەکوو کوڕێکی چاو و گوێ بەستە ڕاهێناوە کە هەمیشە دەبێ هەموو شتێك لە هاوڕێکانی قوتابخانەوەم فێر ببم و هەمیشەش کەوتوومە بەر هەڕەشەی چەندین مەترسیی گەورە و جۆربەجۆرەوە.( لێرەدا هەر وەك باری سروشتیی خۆم دەستم بە درۆ کرد بۆ ئەوەی خۆم ئازا و لێهاتوو پیشان بدەم، چوونکە بە هۆی ترسنۆکیمەوە هیچ ئاگام لە چەند و چوونی (( مەترسییە گەورەکان))نەبوو) لە کۆتاییشدا ئاماژەم

بەوە کرد کە خۆشبەختانە ئێستا سەرم لە هەموو شتێ دەر دەچێت و هیچ پێویستییەکم بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی دیتران نییە و ئیش و کارەکانم بە باشی بە ڕێوە دەچن. هەر بۆیە ئەو قسانەم هێنانە پێش چوونکە حەزم دەکرد لە بارەیانەوە بدوێم، پاشانیش لە ڕووی چەشنە وریاییەك و دواتریش بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەك و بۆ هەر شتێکیش بووبێت تۆڵەت لێبکەمەوە. تۆش بە پێی ڕەوشتی تایبەتی خۆت قسەکانی منت بە هەند نەگرتن و هەر تەنیا ئەوەندەت گوت: (( دەتوانی ڕێگایەکم پیشان بدەی کە چۆن بە بێ مەترسی ئەو کارانە بکەم!)) لەوانەیە منیش ویستبێتم بە تایبەتی ئاوەها وەڵامێکت لێدەر بکێشم. ئەم وەڵامە بۆ هەوەسی کوڕێك کە زکی ئاخنیبوو لە گۆشت و دیکەی خواردەمەنییە بە لەزەتەکان پێویست بوو. کوڕێك کە هیچ جم و جووڵ و چالاکییەکی نەبوو و هەر تەنیا خەریکی خۆی بوو! بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا حەیا و شەرمم هێندە لەو وەڵامە زیانی پێگەیشت ( یان من وام هەست دەکرد) کە بە پێچەوانەی حەزی خۆیشم نەمدەتوانی چیتر لەو بارەیەوە لە گەڵت قسە بکەم، بۆیەش بە فیز و دەمارێکەوە باسەکەم بڕی و کۆتاییم بە وتو وێژەکەمان هێنا. داوەری لە سەر وەڵامی ئەو شەوەی تۆ کارێکی ئاسان نییە، ئەم وەڵامە لە لایەکەوە ڕاشکاوییەکی هەژێنەری تێدا بوو و قسەیەك بوو کەم تا زۆر کۆن و لە لایەکی تریشەوە تا ئەو جێگەی کە

پێوەندیی بە لایەنە فێرکارییەکەیەوە هەیە، زۆر بێ پەروا و سەر دەمیانە بوو. نازانم لەو کاتەدا تەمەنم چەند بوو بەڵام دڵنیام کە لە ١٦ ساڵ تێپەڕی نەکردبوو. ئاوا وەڵامێکیش بۆ کوڕێك لەو تەمەنەدا زۆر سەر سووڕ هێنەر بوو. دووریی ئێمە لێکدی لێرەشدا بەرچاو دەکەوێت. چوونکە لە ڕاستیدا ئەوە یەکەمین وانەی ڕاستەوخۆی ژیان بوو کە لە تۆوە فێر بووم و واتا ڕاستە قینەکەیشی کە ئەو کاتە لە ناو مندا شاردرایەوە و دواتر بە شێوەیەکی ناتەواو دۆزیمەوە ئەوەبوو: ئەو پێشنیارەی کە بە منت کرد بە ڕای خۆت و بە ڕای ئەو سەردەمەی منیش بە تایبەتی ناحەزترین و چەپەڵترین شت بوو. ئەوەی کە تۆ دەتویست بکەیتە کارێك کە من ئەو شتە پیسانە بە جلەکانمەوە لە گەڵ خۆمدا نەهێنمە ماڵەوە، تەنیا لایەنی دەرەوەی مەسەلەکە بوو. بەم چەشنە هەر تەنیا پارێزگاریت لە خۆت و ماڵ و خێزانت دەکرد. لایەنی سەرەکیی مەسەلەکە ئەوە بوو کە تۆ خۆت جیا لە پێشنیارەکەت، مێردێك و پیاوێکی پاك و بەری لەو هەموو شتانە دەمایتەوە. ڕق و بێزاریم لە پێشنیاری ئەو شەوەی تۆ لەوانەیە لەبەر ئەوە زیاتر بووبێت کە ژیانی ژن و مێردایەتیشی بە لامەوە وەکوو شتێکی بە دوور لە شەرم و حەیا پێکرد. هەر لە بەر ئەوەش بوو کە نەمتوانی ئەوەی لە بارەی ژیانی ژن و مێردایەتییەوە گوێم لێدەبوو بخەمە پاڵ دایك و باوکی خۆیشم هەر ئەوەش بوو کە تۆ

پاکتر دەرکەوتی و شان و شەوکەتت زیاتر بوو. نەمدەتوانی بیر لەوە بکەمەوە کە لەوانەیە تۆش بەر لە ژن هێنان ئاوا پێشنیارێکت بە خۆت کردبێت و بەم چەشنەش بچووکترین شت لە ناپاکییەکانی ئەم جیهانە خاکییەت پێوە نەدەلکا، لە هەمان حاڵیشدا هەر تۆ خۆت بە چەند وشەیەکی ڕاشکاوانە منت فڕێ دەدایە ناو ئەو پیس و چەپەڵییەوە، وەك بڵێی هەر بۆ ئەوە دروست کرابم! وا کەوتبووە مێشکم کە ئەگەر بێجگە لە من و تۆ کەس لە دنیادا نەبووبا، ئەوکاتە لە گەڵ تۆدا پاکی دەگەیشتە لووتکە و لە گەڵ منیشدا، - بە پێی پێشنیارەکەت - ناپاکی لە دایك دەبوو! لە ڕاستیدا تێنەدەگەیشتم کە بۆ چی تا ئەو ڕادەیە من تاوانبار دەکەیت، تەنیا تاوانە پێشوویەکانت و سووکایەتییە لە ڕادەبەدەرەکانت تۆزقاڵێك واتای دەبەخشییە ئەم مەسەلەیە. بەم چەشنەیش سەر لە نوێ لە قووڵایی ناخمەوە خەفەتبار دەبووم، زۆر زۆر بە سەختیش. لێرەدا بێ تاوانیی هەردووکمان لە هەر کاتێکی دیکە ئاشکراترە: ((ئا)) پێشنیارێك دەداتە((ب))، پێشنیارێکی ئاشکرا و هاوسەنگی بیر و بڕوای خۆی، ئەوەندەش جێی ڕەزامەندی نیە بەڵام هەر ئەوەندەیە کە هێشتاش لە ناو شاردا باوە و لەوانەشە کە بتوانێ بەرگری بکات لە و زیان و سەدەمەیەی کە ڕووبەڕووی تەندروستی مرۆڤ دەبنەوە. گەرچی ئەو پێشنیارە ڕەوشتی((ب)) لە بواری ئەخلاقیدا باشتر ناکات، بەڵام

ئەوەیش ناگەیەنێت کە ئەو نەتوانێ بە درێژایی چەندین ساڵ چارە سەری ئەو زیان و سەدەمەیە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هیچ ناچار نیە کە پێشنیارەکەی ((ئا)) بەڕێوەبەرێت، هەرچۆن بێت ئەو پێشنیارە بە تەنیا ناتوانێت ببێتە هۆی تێکچوونی داهاتووی ((ب)). سەرەڕای ئەوەش ئاواشتێك ڕوودەدات و ئەویش هەر بەو بۆنەوەیەکە ((ئا)) تۆیت و((ب)) منم. ئەم بێ تاوانیەی هەردوەلامان لەو ڕووەوە بۆم ئاشکرابووە کە نزیکەی ٢٠ساڵ دواتر لە هەلومەرجێکی جیاوازدا جارێکی تر ئاوا شتێك لە نێوانماندا ڕووی دا، شتێکی ترسێنەر بەلام لە جێی خۆیدا بێ مەترسی تر لەوەی پێشوو چوونکە ئەم جارەیان ئیتر شتێك لای منی ٣٦ ساڵە نەمابوو کەبکەوێتە بەر مەترسیی زیان و سەدەمەوە. مەبەستم ئەو وت و وێژە کورتەیە کە لە ڕۆژێکی پڕ هەرا و هوریای پاش ڕاگەیاندنی دوایین هەڵوێستی من بۆ ژن هێنانم لە نێوان من و تۆدا سەری گرت، تۆ شتێکی ئاوات گوت: ((ئەڵبەت ئەو کچەش وەکوو دیکەی کچە یەهوودییەکانی پراگ کراسێکی دلڕفێنی لە بەردا بووە و دیارە تۆش بە بێ بیر لێکردنەوە هاتیتە سەر ئەو قەناعەتەی کە زەماوەندی لە گەڵدا بکەی، ئەویش بە زووترین کات، هەر لەم هەفتەیەدا، سبەینێ یان تەنانەت هەر ئەمڕۆ، من سەرم لە کاری تۆ دەر ناچێ، تۆ کوڕێکی باڵق و پێگەیشتووی، لە ناو شاردا دەژی، کەچی چارەیەك نابینی جگە لەوەی بە زوویی و لە گەڵ هەر

کەسێکدا بوو زەماوەند بکەیت، ئەی ڕێگای دیکە براون؟ ئەگەر ترس و خۆفێکت هەیە من خۆم لە گەڵتدا دێمە ئەوێ!)). تۆ قسەی لەوە زۆرترت کرد بەڵام من هەموویانم لە بیر نەماون، وابزانم لەو کاتەدا سەرم گێژی خوارد بەڵام زۆرتر سەرنجم لای دایکم بوو کە هەر چەند ڕای لە سەر ڕای تۆ بوو، چۆن شتێکی لە سەر مێزەکە هەڵگرت و لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە. تۆ هیچکاتێك تا ئەو ڕادەیە بە قسەکانت ئاوا سووکایەتیت پێ نەکردبووم و قەد بەو ڕاشکاوییە ئاوا بێ حورمەت سەیرت نەکردبووم. (٢٠) ساڵ لەوەو پێش کاتێ چەند قسەیەکی ئاوەهات بە ڕوودا تەقاندمەوە، لە چاوەکانتدا تۆزقاڵێك ڕێز و حورمەت بۆ ئەو تازە لاوە شارنشینە دەبینرا، تازە لاوێك کە بە بۆچوونی تۆ دەکرا یەکڕاست بهێنرێتە ناو شەقامی - ژیان - ەوە. بەڵام ئاوا قسەیەك لەم ڕۆژەدا تەنیا ئەوەندەیە کە ببێتە هۆی زەقتر بوونەوەی بێ حورمەتی و سووکایەتی پێکردن چوونکە ئەو لاوەی کە ئەو کاتانە هەستابوویە سەر پێ، ئێستە وشك هەڵاتووە و بە ڕای تۆ هیچ ئەزموونێکی وەر نەگرتووە بەڵکوو ٢٠ ساڵ داماوتر بووە و بەس!.

هەڵوێستی من بۆ ژن هێنان لای تۆ هیچ مەعنایەکی نەبوو. تۆ هەمیشە هێز و توانای هەڵوێست وەر گرتنی منت سەر کوێر دەکردەوە بە بێ ئەوەی خۆت پێی بزانیت و ئێستاش هەر بە هەمان

شێوە پێت وابوو کە هیچ نرخ و بایەخێکی نییە. تۆ لە دیکەی هەوڵەکانم بۆ ڕزگار بوونم بێ ئاگا بوویت هەر بۆیەش نەتدەتوانی لەو بیرۆکانەی کە هانیان دەدام بۆ ئەم ژن هێنانەم سەر دەر بێنیت و دەبوو هەر تەنیا پشت بە بۆچوونی خۆت ببەستیت و بۆچوونەکانیشت هەر وەك داوەرییەکانت دەر هەق بە من کیناوی ترین و بێ بەزەییانەترین و گاڵتەجاڕیترین مۆرکیان بە خۆوە دەگرت و تۆش لە ئاشکرا کردنی ئەو ڕا و بۆچوونانەی خۆت هەر بەو شێوە ناوازەیە تەنانەت بۆ ساتێکیش نەدەوەستایت. تۆ وات بیر دەکردەوە کە سووکایەتییەك کە تۆ بەو کارانەت بە منت دەکرد لە بەرامبەر ئەو سووکایەتییەی کە گوایە من بەو ژن هێنانەم بە ناو و ناوبانگی تۆم دەکرد هەر هیچ نەبوو. بێ گومان تۆش سەبارەت بە هەوڵەکانم بۆ ژن هێنان قسەت هەیە و لە هەندێ کات و ساتیشدا دەرت بڕیون. پاش ئەوەی کە دوو جار دەزگیرانیی خۆم لە گەڵ ((ف))دا تێکدا و دەستم پێکردەوە، دوای ئەوەی کە بە بێهوودە تۆ و دایکمم کێشانە بەرلێن بۆ باسی دەزگیراندارییم و چەند شتێکی تری ئەوتۆ، چیتر نەتدەتوانی ڕێز لە هەڵوێستەکانم بگریت، ئەمانە هەموو ڕاستن بەڵام ئەی هۆکارەکەی چی بوو؟، هۆکاری سەرەکیی هەڵوێستی هەر دووجارم بۆ ژن هێنان دروست بوو: پێکەوە نانی خێزان و وەدەست هێنانی ئازادی و سەر بەخۆیی. ئەمە ئەو بیرۆکەیە بوو کە تۆ خۆت خوازیاری

بوویت، تەنیا بە جیاوازییەکەوە لە کاتی دەست پێکردندا گۆڕا و هەر وەکوو یارییەکی مندالانەی لێهات. وەکوو ئەوەی کەسێك دەستی کەسێکی تر بگرێت و تەنانەت توندیش بیگوشێت و ئینجا پێیشی بڵێت: ((بڕۆ... دەبڕۆ... بۆ ناڕۆیت؟))! ئەڵبەت کێشەکەی ئێمە لەو ڕووەوە ئاڵۆزتر ببوو کە تۆ هەر لە سەرەتاکانەوە ڕستەی ناوازەی ((دەبڕۆ))ت لە قووڵایی دڵەوە بە من گوتبوو، چوونکە هەر لەو کاتانەوە بە بێ ئەوەی خۆت پێ بزانی، تەنیا بە هێزی هەبوونی خۆت منت هێشتبۆوە یان باشترە بڵێم منت لە ژێر چەپۆکی خۆتدا هێشتبۆوە. هەرچەند بە ڕێکەوت، بەڵام ئەو دوو کچەم زۆر دروست و بە جێ هەڵبژاردبوون. ئەمەش نیشانەیەکی ترە لە خراپ تێگەیشتنی لە ڕادەبەدەری تۆ کە وادەزانی منی ترسنۆك و دوودڵ، هەر تەنیا دڵم لە کراسێکی ناسك چووە بۆیە دەمەوێ ژن بهێنم! لە ڕاستیدا ئەم ژن هێنانەی من هەر دوو جارەکە دەیانتوانی شتێکی ژیرانە و ئەقڵ پەسەند بن چوونکە لە بارەی ئەوەی پێشوویانەوە ساڵەها و بۆ ئەمەی دواییش چەندین مانگ هەموو بیر و زەینی خۆم بە ڕۆژ و بە شەو بۆ تەرخان کردبوون و هەموو لایەن و بوارەکانم تاوتوێ کردبوون. هیچکام لەو دوو کچە منیان هیوا بڕاو نەکرد بەڵکوو ئەوە من بووم کە بوومە هۆی دڵ شکاندن و نائومێدیی ئەوان، من هێشتاش ڕاو بۆچوونم لە سەر ئەوان نەگۆڕاوە. وایش نییە کە لە کاتی دووەمین

هەڵوێستمدا بۆ ژن هێنان ئەزموونەکانی جاری یەکەمم لەبەر چاو نەگرتبێتن، واتە تووشی سووکەسەری بووبێتم. ئەم دوو هەڵوێستە لێك جیا بوون و بە ڕاستیش ئەزموونەکانی ڕابردوو دەیانتوانی هیوا بەخش بن بۆ ئەم جاری دووەمە کە بۆ خۆیشم چاوەڕوانی سەر کەوتنم تێدا دەکرد. نامەوێ بچمە سەر شتە بچووکەکان بەڵام ئەی بۆچی ژنم نەهێنا؟ لێرەشدا هەر وەکوو شتەکانی تر هەندێ کۆسپ و تەگەرەم لە ڕێدا بوو، خۆ ژیانیش جگە لە لابردنی ئەو چەشنە کۆسپ و ئاستەنگە هیچیتر نییە. گەورەترین کۆسپێك کە بە داخەوە هیچ پێوەندییەکی لە گەڵ هیچکەس و هیچ شتێکی تایبەتدا نییە، ناتەوانیی بواری دەروونیی منە بۆ ژن هێنان کە بەم شێوەیە خۆی دەنوێنێ: لەو کاتەوە دەکەومە بیری ژن هێنان ئیتر خەوم نامێنێ، شەو و ڕۆژ سەرم گێژ دەخوات، ژیانم تێك دەچێت و بە نائومێدی بەملا و لادا دەسووڕێمەوە.لە ڕاستیدا هۆی سەر هەڵدانی ئاوا حاڵەتێك نیگەرانی و دڵەڕاوکێی تایبەتی نییە، ئەڵبەت بە پێی خەمۆکی و دوودڵیی لە ڕادەبەدەری من زۆر دڵەڕاوکێی تر دێنە پێش بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نابێت، هەرچەند کە هەر ئەم دڵەڕاوکێیانە لە کرمێك دەچن کە لاشەی بێ گیان دەخۆن و ئەنجن ئەنجنی دەکەن بەڵام چەند هۆکارێکی دیکە لەم حاڵەتەدا دەوری کاریگەریان هەیە: گوشاری هەمیشەیی ترس و لاوازی و خۆ بە کەم زانین، دەمەوێ

شتەکە زۆرتر شی بکەمەوە، لە مەسەلەی هەڵوێستی مندا بۆ ژن هێنان دوو خاڵی دژ بەیەك بە گوشارێکی زۆرەوە لە پێوەندیی من و تۆدا پێکەوە کۆ دەبنەوە. ژن هێنان، بێ شك هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕزگار بوون و سەر بەستی. بەم شێوەیەماڵێکم پێکەوە دەنا. واتە گەورەترین شت کە بە ڕای من هەر تاکە کەسێك دەتوانێ وە دەستی بهێنێت، هەر واش گەورەترین شتێك کە تۆش وە دەستت هێنابوو، ئەو کاتە لە گەڵ تۆدا هاو سەنگ دەبووم و هەموو ئەو شەرمەزاری و ئەمر کردنە کۆن و لە هەمان حاڵیشدا هەمیشە نوێیانەی کە هەر نەدەبڕانەوە دەدرانە دەستی ڕابردووەوە و بە سەر دەچوون. هەر چەند ئەمەش ئاواتێکی خەیاڵاوییە، هەر بۆیەش جێی شك و گومانە. ئەمە زۆر زۆرە، گەیشتن بەو هەموو ئاواتە هەر ناکرێ، وەك ئەوەیە کابرایەك لە زیندانا بێت و نەك هەر بیەوێ لە زیندان هەڵ بێت ( کە ئەمەیان لەوانەیە بکرێت) بەڵکوو بیەوێت هەر لەو کاتەشدا زیندان بکاتە سەیرانگەیەك بۆ خۆشی و ڕابواردنی خۆی! خۆ ئاشکرایە گەر هات و هەڵات، ئەوە ناتوانێ زیندانەکە بگۆڕێت و گەر خەریکی گۆڕینی زیندانیش بوو، ئەوە ناتوانێ هەڵێ. گەر بمەوێت لە ناوئەو پێوەندیە شوومەی کەلە گەڵ تۆدا هەمە رزگاربیم دەبێ کارێك بکەم کەتابکرێ هیچ پێوەندییەکی بە تۆوە نەبێت، گەرچی ژن هێنان گەورەترینی ئەو کارانە و بەرێزترین نەوعی سەربەستیە بەڵام خۆی لە خۆیدا

پێوەندییەکی زۆری بە تۆوە هەیە بەم پێیەش هەڵبژاردنی ئاوا ڕێگایەك نیشانەیەکی لە شێتی تێدایە و هەر هەوڵێکی ئاواش سزایەکی بە دواوەیە. لە لایەکیشەوە هەر ئەم پێوەندییە نزیکەی لەگەڵ تۆدایە کە هانی من دەدا بۆ ژن هێنان. من ئەو هاوسەنگییەی کە بەم شێوەیە لە نێوان ئێمەدا پێك دێت وتۆش زۆرتر لە هەموو کەس لێی دەگەیت لەو ڕووەوە جوان و دڵگیر دەبینم کە ئەو کاتە دەتوانم کوڕێکی سەربەست و شوکرانە بژێر و بێ تاوان و ڕاستگۆبم و تۆش باوکێك بیت کەمتر خەمگین و خۆ بە زل زان و خاوەن هەست و ڕازی بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەرچی تا ئێستە رویداوە لە نێو بچێت واتە بە سەر ئێمەشدا خەتی نەمان بکێشرێت. بەڵام بە هۆی ئەو وەزع و بارەی نێوان ئێمە، دەرکی ژن هێنان لەرووی من داخراوە چوونکە ژن هێنان لە هەرێمی دەسەڵات و زانیاری تۆدا ماوەتەوە. هەندێ جار نەخشەی گۆی زەوی دێنمە بەر چاوی خۆم و هەست دەکەم تۆ بە هەموو جەستەتەوە بە سەریدا کەوتویت، ئەو کاتە وابیر دەکەمەوە کەهەر تەنیا لە شوێنێکدا دەتوانم بژیم کە یان جەستەت داینەپۆشیبێت و یا زۆر لە تۆوە دوور بێت، ئەم شوێنانەش بە سەرنج دان بەوەی کە من ئەوەندە تۆ مەزن و گەورە دەبینم، هێندە زۆر یا نزیك و جێی ئومێد نین و بە تایبەتیش کە ژن هێنان بەشێك نیە لەو شوێن و ناوچە ئازادانەی دوور لە تۆ. ئەم هەڵسەنگاندنە دەیسەلمێنێ

کە بە هیچ نەوعێك نامەوێ تۆ بەو ڕێنوێنییەی کەلەم بارەوە بۆ منت دارشت و بوویتە هۆی ئەوەیش تا لەژن هێنانیش وەکوو دوکان رق هەڵبگرم تۆمەتبار بکەم بەڵکوو لەگەڵ ئەو هەموو شتە هاوبەشانەدا کە هەبوون هەر بە پێچەوانەی ئەو مەسەلەیە بیرم کردۆتەوە، ژن و مێردایەتی تۆ و دایکم لە زۆر بواردا بە لامەوە ژن و مێردایەتی نموونە بووە، نموونەیەك لە وەفاداری، یاریدەی یەکتری دان و منداڵ بە خێو کردن تەنانەت کاتێ ئەو هەموو منداڵەش پێگەیشتن و ئەو هەرێمە هێمنەی ئێوەیان ئاڵۆز کرد ئەو ژن و مێردایەتیەی ئێوە هەر وەکوو خۆی مایەوە. لەوانەیە هەر ئەو نمونەیەش بووبێتە هۆی ئەوەی کە بۆ ژن هێنان مەعنا و واتایەکی بەرز و بەڕێز قایل بم. بەڵام ئەمەی کە خواستی ژن هێنان لە مندا زۆر لاواز بوو چەند هۆیەکی دیکەی هەبوون کە گرنگترینیان پێوەندیی تۆ بوو لەگەڵ منداڵەکانتدا، پێوەندییەك کە بۆتە بابەتی سەرەکیی هەموو ئەم نامە دوور و درێژە. بۆچوونێك هەیە دەڵێت: (( هۆی ترس لە ژن هێنان هەندێ جار ئەویە کە پیاو لەوە دەترسێ کە لە پاشە ڕۆژدا هەمان بەڵای بە سەردا بهێنن کە خۆی کاتی منداڵی بەسەر باوك و دایکیدا هێناونی)). بەڵام وابزانم ئەو قسەیە لە بارەی منەوە ڕاست دەر نەچێت چوونکە هەستی تاوانباری لە مندا، لە ڕاستیدا لە تۆوە سەر چاوە دەگرێت و بە ڕادەیەکیشە کە دووبارە کردنەوەی لە بیر و بڕوایشدا ناگونجێت و

هەر ئەو بێ وێنە بوونەشی بۆتە بەشێك لە وجوودی پڕ ئازارم. لە گەڵ ئەوەشدا دەبێ بڵێم من بۆ خۆم قەد نەمدەتوانی باری قورسی ئاوەها کوڕێکی لاڵ و گێژ و لاواز هەڵبگرم و بێشك گەر بهاتبا و چارەیەکی دیکەم نەبایە، لە دەستی هەڵدەهاتم و لێی دوور دەکەوتمەوە، ئەمەش هەمان ئەو کارەیە کە تۆ بەم دواییانە و پاش هاتنە گۆڕێی باسی ژن هێنانی من دەتویست بیکەیت. لەوانەیە هەر ئەم مەسەلەیەش کاریگەریی خۆی هەبووبێت لە ناتەوانیی مندا بۆ ژن هێنان، بەڵام گرینگتر لەوە ترسێکە کە من بۆ خۆم هەمە و واتاکەشی ئەوەیە: پێشتریش ئاماژەم پێکرد کە لە نووسینەکانمدا هەندێ هەوڵی سەر پێیانە و ناکاریگەرم داوە بۆ دوور کەوتنەوە لە تۆ و وەدەست هێنانی سەربەستی بەڵام ئەو هەوڵانە چیتر کاریگەر نابن و بەڵگەی زۆریش هەن بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، لە گەڵ ئەوەشدا بە ئەرکی سەر شانی خۆم دەزانم، یان باشترە بڵێم مەعنای ژیانی خۆم لەوەدا دەبینم کە ئەو نووسینانەم بپارێزم و نەهێڵم هیچ مەترسییەك ڕوویان تێبکات. ژن هێنانیش هەلێکە بۆ سەر هەڵدانی ئاوەها مەترسییەك، گەرچی هەلێکیشە بۆ پارێزگاری کردن بەڵام هەر ئەوەندە کە دەتوانێ هەلێك بێت بۆ مەترسی، خۆی هەموو شتێکە. باشە ئەگەر ژن هێنان بە ڕاستی دەبوویە ئاوەها مەترسییەك، ئەوکاتە من دەبا چیم بکردبا؟ چۆن دەمتوانی ژن بهێنم و لە گەڵ هەست پێکردنی ئاوا مەترسییەك

کە گەرچی سەلماندنی ئاستەمە بەڵام ناشکرێ بە هەند نەگیرێ، ڕۆژگار بەرمە سەر؟ هەرچەندە جار و باریش دەبا چاو پۆشی بکەم. مەسەلی (ئەو چۆلەکەیە کە لە ناو دەستدایە و ئەو کۆترەی کە بە سەر بانەوەیە) بۆ ئەم حاڵەتە ڕاست دەر ناچێت، چوونکە من هیچ شتێکم لە دەسدا نییە و هەموو شتێك لەو سەر بانەوەیە. بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا هەر دەبێ - واتە وەزعی توانا و زەروورەتی ژیان ناچاری دەکردم - کە ((هیچ)) هەڵبژێرم. ناچار بووم کار و پیشەکەیشم هەر بەو شێوەیە هەڵبژێرم. بەڵام گەورەترین ئاستەنگی ژن هێنانی من ئەو بڕوا پتەوەیە کە بۆ پێکەوەنان و پاراستنی بنەماڵە و بەتایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی، هەموو ئەو سیفەتانەی کە لە تۆدا بەدیم کردوون پێویستن واتە هەموو تایبەتمەندییەکانی تۆ بە بێ کەم و زیاد: چاکە و خراپە هەر بەو جۆرەی کە لە تۆدا هەبوون، بە هێزی و گاڵتە کردن بە دیتران، تەندروستی و زیادەڕۆیی سنوور دار لەو ئیش و کارانەدا، توانای قسەکردن و بێ کیفایەتی، بڕوا بە خۆ بوون و نارەزایی لە دیتران، زاڵ بوونی تەواو و خۆ بە زل زانین، ناسینی مرۆڤەکان و دوودڵ بوون لە زۆربەیان و چەندین سیفەتی دیکەی بێ کەم و زیاد وەکوو جیدییەت، خۆڕاگری، زەینی باش و لێهاتوویی. گەر بمانەوێ هەڵی سەنگێنین ئەوا هیچ لەو سیفەتانە لە مندا نەبوون یان ئەگەر بیشبوونایە بە ڕادەیەکی زۆر کەم بوون. بەم حاڵەوە چۆن

دەمتوانی بیر لە ژن هێنان بکەمەوە، ئەویش لە حاڵێکدا کە دەمدیت تەنانەت تۆش لە ژیانی هاوبەشدا لە گەڵ چەندین گیر و گرفتدا ڕووبەڕوو دەبیتەوە و لە پەیوەندی لە گەڵ منداڵەکاندا کیفایەتی پێویستت نییە! ئاشکرایە قەد ئەم مەسەلەیەم بە ڕاشکاوی لێك نەداوەتەوە و بە دوای وەڵامێکی ڕاستەوخۆدا نەگەڕاوم دەنا بیر لێکردنەوەیەکی ئاسایی مەسەلەکەی حەل دەکرد و پیاوانێکی دیکەی وەك نموونە پێ دەناساندم کە لە گەڵ تۆدا جیاواز بن.( یەکێك لەو پیاوانە کە لە گەڵ تۆدا جیاوازیی هەبوو خاڵە( ریچارد لۆیی) بوو، ئەوانەش ژنیان هێناوە و ماڵ و ژیانی هاوبەشیان پێکەوە ناوە بەڵام لە ژێر بارەکەیدا تێك نەشکاون، ئەمە خۆی قسەیەکی زۆر هەڵدەگرێت و بۆ منیش وەکوو نموونەیەك بەستە. بەڵام من ئەو بابەتەم نەخستە بەر باس بەڵکوو هەر لە منداڵیمەوە وەکوو ئەزموون وەرم گرت. من نەك هەر تەنیا لە بواری ژن هێناندا، بەڵکوو لە بەرانبەری هەموو شتێکی بچووك و بێ بایەخیشدا خۆم تاقی دەکردەوە، تۆش هەر هەمیشەو بۆ هەر بابەتێکی بچووك، بەو شێوازە تایبەتییەی خۆت بۆ ڕاهێنان، ـ هەروا کە هەوڵم داوە شیی بکەمەوە ـ منت بەوە قایل دەکرد کە گوایە هیچ لێنەهاتووم. ئێستاش ئەو شتەی کە لە بارەی هەر بابەتێکی بچووکەوە ڕاست دەر چووە و لایەنی تۆی گرتۆتەوە دەبێ لە بواری گەورەترین مەسەلەشدا واتە ژن هێنان بە بێ کەم و

زیاد ڕاست دەر بچێت. تا پێش دەست پێکردنی مەسەلەی ژن هێنانم، وەکوو بازرگانێك پەروەردە بووم کە گەرچی ڕووبەڕووی چەندین دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بۆتەوە، کەچی بە بێ هیچ حیساب و کیتابێك ژیانی دەباتە سەر. بازرگانێك کە جاروبار سوودێکی کەمی دەست دەکەوێت و هەمیشە لە مێشکیدا بەو سوودە کەمە( چوونکە دەگمەنە) یاری دەکات و بە زۆر و گەورەی پیشان دەدات لە حاڵێکدا هەموو ڕۆژێك هەر زەرەر دەکات و هیچیتر. هەموو شتێك دەنووسێتە ناو دەفتەرەکەی کەچی هیچکات حیساباتی سەریساڵی نییە، ئێستاش کاتی هەڵسەنگاندن و حیساب کردنی سوود و زیانە واتە ژن هێنان. لەو هەموو ژمارەیەی کە دەبێ حسێب بکرێن، وا دەر دەکەوێ کە هیچ کاتێك هیچ سوودێکی نەکردووە و هەرچی بووە هەر زیانێکی گەورە بووە و بەس. بەم حاڵەوە کێ دەتوانێ ژن بهێنێت و شێت نەبێت؟ ژیانم لە گەڵ تۆدا تا ئەم کاتەش بەو شێوەیە تێپەڕ بووە و ئاوەها هیوا و ئومێدێکیشی بۆ داهاتووی لە بەردەمدایە. ئەنجا دەتوانی بە لە بەر چاو گرتنی هۆی ئەو ترسەی کە من لە تۆم هەیە لە وەڵامدا بڵێی: (( تۆ دەڵێی کە من بەو تاوانەی کە ڕووبەڕووی تۆی دەکەمەوە دەمەوێ پاساوێك بۆ ئەم پەیوەندییەمان بدۆزمەوە و ئەرکی خۆم سووکتر بکەم بەڵام من پێموایە کە تۆ لە گەڵ ئەو تەقەلا ڕواڵەتییەشدا نەك هەر ئیش و کارەکەت ئاستەمتر ناکەیت بەڵکوو

وەزع و بارەکەش بە سوودی خۆت دەگۆڕیت. تۆش هەر لە سەرەتاوە خۆت لە هەر چەشنە خەتا و لێپرسراوییەك بەری دەزانیت، شێوازی ئێمە لەم بارەیەوە وەکوو یەکترییە. بەڵام هەر لە هەمان کاتدا کە من ڕاشکاوانە - وەك چۆن دەخوازم - خەتاکە بە تەنیا دەخەمە ئەستۆی تۆ، تۆ دەتەوێ زۆر زیرەکانە و نەرمەبڕانە منیش لە هەر چەشنە خەتا و تاوانێك بەری بکەیت. دیارە هەر تەنیا بە ڕواڵەت لەم کارەدا سەر دەکەویت ( کە لەوەش زیاتر شتێکی دیکەت ناوێ). لە نێوان ئەو دێڕانەی کە نووسیوتن بە پێی هەموو ئەو دەستەواژەیەی وەك کەسایەتی و سرشت و دژایەتی و تەوەزەلی، وا دەر دەکەوێ کە لە ڕاستیدا من هێرشبەر بووم، لە حاڵێکدا هەموو کار و کردەوەکانی تۆ بێجگە لە پارێزگاری کردن لە خۆت هیچیتر نەبوونە. بەم چەشنە بە درۆ هەڵبەستن بەوە گەیشتوویت کە ویستووتە، چوونکە سێ شتت سەلماندووە: یەکەم ئەوەی کە تۆ بێ تاوانی، دووەم ئەوەی کە من تاوانبارم و سێیەمیش ئەوەیە کە بەو پەڕی گەورەییەوە نەك هەر ئامادەی کە لە من ببووری بەڵکوو تەنانەت بیسەلمێنیت و خۆیشت بڕوا بکەی کە منیش - ئەڵبەت بە پێچەوانەوە- بێ تاوانم. دەکرا هەر ئەوەندەت بەست بێت کەچی هێشتا هەر کەمە! لە ڕاستیدا تۆ دەتەوێ لە ژیاندا سەرباری من بیت. ڕاستە ئێمە پێکەوە لە شەڕداین، بەڵام دوو جۆر شەڕ هەیە، شەڕی جوامێرانە کە تێیدا هێزەکانی دوو

بەرەی دژ بەیەك پشت بە خۆ دەبەستن و پێکەوە بە شەڕ دێن، هەر کام بۆ خۆیەتی و هەر لایەنە و بە تەنیا خۆی دەیباتەوە یان دەیدۆڕێنێ. ئەویتریش شەڕی جرو جانەوەرە کە تێیدا نەك هەر چز لێکتر دەدەن بەڵکوو لە هەمان حاڵدا بۆ پاراستنی گیانی خۆیان خوێنی ئەویتر دەمژن، ئەوەش کردەوەی سەربازێکی کارامە و ڕاستەقینەیە کە تۆیت. تۆ لە ژیانتدا مرۆڤێکی تەمبەڵیت، بەڵام بۆ ئەوەی کە بتوانی ژیانێکی ئاسوودە و بێ دەردیسەر وبێ پەژیوانیت هەبێت بانگەشەی ئەوە دەکەی کە گوایە من هێزی کار و چالاکیی تۆم ڕفاندووە و لە گیرفانی خۆمدا شاردوومەتەوە. تۆ چ غەمێکت هەیە کە لە ژیاندا تەمبەڵیت، ئەوە منم کە لێپرسراوم، تۆ بەو پەڕی هێمنییەوە قاچت ڕا دەکێشی تا من بۆ هەموو بوارێك بە شوێنی خۆمدا بتکێشم. ئەمەش نموونەیەك: کاتێ لەم دواییانەدا دەتویست ژن بهێنی، لە هەمان حاڵدا وەك لەم نامەیەشدا دەڵێی حەزت دەکرد سەر بۆ ئەو کارە دانەنەوێنی، کەچی دەتویست بۆ ئەوەی هیچ گوشارێك نەخەیتە سەر خۆت، من لە کارەکەت پەژیوانت بکەمەوە و بە بیانووی ئەوەی کە ئەم ژن هێنانەت سووکایەتی کردنە بە ناوبانگی من، هانی پەژیوان بوونەوەت بدەم. بەڵام من هەر بیریشم لەوە نەکردەوە، چوونکە، یەکەم نەمدەویست لەم بارەشەوە وەکوو دیکەی بوارەکان ببمە بەر هەڵستکاری بەختەوەریت دووەمیش قەد نامەوێ

لە لایەن کوڕەکەمەوە لە سەر ئاوەها کردەوەیەك سەر کۆنە بکرێم. بەڵام ئایا ئەوەی کە خۆم قایل کرد بەوەی کە بهێڵم تۆ لە ژن هێناندا سەربەست بیت هیچ سوودێکی بۆ خۆم تێدا بوو؟ نا...! دژایەتیی من لە گەڵ ژن هێنانی تۆدا نەیدەتوانی بەرگری لەو کارە بکات بەڵکوو زۆرتریش هانی تۆی دەدا کە ئەو کچە بخوازیت، چوونکە بەو چەشنە - هەولی هەلاتن - وەك خۆت دەڵێی دەگەیشتە لووتکە. هەر وەها ڕازی بوونیشم لە سەری هەر کۆتایی بە سەرکۆنە کردنەکانی تۆ نەدەهێنا چوونکە تۆ بڕوات وایە ڕێك نەکەوتنی ئەم کارە هەر چۆنێك بێت خەتای من بووە. لە ڕاستیدا تۆ چ لەم بوارەوە و چ لە بوارەکانی دیکەشدا هیچت نەسەلماندووە بێجگە لەوەی کە هەموو سەرکۆنە کردنەکانی من بە جێ بوون و ئەوەش کە سەرزەنشتێکی هەرەبەجێ و ئاشکرام لەبیر چووە کە ئەویش بۆ نەبوونی ڕاستگۆیی، ماستاوچییەتی و هەستی کرم ئاسایە و گەر بە هەڵەشدا نەچووبم ئێستاش بە نووسینی ئەم نامەیە هەر دەتەوێ ببیتە کرمێك لە ژیانی مندا)) منیش لە وەڵامدا دەڵێم: هەموو ئەو قسانە کە تا ڕادەیەکیش ڕووبەڕووی خۆت دەبنەوە هی منن نەك تۆ. بێ بڕوایی تۆ بە دیتران هەرگیز هێندەی بێ بڕوایی من بۆ خۆم زەق نییە کە ئەویش هەر تۆ لە ناخمدا چاندووتە. نایشارمەوە کە ئەو قسانە کە خۆیان لە خۆیاندا نۆرتر تایبەتمەندیی پێوەندیی ئێمە پیشان دەدەن تا ڕادەیەکیش بە

جێن. دیارە کە ئەو شتانە لە حاڵەتی واقیعدا هەرگیز وەك ئەو هۆکارانەی کە لە نامەکەمدا هێناومن پێکەوە ناگونجێن. ژیان شتێکە جیا لەو یارییەی کە تاقەتێکی زۆری بوێت، بەڵام من بڕوام وایە بە هۆی پێداچوونەوەیەك بە یاریدەی ئەم قسانە - پێداچوونەوەیەك کە نە دەتوانم و نەش دەمەوێت بڕۆمە ناخییەوە - تا ڕادەیەکی زۆر دەکرێ نزیکی واقیع و ڕاستی ببێتەوە، ئەوەش شتێکە کە دەتوانێ تۆزێك هێمنی بە هەردووکمان ببەخشێت و ژیان و مەرگیشمان ئاسانتر بکاتەوە.

فرانتس

## ساڵ ژمێری ژیانی فرانتس کافکا:

- ٣ی ئابی ساڵی ١٨٨٣ لە پراگ دا لە دایك بوو، باوکی، (هیرمان کافکا) بازرگان و دایکی ناوی (ژولی لۆڤی) بوو.

- ساڵی ١٨٨٩ ڕۆیشتە قوتابخانە و تا ١٩٠١ هەر لە پراگ دا خوێندی و هەر لەو ساڵەدا ڕۆیشتە زانکۆی ئەڵمانیی پراگ، سەرەتا لە بەشی ئەدەبیاتی ئەڵمانی و دواتریش لە بەشی قانون دا درێژەی بە خوێندن دا.

- ساڵی ١٩٠٢ لە گەڵ - ماکس برۆد - دا ئاشنا بوو.

- ١٩٠٦ دکتۆرای لە بەشی قانوندا وەرگرت.

- ١٩٠٧ (ئامادە کردنی زەماوەند لە دێدا) و( باسی شەڕێك)ی نووسی لە گەڵ چەند نووسراوی دیکەدا کە هەموویان لە نێو چوون.

- ١٩٠٨ لە دایرە(بیمە)ی ڕووداوەکانی کرێکاراندا دامەزرا و تا ئابی ١٩٢٢ کاری کرد و لەو ماوەیەشدا هەشت بەشی لە کۆمەڵەی (باسی شەڕێك)ی لە گۆڤاریHyperion دا بڵاو کردەوە.

- ١٩١٠ دەستی کردە نووسینەوەی دەفتەری بیرەوەرییە ڕۆژانەکانی و بووە هاوکاری دەستەی شانۆی یەهوودییەکان.

- ١٩١١ لە یانەی حەوانەوەی( ئیرلەن باخ ) لە زوریخ دا نیشتەجێ بوو.

_ ١٩١٢ سەرەتای چیرۆکی( ئەمریکا )ی دەست پێکرد و (داوەری) و ( مەسخ )ی نووسین و لە گەڵ ( فێلیس باوێر)دا یەکتریان ناسی.

_ ١٩١٣ بەرهەمی ( بینینەکان )ی بڵاو کردەوە، سەردانی فێلیس باوێری کرد لە بەرلین، دەستی کردە باخەوانی لە (تیرۆیا)ی نزیک پراگ، دیسانەوە سەردانی فێلیس باوێری کرد و دەستی کردە نووسینی نۆڤلێتی( مەحکەمە) و (دەستەی تاوانباران) و دوایین بەشی نۆڤلێتی ئەمریکای نووسی کە شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد.

_ ١٩١٥ دیسانەوە چاوی بە فێلیس باوێر کەوت، خەڵاتی (فۆنتان)ی وەر گرت و مەسخی بڵاو کردەوە.

_ ١٩١٦ لە گەڵ فێلیس باوێر دا سەفەری ( ماریەن باد)ی کرد، چیرۆکی (داوەری)ی بڵاو کردەوە و چەند کورتە چیرۆکی تریشی لە کۆمەڵە چیرۆکی (دکتۆری دێ)ی بڵاو کردنەوە و درێژەی چیرۆکەکانی ئەو کۆمەڵەیەی دەست پێکرد، دیسانەوە لە گەڵ فێلیس باوێر دا بوونە دەزگیران، بۆی دەرکەوت کە تووشی نەخۆشیی - سیل - ی ریخۆڵە بووە، لە مانگی کانونی یەکەم دا بۆ جاری دووەم دەستی لە دەزگیرانەکەی هەڵ گرت، چەند سەفەرێکی کورتی کرد و لە گەڵ (ژۆلی ڤۆری چێك)دا ئاشنا بوو.

ـ ١٩١٩ ( دەستەی تاوانباران) و هەروەها کۆمەڵە چیرۆکی (دکتۆری دێ)ی بڵاو کردنەوە،( ژوڵی ڤۆری چێك)ی بە دەزگیران گرت، ئەم نامەیەی لە مانگی تشرینی دووەمدا بۆ باوکی نووسی.

ـ ١٩٢٠ کۆمەڵە چیرۆکی(ئەو)ی نووسی، لە گەڵ ( مێلینا یەزێنشکا) لە ڤیەن دا ئاشنا بوو و دەستی کردە نامە گۆڕینەوە لە گەڵیدا[1]، لە دەزگیرانەکەی دووەمی دەستی کێشا و چیرۆکەکانی: ( پوزوئیدۆن) و ( شەوەکان) و (دەربارەی یاسا) و( چەرخ و فەلەك) وچەند چیرۆکێکی دیکەی نووسین، لە گەڵ ( رۆبێرت کلۆپ ئەشتۆك)دا ئاشنا بوو.

ـ ١٩٢١ چیرۆکی ( ڕەنجی یەکەمین)ی نووسی.

ـ١٩٢٢ چیرۆکی (کۆشك)ی درێژە پێدا و هەروەها (هونەرمەندیبرسێتی) و (بە دوادا گەڕانەکان) و (سەگێك)ی نووسین، لە گەڵ ( دۆرا دیامانت) لە بەرلین ئاشنا بوو، چیرۆکی (ژنێکی بچووك) و(بەنا)ی نووسی.

---

[1] سەرجەم ئەو نامانەی کە ئاماژەیان پێ کرا، کۆ کراونەتەوەو لە لایەن (سیاوەش جەمادی)یەوە وەرگێڕدراونەتە سەرزمانی فارسی و لە دووتۆی کتێبێکدا بەناونیشانی (نامەگەلێك بۆ میلێنا) لەساڵی ١٣٧٨ (١٩٩٩)و لە ڕێگەی ناوەندی بڵاوکردنەوەی (نشر شادگان)ەوە چاپ و بڵاو کراونەتەوە. وەرگێڕ

- ١٩٢٤ ( ژۆزفینی گۆرانی بێژ)ی نووسی، لە گەڵ دۆرادیامانت و رۆبێرت کلۆپ ئەشتۆک دا لە یانەی حەوانەوەی (کیر لینگ)دا نیشتەجێ بوون.

- رۆژی ٣ی مانگی حوزەیرانی ١٩٢٤ لە یانەی کیرلینگ دا کۆچی دوایی کرد و رۆژی ١١ی هەمان مانگ لە پراگ دا بە خاک سپێردرا، بەر لە مردنیش کۆمەڵە چیرۆکی (هونەر مەندی برسێتی)ی بڵاو کردەوە کە چوار چیرۆکی لە خۆی گرتووە.

کۆتایـــــــــــــــــی .

## سوپاس و پێزانین

لە ناخی هەستمەوە خۆشەویستیی خۆم بەرامبەر هاوکاریی برایانەی دۆستی زێدە بەڕێزم کاک ( دیاری حسێن بەگ) دەردەبڕم کە ئەم بەرهەمەی لە فەرامۆشخانەی غەریبستانی دەستنووسەکانمدا ڕزگار کرد.

سوپاس و ڕێزیشم بۆ کوڕی خۆشەویستم (ئەدهەم عەباسی) کە خۆی لە گەڵ پیت چنین و دەرهێنانی هونەریی بەرگی ئەم بەرهەمەدا ماندووکرد.

جەلیل عەباسی